تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

زمارە
- ٢ -
خولی
دووەم
ئابی
١٩٧٩

نووسەری کورد

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي



گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

٢٢ شباط ١٩٨٧

نووسەری کورد

گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد

ژمارە (٢) ، خولی دووەم ، ئـابي ١٩٧٩

سەرۆکی نووسین

د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

سکرتێری نووسین

موحەمەدی مەلا کەریم

بارەگـای گۆڤـار

بغـداد ـ الوزيريـة

مقـابل كليـة التربية الرياضية

مقر جمعية الثقافة الكردية

لە چاپخانەی (عەلاء) لـە بەغدا لەچاپدراوە

« الكاتب الكـــردي »

مجلة « نووسەری كورد »

مجلة اتحاد الادباء الاكراد في العراق

العدد (٢) ، الدورة الثانيـــة ، آب ١٩٧٩

رئيـــس التحريـــر

الدكتـــور عـــزالدين مصـــطفى رســـول

ســـكرتير التحريـــر

محمـــد الـــملا عبـــدالكريم

الادارة

بغـــداد - الوزيريـــة

مقابـــل كلية التربية الرياضية

مقر جمعية الثقافة الكردية

THE KURDISH WRITER

BULLETIN OF

THE UNION OF THE KURDISH WRITERS IN IRAQ

No. (2), Second Period, August 1979

Editor - in - Chief :

Dr. IZZADDEEN MUSTAFA RASOOL

Deputy Editor - in - Chief :

MUHAMMAD MULLA ABDULKAREEM

Office : Baghdad, Wazeeriyyah, Opposite College of Physical Education, Headquarters of The Kurdish Cultural Society

لەبارەی پیەسەکانمەوە

● ناظم حیکمەت ●
شوکور مستەفا
لە تورکی‌یەوە کردوویە
بە کوردی

یەکەم شانۆم لە کوێ‌و لە کەیا دیت ؟ ئەگەر قەرەگوێزیش[1] بە شانۆ لە قەڵەم بدرێ ، هەشت ساڵان بووم ، لە ئەستەمووڵ ، لە ئاهەنگی خەتەنە سوورانمدا دیتم • کێ دەڵێ پێشووتریش لە قاوەخانەی گەڕەکدا ، شەوێ لە شەوانی مانگی ڕەمەزان سەیری قەرەگوێزم نەکردبوو ؟ سەیریشم کردبێ لەبیرمنەماوە • مەدداحیشم[2] یەکەمجار هەر لە ئاهەنگی خەتەنە سوورانمدا گوێ لێبوو • ئەوەی تا ئیمڕۆ لەبیرم مابێ سێبەری ئەو دارە باریکانەیە کە لەپشت پەردەیەکی هەر هێندەی بەری دەستێکەوە قەرەگوێزو حاجی وادیان[3] دەجووڵاندەوەو بێوچان جارێ درێژو جارێ کورت دەبوونەوە •

---

(١) [قەرەگوێز = قەرەقۆز = ئەرەجۆز] : بە سێبەری ئەم بیچم‌و سەرو سیما بنیادەمە لە چەرم‌و مقەبا دروست‌کراوە دەگوترێ ، کە لەپشت پەردەیەکی سپیی ڕووناکەوە یاریی پێ دەکرێ‌و زمانی حاڵی خەڵک‌و نوێنەری بیروبڕواو ئەندێشەو ڕای مەردمە • (وەرگێڕ) •

(٢) مەدداج : شایەر •

(٣) حاجی وادیش هەر شتێکە بابەتی قەرەگوێز ، ئەمیش هەر لەپشت پەردەڕا بەرامبەر بە قەرەگوێز یاریی پێ دەکرێ • لافی زۆرزانی‌و پسپۆڕی‌و ژیری لێدەداو خۆی لە خەڵك بە بەرزترەوە دەگرێ‌و لە قسەو دەم‌ودوویدا خوێندەوارانەو فەیلەسووفانە قسان دەکا •

بەڕاستی سەیرە ، من تارماییی‌یە ڕەنگاو ڕەنگەکانی قەرەگوێزو حاجی وادی پشت پەردەوەم لەبیر نەماوە ، کەچی سێبەری ئەو دارە باریکانەم لەبیرماوە کە جارێ دەردەکەوتن‌و جارێ دەسڕانەوە • بۆچی ؟ ئایا لەبەرئەوەیە کە ئەو دارە باریکانەی بەرو تەنگەو ، شان‌و شەپێلك‌و ، دەست‌و مەچەك‌و ، سەرو کەللەی قەرە گوێزو حاجی وادیان دەجوولاندەوەو ، ئەو قەرەگوێز بازە نادیارەی کە لەپشت دارە باریکەکانەوە یاری‌یەکەی دەگێڕا ، نەك لە تەمەنی هەشت ساڵیدا ، بەڵکو ، قسە وا تێ ، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیمدا تێیان گەیشتم‌و دەرکم پێ کردن ؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ •

باشە ، ئەی لەبارەی مەدداحەوە چیم لەبیرماوە ؟ سەرو کەللەو دەم‌و چاویم بە بیر نایەنەوە • تەنانەت ئەو حەکایەتانەی دەیگێڕانەوە ، لەو لاسایی‌کردنەوانەی دەیکردنەوەش هیچ ئاسەوارێکم لەبیرنەماوە • بەڵام دەنگی تائێستاش لەگوێمدا دەزرینگێتەوە • لە تەمەنی هەشت ساڵیمەوە تا تەمەنی شەست ساڵیم گوێم لەم جۆرە دەنگە بزۆزانە بوو • دەنگ‌گەلێك ، بتەوێ‌و نەتەوێ ئیللا شتێکت پێ پەسەند دەکەن ، دەنگ‌گەلێك بۆ منەتبارکردنتان ، بۆ بە پێکەنین هێنانتان دەجوولێنەوە ••

لەوانەیە قەرەگوێزو مەدداح بە شانۆ دانەندرێن ، بەڵام ئۆپەرێت شانۆیە• یەکەم ئۆپەرێتیشم دیسان هەر لە ئەستەموول ، لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهاندا ، هەڵەم نەکردبێ ، لە ١٩١٥دا سەیرکرد • ئۆپەرێتەکە ئۆپەرێتێکی ئاوسترییایی گەڕیدە بوو ، هاتبووە ئەستەموول • سەرەك ئاکتەرەکەی میلۆڤیچ ناوێك بوو ، ئاوسترییایی بوو ؟! شتێك بوو لەم بابەتانە ، تائێستاش لەبیرمەو هەر دەڵێی لەپێش چاومە • ژنێکی دروشت‌و قەبەی شل‌و شەوێقی زۆر پەمەیی ڕەنگ ، فرە سپی ، زۆر قژکاڵ بوو • سێزدە ، چواردە ساڵان بووم ، لای ئێمە کوڕیش‌و کچیش زوو پێدەگەن • دەوڵەمەندانی شەڕ لێفەیان بە بانقەنۆتی پێنج‌سەدی بۆ میلۆڤیچ دووری ، جگەرەیان بە هەزار لیرەیی بۆ پێ‌کرد •

لەگاتێکا خەڵکی شاری ئەستەمووڵ لەو سەردەمەدا نانی ئاردی بەرە گەسکیان دەخوارد ، لاوەکان لە چوار جەبهەدا ، لە خوێنی ڕەواندا دەگەوزین‌و برسی‌و ڕووت‌و قووت بە شــەڕ دەدران • بەڵکو هـــەر سەبارەت بەمەش بێ کـە تائێستاش هەر جارێ پارچەیەکم لـــە ئۆپەرێتی چارداش بەرگوێ کـــەوێ لەلایەکەوە دەماری توورەیی‌و قیژاندن دەمگرێ‌و لەناخەوە تێروپڕ جنێودانـم دێ بە یەکێکیان‌و سەرتاپا دەبم بە یـــەك پارچە توورەیی‌و یاخی‌بوون ، لـــە لایەکی‌دیکەشـــەوە سەرو چاوم گڕدەگرێ ، نێوانی مەمکـە زۆر زلەکانـــی میلۆڤێچم ئێستاس لەپێش چاوە • تەنیا یەك جارم سـەیری میلۆڤیچ کرد لـــە چارداش ، گێژ بووم ، بەڵام تووشی دڵداری نەبووم • یەکەم دڵداریم لەگـەڵ ئەلیزا بەنەمەجیانی ئاکتەریس‌دا بوو • ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانلی ڕووخابوو • ئۆردووەکانی حوکوومـەتی ئیئتیلاف ، ئوستۆڵەکانی ئەستەمووڵیان بەجـارێ داگیرکردبوو • لە ئەنەدۆڵ ، لە هەمووولایەکـــەوە هەستان‌و راپەڕین دەسـتی پێ‌کردبوو • یەکەم شیعرم لەمێژ بوو بلاوکردبۆوە • ئەلیزا سەرەك ئاکتەریسی شانۆی (دار البدائع) بوو • هێشتا هیچ ژنێکی بە رەچەڵەك تورك پێی نەهاویشتبوە سەر شانۆی تورك • ئایینی ئیسلام نەیدەهێشت سەر شانۆ کەوێ • ئەلیزا بـە رەچەڵەك ئەرمەنی بوو •• ئەرمەنی‌یەکان بەشیان لە دامەزراندنی درامای نوێی تورك ، کۆمیدیای تورك ، ئۆپێرای تورك‌و ئۆپەرێتی تورکدا زۆر گەورەیـە • مێژووی شانۆی تورك شانازی بە ماناکیان‌و پاپازیان‌و ئەلیزا بەنەمەجیانەوە دەکا •

نازانم لە (دار البدائع) لەپێشا لە کام پیەســـدا تەماشای ئەلیزام کـرد ، لەبیرم‌نایەت • بەڵام هەر کە ئەلیزام دیت‌و نەدیت بە تیرێ پێکامی • ئەمەم زۆر چاك لەبیرە • لە سەتا سەت بە تورکیی خانمەفەندی‌یەکانی ئەستەمووڵ قسـەی دەکرد • بە عومری خۆم چاوی‌وا درشت‌و گـــەورەم نەدیتبوو ، کە قســـەی دەکرد ڕوومەتەکانی سوور سوور هەڵدەگەڕان • لووتی مەیلەو درشت بوو ، جووڵە نەرم‌و دەست‌و پەنجە ئێجگار سپی‌و ناسکەکانی هەر دەڵێی ئێستاش لە

بەرچاومن • یەکسەر لـە شانۆ وەدەرکـــەوتم • گوتم دەبێ پیەس بنووسم ، ئەملاو ئەولای ناوێ ، دەبێ پیەسێك بنووسم • مەگەر بەم بیانووەوە کەمێـــك لە نزیکترەوە بتوانم بیبینم ، بەڵکو دەستم بگوشێ • بەڵام پیەس نووسینم بـــە زەحمەتترین کاری ڕوی زەوی دەزانی •

پیەسێك دەنووسم ئینجا جوانو زەریف دەیدەمە (دار البدائع) ، لەپاشـان لە ریزی هەرە پێشەوەی هۆڵی شـــانۆدا ، نەخێر لـە لۆجی درامانووســـدا دادەنیشم ، سەیری ئەلیزا بەنەمەجیان دەکەم ، کاتێ پیەسەکـــەی خۆم یاری دەکا تەماشای دەکەم ••

دەشێ پیەسەکە بە شیعر بنووسم ، بەڵام بابەتەکەی چی بێ ؟ بێگومـان پیەسی دڵداریی یەکەم :

« لە گوێ ئاگردان » بەمجۆرە لەدایكبوو • پیاوێکی زۆر بەتەمەن ، زۆر ژیر ، زۆر چاك ، زۆر شاعیر لەسەر چیایەك دەژێ • شەوێکی بە بەفرو کرێوەی پڕتۆفو وەیشوومە • ژنێکی شۆخی گـــەنجی زۆرجوان بە هەناسەبڕکێ لە دەرکەی دەدا •

پیرەمێرد دەرکە لە ژنە دەکاتەوە ، لەبـــەر گوێ ئاگردانەکـــەی دایدەنێ • ژنە لە شتگەلێك دەترسێ • پیرەمێرد ترسەکەی دەڕەوێنێتـــەوە • دەرکەکانی دنیای ئەقڵو حیکمەتو فەلسەفەو بیرو شیعری بـــۆ دەخاتە ســەر پشتو ئەوە بە ژنــە دەسەلمێنێ کـە ئەگەر بێتو لەم دەرگایانەوە بچێتە ژوورەوە بە بەختەوەری دەگاو ئاسوودە دەبێ • شووشە بەفر بەستووەکەی پەنجەرەی ژوورەکە دەشکێو لاوێك خـــۆی بـــە ژووردا دەکا • مەڵێ ! ئـــەم لاوە ژنــە راودەنێو ژنەکە لەو تۆقیوە • پیی‌دەڵێ : یاڵلا وەدووم‌کەوە تـازە لـە دەستم ڕزگار نابی • پیرەمێرد ، بۆئـــەوەی لـــە پەنجـــەرەوە هەڵنەیەن ، دەرگایان بـۆ دەکاتەوە • هەردو گەنج ، نێرەکەیان لەدواوەو مێیەکەیـــان لە پێشەوە وەدەردەکەونو دەڕۆن •

لەوانەیە بپرسن بۆچی ئەمە یەکەم پیەسم بوو ؟ ئەوەی سەیــر بـێ ، کابرای پیرەمێرد خـــۆم بووم • کەچی هێشتا لە تەمەنی هەژدە ساڵیمـــــدا بووم • لەپاشان بیرم کردەوە تومەز ئەم خـــۆ بــە پــیر زانینەم سەبــارەت بەوە بوو کە بە هیچ جۆرێك نەدەکرا لەگەڵ ئەلیزادا بــە یەك بگەین • ئەلیزا لەکوێو من لەکوێ ؟! ئەلیزا کێیەو من کێم ؟ تەنانەت مـــن ئەگەر بــە شیعرم ، بەئەقڵم ، بە پیەسەکەم سەعاتێکیش لە بەر گوێ ئاگردان ڕایگرم خـــۆ لەپاش سەعاتەکە پەردە دادەدرێتەوەو شووشەی پەنجەرەکە دەشکێو ، شانو شۆرەتی ئەلیزاو ئەو ژیانەی ــ کە ئــەوسا سەبارەت بـــــە هەرچییەك بوو پێموابوو زۆر دەوڵەمەندە ــ ئــەلیزام لەدەست دەستێنێتەوە •

پیەسی «بەرگوێ ئاگردان»ەکەمم تەواوکرد ، بەڵام بـــە (دار البدائع)م نەدا • وا پێویست بوو بـــۆ ئەنەدۆڵ هەڵێمو هاوبەشیی شەڕی ڕزگاری خوازیی میللی بکەم • لە (١٩٢١)دا لە ئەنقەرە لە شانۆیەکی بێسەروبەردا لەبەر چرای نەوتینو لە سەرما هەر ئەوەبوو ڕەق نەبمەوەو ، هەر سا نا ساتێ دەستو پــلم بە هەڵمی هەناسەم گەرم دەکردەوە ، «ئۆتێللۆ کامیلم» تەماشا کرد • بەدرێژایی تەمەنم تەنیا دوو جارم تەماشای شیکسپیر کرد • عەبدوڵڵا جەودەت ناوێکـــی جۆنتورك ئوستادی گەورەی ، بە زمانێکی پـــڕ لە وشەی عەرەبو عەجەم کردبوو بە تورکی • ئۆتێللۆو هاملێتو فلانو فیسارم خوێندبۆوە ، سەرســـام بووم ، حەیران ببووم ، بەڵام تەواو تێی نەگەیشتبووم • کامیل ئاکتەرێکی گەڕۆك بوو • دەتوانم بڵێم تەنیا پیەسێك لە مەلەفەکەیدا هەبوو ، ئــەویش هــەر ئۆتێللۆ بوو • دەڵێن ئۆتێللۆیان بـــــە شێوازی پاپازیان یـاری کـردبوو • حەیف سەیرکردنی پاپازیانم لـــە ئۆتێللۆدا بـــەنسیب نەبـوو ، بەڵام تەماشای ئۆتێللۆکەی شاگردەکەی کامیلم کرد ، ئەوسا زانیم پلەو پایەی وەستایەتیـــی مامۆستاکەی چییە •

لەو مانگانەدا کـــە لـــە ئەنقەرە بووم ، کامیل ، بگرە دە جـــاری

«ئەمیراڵی ڤەنەدیك» یاری كرد ، منیش سەیری یاریی هەموو جارەكانیم كرد •
نایشارمەوە عاشق بوونم بە شێكسپیر قەرزارباری ئـــەو وەرگێڕانە زۆر زۆر
خراپانەی عەبدوڵلا جەودەتە ، بەڵام شاگردەكەی ڤاگرام پاپازیان ئۆتێللۆ كامیل ،
شێكسپیری تێ گەیاندم • كامیـل لەمێژە مردووە ، بە برسـێتی ، بە كوڵۆڵیو
نەخۆشیو لەش بەباری كۆچی كرد • پاپازیان هات بـــۆ یەكێتیی سۆڤیـــەت ،
ئیشەڵلا ساغە ، دەزانم بوو بە نوێنەری گەل[٤] •

لە (١٩٢١)دا چووم بۆ باتۆم • چوومە ئوتێلێك ، ئـەوسا ناوی (فەرەنسا)
بوو • لەسەرێكەوە ڕۆژانە دوو لەگەن شۆربای ئاردی گەنمەشامیو چارەكـێ
نانی ڕەشم دەخوارد ، لە سەرێكی ترەوە سۆلەكانم لەپێ دەكردنو بە تەقەتـــەق
دەچووم بـــۆ كۆبوونەوەو كۆڕبەستن ، لە سەرێكی دیكەشەوە لە گۆڤـــاری
نەقابەی سووری دەفتەرخانەی دەرەكیی دەستەی شۆڕشگێڕانی توركیادا كـــە
بە ناوی نەقابەی سوورەوە دەردەچوو كارم دەكرد • لە سەرێكی تریشەوە ئـەو
پیەسانەم خوێندەوە كـــە بە فەرەنسی لە زنجیرەی ڕەنگاوڕەنگی بچووكـــدا
بڵاوكرابوونەوە ، نزیكەی سەت دانەیەك دەبوون ، بگرە زیاتریش ، یـەك
لە دوای یەك • لە دۆڵابی ژووری ئوتێلەكەمدا بوون ، هەمووشیان بەر لـــە
ســاڵانی (١٩١٤) بڵاوكرابوونەوە ، شەش مانگ لەگەڵ پەروەندەی ئـەوسای
شانۆكانی بولڤاری فەرەنسیو ڤۆدڤیلی فەرەنسیدا حەشرم كرد • نەك تەنیا لـــە
دیوی ناوەوەی بۆرژوای بچووكی ئەو سەردەمە گەیشتم ، بەڵكو بەشێكـــی
زۆری جیلوەكانی تەكنیكی پیەس نووسینیش فێربووم •

لەپاش پیەسی «بەرگوێ ئاگردان» پیەسێكی دیكەشم نووسی ، ئەوســـا
لەگەڵ نووسەرێكی توركی والا نوورەددین ناودا ، لە ئەنەدۆڵ ، لە بۆڵـــوو
مامۆستایەتیم دەكرد • پیەسەكەم بـــە ناوی «دڵ بەرد»ەوە نووسی : شێتێكـــی

---

(٤) پاپازیان لە كاتی نووسینی ئەم وتارەدا ســـاخ بوو ، لە ١٩٦٨دا
مرد ــ وەرگێڕ •

لادێیی دەبێ بە میوانی ئاغایەك ، لە دیوەخانەکەی گوێی لە خەڵکەکە دەبێ ، ناوی ئاغا بە کابرای «دڵ بەرد» دەبەن ، دڵ بەرد وای کردو دڵبەرد وای گوتو چی ... شێتە بۆ شەوێ سواری کۆڵەی سینگی ئاغا دەبێ ، دەیەوێ دڵە بەردەکەی دەربێنێو دەیخنکێنێ ، بەڵام نە دڵی بەرد دەبینێو نە هیچ ، دەڵێ تفوو ، کابرا نە دڵی هەیەو نە تەڕەماش .. ئەم پیەسە بزوێنە کۆمەڵایەتی‌یەکەی ئاشکرایەو پیەسی گران گینیۆل لەمەدا گەلێ سوودی پێ بەخشیم . شێوەی ئاخاوتنی لادێیی‌یەکانی ، ڕاستتر بڵێم شێوە ئاخاوتنی لادێیی‌یەکانی دەوروبەری بۆڵووم وردکردنەوەو لێمکۆڵینەوەو هەر بەهۆی ئەم وردکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەوە بوو پەڕینەوەم بۆ ناو زمانی گەل لەدواییدا ئاسان بوو و ئەرکم پێوە نەکێشا .

با بگەڕێینەوە سەروکاری ڕەنگاوڕەنگەکان لە باتوم . ڕۆژێکیان پیەسێکی بە شیعر نووسراوی «بیتهۆڤن» ناوم بەرچاو کەوت . باقڵ خراپیش نووسرابوو ، ئێستا بیخوێنمەوە پەسەندی ناکەم ، بەڵام ئەوەی کە حەزم دەکرد بینووسمو تا ئێستاش هەر نەمنووسیو لە داخی نەنووسینی هەر وەختبوو بمرم پیەسێك بوو بابەتەکەی پێ ئیلهام کردم . ئەویش ئەوەبوو کە ژیانی کارل مارکس بکەم بە پیەسێك یا چەند پیەسێك .

یەکەم ئۆپێراو یەکەم باڵێو یەکەم شانۆی ڕاستەقانیم لە مۆسکۆ سەیرکرد . ئۆپێراکە شلەژاندمی ، بەڵام من قسە لەو سەردەمانە یانێ لە ساڵانی (٩٢٠)و (١٩٢٨) دەکەم ، یانێ بەپێی باری ئەوسای شانۆو باری ئەو وەختەو دیکۆرەکانی «کارمێنی»ی ئەو سەردەمەو ناوی ئەوسای «کڕاسنی ماك» قسە دەکەم . (کڕاسنی ماك یانێ بووکەڵە کە باڵێی کۆمپۆزیتۆری کلییرە) .

ڕاستو ڕووتتان دەوێ حەز لە ئۆپێرا ناکەم ، هونەرێکی زەحمەتو تووشە ، هونەرێکی گەورەیە ، بیناکانیشی زۆر گەورە دروست دەکرێن ،

لایەنی ڕەسمیشی هەیە • ئۆپێرا لە هەموو دەوڵەتێکدا شانۆیەکی ڕەسمییە ، بەڵێ بەدەستی خۆم نیە ، نە لە یەکەم سەیرکردنیدا حەزم لێکردو نە ئێستاش دەتوانم حەزی لێ بکەم • بەڵام وەنەبێ دەرزیشم لێ وەرنەگرتبێ ، دەرزم لێ وەرگرت ، ئەویش وەنەبێ تەنیا هەر لە مەیدانی دراما نووسیدا ، بەڵکو لە کاری شیعر نووسینیشدا ، تەنانەت زۆریشم سوود لەو دەرزانەش وەرگرت کە ئۆپێرا لە ژیانی ڕۆژانەمدا پێی بەخشیم ، ڕاستتری بڵێم ـ کە بەپێچەوانەوە پێی بەخشیم • پێویستیی بێ پەناو پەردەیی ، بێ ڕووکەشی ، بێ ئارایشیو بێ قەدیفەییم لە بۆڵشۆیدا تەماشاکرد ، لە ئۆپێراکانەوە فێربووم ، هیچم لە (ماڵی تیاتر) ،(شانۆی بچووك) لەبیر نەماوە • لەو سەردەمانە دەدوێم • لە سەردەمە تازەکاندا «دوڕگەی ئافرۆدیت»م[5] پێ خۆش بوو • وەختە لەبیرم بچێ ، ئوپێرا لە تێگەیشتنو زەوقی نیگارکێشیو پەیکەرتاشیو تەنانەت میعماریشدا تەئسیری زۆر بوو • ئەو ڕەسمانەی کە لە شانۆ ، لە یاریی سەرشانۆو لە ئیشاراتی ئارتیستەکانی ئۆپێراو فلان دەچنو لە کۆمپۆزیسیۆنەکانی ڕەسمو پەیکەرەکان تائێستاش حەز لە هیچیان ناکەم • لە شیعرێکدا کە لە ساڵی (١٩٢٠)دا بۆ مەیەر هۆڵدم نووسیوە ، لەبارەی بۆڵشۆوەیە ، نووسیبووم : «بیناکەی تیاتری بۆڵشۆی دەشێ ببێ بە عەمباری جۆ » بێگومان ناهەقیم کردوە • هیچم لەبارەی باڵێکانی بۆڵشۆی ئەو سەردەمەوە لە بیر نەماوە • بەڵێ باڵێیەکم بە ناوی «یۆسفی جوان»ەوە سەیرکرد ، بەڵام هیی بۆڵشۆی نەبوو ، هیی دەستەیەکی دیکە بوو ، جا ئەوەی تەئسیری تێکردم ئەم باڵێیە بوو ، بەڵام چباڵێیەك ! چۆن پێویست بوونی بزووتنەوەو گۆڕانی کۆمپۆزیسیۆن نەك تەنیا لە باڵێ ، لە دراماو ڕۆمانو شیعریشدا لەو باڵێی

---

(٥) (دوڕگەی ئافرۆدیت) ناوی ئەو پیەسەیە کە شاعیرو درامانووسی هاوچەرخی یۆنانی (ئالێکسیس پارنیس) نووسیویە •

«یوسفی جوان»ەوە فێربووم • چەندین جاری دیکەشیان یاری گردبایەوە ، بۆئەوەی لە هەموو جارێکدا چل هەزار دەرزی لێ وەرگرم ، چل جاری دیکەش بۆ سەیری دەچووم •

من چەندین یاریی تازە کوورەی ستانیسلافسکیو مەیەرهۆلدو ڤاتانگۆفو تاهیرۆفی وام سەیرکرد بۆنو بەرامەی ژیانو شۆڕشو جوانیو قارەمانێتیو چاکەو ژیریو زیرەکی ، پیاویان مەستو کەشەنگ دەکرد •

من ئەو پیاوەم کە لە (١٩٢٢)دا پیەسەکەی گۆرکی «لەنێوان هەرچیو پەرچییاندا»م لە شانۆی هونەریی مۆسکۆدا سەیرکرد • من ئەو پیاوەم کە پیەسەکەی نووسەری ڕووس سۆهۆگۆ بیلین «مەرگی تاریلین»و پیەسەکەی درامانووسی روس (ئا • ئۆسترۆڤسکی) «فەرتەنە»و پیەسەکەی گۆگۆڵ «موفەتیش»م لە مەیەرهۆلد سەیرکرد ، من ئەو کەسەم کە پیەسەکەی نووسەری فەرەنسی «راسین» «فێدرا»م لە کامێرنیدا تەماشاکرد ، من ئەوکەسەم کە پیەسەکەی نووسەری ئیتالیایی کارلۆ گۆتسین «توراندۆت»م لە ڤاتانگۆڤدا تەماشاکرد •• دەوجا وەرە ئەم هەمووە بکەیتو تێگەیشتنی بەستووی چەسپاوت ژێرو ژوور نەبێ ؟ گوایە چەندین ئاسۆی یەك لە یەك هەراوترم لەپێش ناکرێتەوە ، بۆ نووسینی ئەو بەرهەمانەی کە میللەتەکەت ، میللەتانی هەموو دنیا ، مرۆڤ بۆ بەختەوەریو رووناکیو پێشکەوتنو هەقپەروەریو راستیو جوانیو ئازادیو برایەتی بانگ دەکەن ناسووتێیو هەڵناقرچێی ؟ منیش عەینی شتم لێ بەسەرهات •

لێرەدا تەنیا دێڕێك قسەم هەیە : لەو سەردەمانەدا ، نوێکاری لە شانۆسازیدا بەپێی دابو دەستووری باو لە پیەسەوە نەدەهات ، بەڵکو لە هونەرو بەهرەی ڕێژیسوێر ـ مخرجو هونەرمەندو نیگارکێشەوە دەهات • یەکێ لەو جیاوازییانەی نێوان سەردەمی زێڕینی ئەو سالآنەو ئەو سەردەمە زێڕینە

تازەیەی کە لەپاش کۆنگرەی بیستەم دەستی بەچریسکانەوە کردو شەوقی لە ساڵەکانی نزیکدا گەیشتە ئاسمان ـ قسە لە شانۆسازیی سۆڤیەت دەکەم ـ ئەوەیە کە نوێکاریی ئێستا ، لە درامانووسیو پیەسەوە دەستی پێ کردووە • ئیخراجی ئەو سەردەمەو تاقیکردنەوەکانی شانۆسازی بەش بەحاڵی خۆم شەخصی کاریان لە درامانووسیی من کردووە •• بۆنموونە شانۆسازییەکانی مەیەر هۆڵد ، یا ستانیسلاڤسکی ، یا ڤاتانگۆڤم رەچاوکردو بەپێی دەستووری ئەوان دەستم بە دامەزراندنی دراماکانم کرد • لە بنیاتنانی پیەسی «کاسەسەر»مدا فێرگەی مەیەر هۆڵد کاری گەورەیە • هەروەها لە بنیاتنانی پیەسی «پیاوە لەبیر کراوەکە»مدا ستانیسلاڤسکیو لە بنیاتنانی پیەسی «ئیڤان ئیڤانۆڤیچ هەبوو ؟ نەبوو ؟»مدا پیەسی «تۆراندۆت» کاریان گەورە بوو •

شانۆکانی سۆڤیەت کاریان پتر لە شیعرم کردووە تا شیعری سۆڤیەت • لێرەدا کە دەڵێم شانۆسازی مەبەستم درامانووسی نییە ، ئیخراجو هونەرمەندو نیگارکێشم رەچاوکردووە • دەتوانم بۆ کاری ئەمانە ، یەکە بە یەکە نموونە بێنمەوە • بەڵام لەبەرئەوەی کە لە خۆم زیاتر پێوەندییان بە کەسی دیکەوە نییە ، وازیان لێدێنم • شانۆکانی ئەوسای مۆسکۆ پێداویستی توانای لێگەڕانو وردکردنەوەو قووڵ بوونەوەو تەجریدکاریو تەعمیمکارییان تێمدا پەیداکرد •

ئەمەش وەنەبێ تەنیا هەر لە هونەردا ، بەڵکو لە گەشە پێکردنو پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژیکیشمدا یارمەتییان دام • ئەو دەرزانەی کە لە دانیشگای ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵات(٦) وەرمدەگرتن لەژێر پرۆژیکتۆرەکانی شانۆکانی ئەوسای سۆڤیەتیشدا خوێندمنەوە •• زۆر چاکم فەرق پێ کردووە کە شتێکم نووسیبێ ، با لەسەر بابەتێکیش بووبێ ، بە زۆری وەکو یادداشتێك بووە •

---

(٦) ناظم حیکمەت لە ساڵی١٩٢٢وەوە تا ساڵی ١٩٢٨ لەو دانیشگایە خوێندوویە •

کەچی ئەوکەسەی لەم دنیایەدا بیرەوەریی خـــۆی یادداشت نەکردبێ منم • بە قسەکەم پێمەکەنن‌و مەڵێن لەبەرچی ؟ چونکە شتەکە زۆر ئاشکراو سادەیە : ئێوە نازانن بیرم چەندە کولە • تەفسیلات‌و وردە ریشەی شتانم لەبیر نامێنێ ، ناوو مێژوو شتی‌وا لەبەرناکەم • جا لەبەر ئەمە ئێستا زۆر لە خۆم بکەم‌و بـیر لەوە بکەمەوە کە شانۆسازی تا چ‌رادەیەك دەوری ـ ئەوە بخەرە ئەولاوە ، کە درامانووسێکی دەرەجە سێم ـ لە مندا بینیوە ، بەرانبەر بە گەورەیی ئەو دەورە سەرسام دەبم •

من ئەمەم لە تەمەنی شەست ساڵیمدا کەشف‌کرد • کاتێکی ئەم وتارەم بۆ گۆڤارێك دەنووسی • بەراستی سەیرە ! بەڵام سەرلەبەری رستەکانی ئـەم دەورەم ، لە نۆرەی خۆیدا لەبیرنەماوە • رۆمانێك دەنووسم (ژیان شتێکی جوانە براله) دەبێ دەسەوارەی ساڵی (١٩٢٤)ی پراڤدا تەماشا کـــەم • یەکەم رۆژ هەواڵوکەیەکی ئاواوایم خوێندەوە : لە (١٢)ی شوباتدا خوێندکارە تورکەکان لە دانیشگای رەنجدەرانی رۆژهەڵات بە سەرۆکایەتیی هـــاورێ (مصطفی صبحی)یەوە شەوێکیان ، بە ناوی ئەو شازدە تورکەوە کە پیاوکوژە خۆ بــــە کۆنەپەرست فرۆشتووەکان کوشتبوونیان رێکخست • لەپاش تەواوبوونی بەشی ئاهەنگی رەسمی ، لکی درامانووسی تورك بە یارمەتیی هاورێ ئێکەوە لە شانۆی مەیەر هۆڵد کاری شانۆســازی بەرێوەدەبا پیەسێکی هاورێ ناظمی ئەندامـی کۆللێکتیفی یاری کرد • پیەسەکە سەرلەبەری کۆللێکتیفانە کاری تێدا کرابوو • دامەزراندنی پیەسەکـە ســـەرنج‌کێش بوو • لە پەردەی یەکەمدا ، کۆششی هاورێ پێشکەوتخوازەکان لە (٢٨)ی تشـــرینی دووەمی (١٩٢١)دا لـەنێو ماتۆرێکدا پیشاندرا • لە پەردەی دووەمدا بەسەر مەکۆی چاپدا دەدرێ ، لـە پەردەی سێیەمدا لە ئەستەموول پۆلیس کۆڵان بە کۆڵان چاویان بە هەر شتێك بکەوێ ژمارە (٢٨)ی پێوەبێ راویان دەناو لەم راوونان‌و بگرەو بەردەیەدا گەلێ سەحنەی سەیرو سەمەرەو کۆمێك بەرچاو دەکـــەوێ ، لە پەردەی چوارەمدا

بەبۆنەی ژمارە (٢٨)ەوە هەرچی دەنکە جۆیەکی ماڵی ژمارە (٢٨)ی خواردبێ بە ناوی شۆڕشگێڕێکی راستەقانی‌یەوە باسخوونو مەحکەمە دەکراو حوکمدەدرا • پیەسەکە بە بەرگی میللی‌یەوە یاری‌کرا • شانۆسازی‌یەکی ناوخۆیی‌یانە بوو • ساڵۆنەکە پڕ بوو لە میللەتانی هەمەجۆرو تورکی‌نەزان ، لەگەڵ ئەوەشدا یاری‌یەکە سەرنجی کێشان •

ئەم چەند دێڕە کە لە (١٢)ی مارتی (١٩٢٤)دا پراڤدا بڵاوی‌کردووەتەوە پێم‌وایە یەکەم بەڵگەیە کە لەم نووسینەمدا هێنابێتمەوە •

کەواتا ناوم بۆ یەکەمجار لە (١٩٢٤)دا کەوتۆتە سەر لاپەڕەکانی پراڤداو ئاخۆ وەکو پیەسنووسێ کە بۆ یەکەمجار چاوم بە ناوی خۆم کەوت چەندم کەیف پێ سازبووبێ • بۆ درۆ بکەم وەڵڵا یەکەم رۆژ کە چاوم بەم چەند دێڕە کەوت لە پراڤدادا نووسرابوو دڵم لە خۆشی‌یان بە تەپەتەپ کەوت • بڕوام نەدەکرد ، لە دڵێ خۆمدا دەمگوت داخۆ پراڤدا کەی ناوی منی بیستبێ •

لەگەڵ نیکۆلای ئێکدا لە مۆسکۆ هەرەوەزی شانۆی (مێتلا ـ گەسك)مان دامەزراند •

باقڵ ئەمە یەکەمو دووا هەرەوەز بوو • بە ڕوونی مێژووەکەیم لەبیرنەماوە ، بەڵام پۆستەرو ئیعلانەکانیم تائێستاش لەبێش چاوە • گەسکێکی کلك درێژ لەسەر قورسێکی سوور • مەبەستمان روون بوو • لەلایەکەوە مەبەستمان ئەوەبوو کە هەرچی خڵتەی بیروباوەڕی بۆرژوواو بۆرژووای بچووكو دەرەبەگایەتیی نێو ژیانی رۆژانەی مەردمو مێشكو دەرونیان هەیە بە گەسك بماڵدرێو لە لایەکی‌دیکەوە مەبەستمان ئەوەبوو کە شانۆکانی مۆسکۆ لەو خڵتانە پاك‌کرێنەوە ، کە لە رووی زانینەوە ، یان نەزانینەوە لافی پاراستنیانمان دەدا • حەوتووی دوو جارمان لە سینترالنیی ئێستا ، کە جاران ناوی « شاپووار ـ سینەمای مۆسکۆ » بوو یاری دەکرد • ئێرە یانەی دانیشگای

ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵاتیش بوو ، منیش وام بەبیردا دێ کە ماوەیەك سەرۆکی یانەکە بووم ، بەڵام زۆر چاکم لەبیرە کە نیکۆلای ئێك کاری لکەکانی درامای یانەکەی دەگێڕا •

لەبیرمچوو : هونەرمەندەکانمان بە دوو جۆرە تاقیکردنەوە هەڵدەبژارد :

١ ـ تاقیکردنەوەی ئاکتەری ، ئەمەیان ئێك دەیکرد •

٢ ـ تاقیکردنەوەی سیاسی ، ئەمەیان من دەمکرد •

سەروتاری ئەو ڕۆژەی پراڤدام بە دەستیشیان کراوەکان دەخوێندەوە ، لەپاشان لە بابەتە سیاسی‌یەکانی ناوخۆو دەرەوە دەستمان بە پرسیار لێکردنیان دەکردو ئەزموونم دەکردن • شانۆکەمان لافی دامەزراندنی یەکێتیی ئۆرگانیکی سیاسەت‌و شانۆی لێ دەدا • دیسان وەکو لە بیرم بێ ، پیەسەکەی خۆمان بە ناوی «قەباحەت لە کێ‌یە» وە لە «مێتلا» یاریکرد لەگەڵ ئێکدا • وابزانم شتێکی دیکەشمان بە ناوی «کیرپیچکی»یەوە نووسی • ئەم ناوەمان لە گۆرانی‌یەکەوە وەرگرت کە بە ژنە کرێکارێکی ڕووسدا هەڵدرابوو کە دەورێکی زۆری دەبێ لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کارخانەیەکدا • پیەسی « قەباحەت لەکێ‌یە » تەنیا یەك پەردە بوو ، لە تاوان‌و دزێتی‌و بێئاکاری‌و شتی‌وا دەدوا کە لە ڕژێمی سەرمایەداریدا پەنگیان خواردووەتەوەو قەباحەت‌و تاوانی دەخستە ئەستۆی کۆمەڵ نەك تاك • هەرچی ئەوەی پێشوو بوو لەدووایيدا بیستمەوە زمانزەد بوو ، بەڵام خۆی لەبارەی گۆرانی‌یەکی زۆر جوانی شاری بەناکانەوە دامەزرابوو کە بە ناوی (کیرپیچکی)یەوە بوو • لە شەڕی یەکەمی جیهان ، لە شۆڕشی کشتوکاڵ ، لە یەکەم ڕاپەڕینی ئابووری دەدوا • لەم یاری‌یەدا سینەمامان زگماکانە لەگەڵ شانۆدا یەکانگیر کردبوو • بەنموونە :

یەکێ لە قارەمانەکانی هاوبەشیی لە خۆپیشاندانێکی کۆڵاندا دەکرد ، ئەم دیمەنەمان لەسەر پەردە تەماشا دەکرد • قارەمانەکە لە خۆپیشاندانەکە

جیادەبۆوەو لە دەرکی ماڵێکی دەداو دەچووە ژووریٚ ، ئینجا لە پەردەکەوە دەهاتەدەریٚو خۆیدەدایە پەنای کۆلیتی سەر شانۆکە • قاعیدەو دەستوورمان ئەمەبوو :

هەرچی دیمەنو ڕواڵەتی دەرەوە بوو لەسەر پەردەو ، هەرچی هیی ناوەوە بوو لەسەر شانۆ پیشان دەدرا ، بەڵام وەکو گوتم ئەمەش وەنەبیٚ وەکو دوو شتی لێك هەڵبڕاوو جیاواز ، بەڵکو وەکو دوو شتی پێکەوە جۆشدراو •

پیەسی (گەسك) لەپاش ئەوەی شەش مانگ بەرگەی گرت خودی خۆی لە دنیای شانۆسازیدا ماڵدرایەوەو ئاسەواری نەما • جا ئێستا هەرچەند بیردەکەمەوە ، نازانم ئەمە چۆن ئەو شەش مانگە بەرگەی گرت ، شتێکی سەرسووڕێن بوو ! بەڵام ئێستا گەیشتمە ئەو ڕاستی‌یە کە خەڵتەی دنیا کۆنەکانی نێودڵو دەروونمان هەروا بەئاسانی نابەزیٚ ، بەڵکو پێویستە بە چەکێکی کاریگەرترو قووڵتر ، بە چەکێکی پێشکەوتووتر بەگژیدا بچینو بیبەزێنین • هەروەها گەیشتمە ئەو ڕاستی‌یەش کە سەرنەکەوتنی گەسکەکەمان بەش‌بەحاڵی ئیمکاناتی ئەو سەردەمەو بەش‌بەحاڵی تێگەیشتنی شانۆسازیی ئەو ڕۆژگارە کارێکی زۆر تەبیعی بوو • بەڵام مرۆڤ هەرچی‌یەك بیٚ حەز لە شانازی بەخۆوەکردن دەکا • ئایا ئەم حاڵەتە ڕۆحی‌یەش خەڵتەیەك نی‌یە ؟ بەڵیٚ خەڵتەیە • ئارەزووی بەخۆوە نازین دەکەین ، بڕوانن کاتیٚ نووسیم سینەماو شانۆمان وەکو بتوونێکی زگماك بەکارهێنا بیٚ‌باکانە شانازیم بەخۆمەوە دەکرد • ماوەیەك پێموابوو ئێمە ئەم کارەمان زۆر لەپێش «لاتیرناماژیك»ی چیکەکانەوە ، با بە «مۆنۆئێکران ـ یەك پەردە»یش بیٚ ـ بەدی هێناوە ؟ کەچی لەو ساڵانەدا ئەم تاقی‌کردنەوانە لە هەموو دنیادا دەکرانو ببوون بە باو • تەنانەت لە ئەستەمووڵیش فیلمێك ، پێموایە فیلمێکی ئەڵمانی بوو ، سەرەك ئاکتەریسەکەی لەسەر شانۆیش یاریی دەکرد • تاقی کردنەوەی (گەسك) دووایی‌یەکەی هەستی درامانووسی‌یەکی تێمدا گەشە پیٚکرد • لە بنەچەکدا لەسەر بنچی پیەسی

«کاسە سەر» ڕوواوە • ئـەو سەردەمە سەروەڕ بە مارکس و ئینگلس و لینینەوە گلابووم ، بەڵام چۆن گلانێك ! ویستم سەرلەبـــەری کتێبەکانی لینین راستەو راســت بخەمــە ســـــەر شانۆ • هێنـــام کتێبی « ئیمپریالیـــزم دووا قۆناخـــی سەرمایەداری یە»م سیناریۆ کردو قارەمانــە دیاری کراوەکانیشم لە کارەکـــەدا هاوبەش کردن • ئەویش نەك بۆ سینەما ، بۆ « گەسك »ەکەی لەمەر خۆمانم سازکرد • بەڵام یاری کردنـــەکەی بەقســـمەت نەبوو ، بالێیـــەکیشم بۆ «مەیەرهۆڵد» نووسی بەناوی «ئەهرام»ەوە بوو ••• ئەهرامێکی سۆسیـال ، بە هێزە بەرهەمهێنەکانی بنەڕەتی یەوەو لەگـــەڵ پێوەندی یەکانی بەرهەمهێنـە سەرخانی یەکانیدا • هێنام بۆ (مەیەرهۆڵد) ، خوێندیـــەوە • پەسەندی کرد • بەڵام نەیخستە کایـــەوە • جگە لەمانـــە پیەسێکی شیعریشـم نووسی ، ناوی « چواردەی مانگ » بوو • یاخی بوونێکی ناو گەمیەیەکی ئەتلانتیکی رادەگەیاند ، بەڵام تەماشای ئەسڵەکەی بکەن ، گەمیەکـە بە وەجاخـەوان و مەکینەوان و ئاگرەوان و کرێکاران و رێبوارانی سەربان و دەرجە دوو و دەرەجە یەك و دەرەجە لۆکس و کەپتانەکانیەوە نموونـەی کۆمـــەڵێکی لاسایی کراوەی سەرمایەداری بوو • پیەسەکـــەم تەواو نەکرد • نەخرایە کایـەوە ، بەڵام بەشـێکی زۆری پارچەکانیم لە رۆمانە شـیعری یەکـــەی « بەنەرجی بۆچی خۆی کوشـت »دا بەکارهێنا •

یەکەم نوسخەی پیەسی « کاسە سەر »یشم هەر بۆ « گەسك » نووسی ، نەخرایە کایەوە ، ئەم نوســـخەیەیان ون بوو • دووەم نوســـخەیم لە تورکیا نووسی • هەر کە نۆرەی هات لە بابەتەکەی و یاری کردنەکـەیتان بۆ دەدوێم • داوتەڵەبی ئەم پیەسەش یەکێ لە دەستوورەکانی مارکسیزم بوو •

سەرمایەداری لە پەرەسەندندا دەگاتـــە قۆناخێك تەنیا بە شـتی ماددی داناکەوێ ، نرخە مەعنەوی یەکانیش دەبن بـــە ماڵ و دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن • هەر کە هەوڵی وەبیرهێنانەوەی ئەو ساڵانە دەدەم ، جارێکی دیکە هەست بـــە

شتێکی‌تر دەکەم • کارێکی گەورەی شانۆسازیی سۆڤیەت‌و سەروەرمی بە شانۆسازیی سۆڤیەتەوە گلانم کارێکی گەورەیان لە تێگەیشتنی هونەری‌و چالاکی‌یەکانم کردووە • ئارەزووی ڕاستەو ڕاست لەسەر شانۆ نواندنی کتێبەکانی لێنین وای‌لێ‌کردم شیعریش بۆ ئەم‌کارە تەرخان بکەم • هەمیشە بیر دەکەمەوە ئایا لە درامانووسیمداو هەر بەبۆنەی دراما نووسی‌یەوە لە شیعریشدا کام شانۆسازی بۆ ئەم ئەزموون‌و تاقی‌کردنەوانەی پاڵ پێوە نام ؟ لەم ئەزموون‌و تاقی‌کردنەوانە هیچ پەشیمان نیم • تا ئیمڕۆیش هەر سوودیان لێ وەردەگرم • ئەوەی پاڵی بۆ ئەم تاقی‌کردنەوانە پێوە نام (مەیەر هۆڵد) بوو • بەڵام ئەوەی لە ئوستاد فێر بووم تەنیا هەر ئەو گرنگی‌یە نی‌یە کە هونەر لە خزمەتی روون‌کردنەوەی رووی سیاسەتدا بێ ••

ئێمە کە دەڵێین یەکە میراتگری ئەو نرخ‌و بایی‌یە راستەقاپی‌یانەین کە سەرلەبەری مرۆڤایەتی لە سەرانسەری هەموو سەردەمەکاندا ، لە ئاسیا ، لە ئەفریقا ، لە ئەورووپا هێناویانەتە گۆڕێ ، کە ئەمە دەڵێین گەلێ نموونەی پرشنگداری تەتبیقاتی مارکسیست لێنینیستی سەر بە هونەری ئیخراجم لە ئوستادمدا بەدی‌کرد • منی درامانووس‌و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ قەرزارباری زۆر شتی مەیەر هۆڵدم کە نرخەکانی ئیخراجی راستەقانیی شانۆ کلاسیکەکانی ئاسیا تا دەگاتە شانۆ گەلی‌یەکانی ئێمەو سەرلەبەری شانۆکانی ئەورووپا بەو مێژووە دوورو درێژەیەوەو هەرچی داب‌و دەستووری گەورەی شانۆسازیی رووس هەبوو بە پاک‌کراوی لەپێش دانام •

کە دەڵێم قەرزارباری زۆر شتیم مانای ئەوە نیە کە قەرزاری هەموو شتێکیم • دووپاتی دەکەمەوە لە مەیدانەکانی دیکەی هونەری شانۆسازیدا قەرزارباری زۆر شتی ستانیسلافسکی‌و ڤاتانگۆڤ‌و تەنانەت تاهیرۆڤیشم • ئەگەر لە سەرلەبەری تێگەیشتنی هونەری شانۆسازیم دەپرسی وەنەبێ لە سەتا سەت بەوکەسەوە بەسترابێتم ، نە بە ستانیسلافسکی ، نە ڤاتانگۆف نە بە

تاهیرۆفەوە ، ئـەوان تا چ ئەندازەیـــەك پێکەوە بەسترابن ، هەڵبەتـــە پێکەوە بەستراون ، تەنانـەت لێکیش هەلکێشرابن ، تێگەیشـــتنی شانۆسازیی ئەمڕۆی منیش هەر بەو ئەندازەیەو بەوجۆرە بە هینەکانی ئەوانەوە بەستراوە • بەڵام لەولاشەوە شانۆسازیی سۆڤیەت هـــەر لەپاش کۆنگرەی بیستەم راپەڕینێکـی گەورەی دیکەشی بەرپا کرد ، بێ ئـەوەی پێوەندی لەگـەڵ داب و دەستوورە گشتی و میللی یەکانی خۆیدا بپچڕێ ، راپەڕینێکی بـــەرپا کردو منیش ئەمڕۆ وەنەبێ تەنیـــا هەر لەگـــەڵ موخریجە گـــەورەکانـــدا ، بەڵکو لـــەگەڵ درامانووسەکانیشدا هاوپێوەندم •

لام وایە ساڵانی (١٩٢٨ و٢٩) بوو • نەخۆش بووم ، لە ماڵەوە کەوتبووم ، هاوڕێکان گیرابوون ، لە ئەســـتەموول لە پۆلیسخانە دووای ئەوەی بە ئاگـــری جگەرە سنگە رووتەکانیان سووتاندبوون و زوێڵە چەرمی ژێر پێیان بـە زۆپای گەرمەوە بەجێمابوو و هێلکەی کوڵاویان بە سەعات لەژێر هەنگڵیان دانابوو ، بۆ مەحکەمە کردنیان ناردبوونیان بۆ ئیزمیر • تا بڵێی نەخۆش بووم ، بێخەرجـی بووم • دەرکەم کرایەوە • موخریجی گەورەی تورك (محسن ئۆرتوغروڵ) خۆی کرد بە ژووردا • محسن یەکێ بوو لە دامـــەزرێنەرە کارامـــەکانـــی شانۆسازیی نوێی تورك ، یەکێ بوو لەوانـــەی کـە دیزپلینی شـــانۆسازیی نوێی تورك ، بەتایبەتی هینەکانی رووس ـ سۆڤیەتی بەدی هێنابوو و عاشـــقی ستانیسلاڤسکی و مەیەر هۆڵد بوو • چەند جارێك هاتوچۆی سۆڤیەتی کردبوو • دۆستم بوو ، گوتی : پیەسی ئامادەکراوت هەیـــە ؟ گوتم : هەمە • بەراستـی نەشم بوو • گوتی : ئەگەر دووای حەوتوویەکی دیکە بمدەیتێ دەیخەمە ســـەر شانۆ • گوتم : باشە • داوای یاری کردنی پیـــەسێکی من لە تاکە شانۆیەکـــی راستەقانیی ئەســـتەموولدا ، لە گەرمـــەی تیرۆری دژی شۆڕشگێڕانی لـەو رۆژگارەدا بەلامەوە هیچ سەیرو سەمەرە نەبوو • محسن دۆستم بوو • من باوەڕ بە دۆستایەتی دەکەم • دووای ئەوەی محسن رۆیشت بیرم کردەوە من لە

ناوەی حەوتوویەکدا چیم پێ دەنووسرێ • بابەتی پیەسی « کاسە سەر »ەکەم بەبیرهاتەوە کە دەست پۆلیس کەوتبوو و لەناوچووبوو •

پیەسەکە لەوە دەدوا کە سەرمایەداری نەك هەر نرخە ماددی‌یەکان ، بەڵکو نرخە مەعنەوی‌یەکانیش دەکا بە ماڵو دەیانخاتە بازاڕەوە •

لە ناوچەیەکی « دۆلازیاندا » ناو پرۆفیسۆرێکی « دالبانیزۆ » ناوی زۆر هەژار ماکی دەردە باریکە دەدۆزێتەوە • راستتر بڵێم ، نەزەری‌یەی ماکەکە دەدۆزێتەوە • ترۆستی (سەناتۆریۆمەکان ـ مصحەکان)ی دەردە باریکە دەکەوێتە هەراسانی‌و شڵەژانەوە • تەکلیفێکی ئاواوایی پرۆفیسۆر دەکاو دەڵێ : ئەو پارەو پوول‌و موختەبەرەی کە بۆ بەدی‌هێنانی ساخکردنەوەی ماکەکەت پێویستە ئێمە لەئەستۆی دەگرین • بەڵام ئێوە بۆ ماوەیەکی دیار ، کاری ماکەکەتان بخەنە لاوەو خەریکی تیمارکردنی مانگاکانمان بن • پرۆفیسۆر لەپێشا قایل نابێ ، بەڵام دوایی دل کەچ دەکاو پەیمانێك لەسەر ئەمە ئیمزا دەکا • دەردە باریکە سواری کۆڵی کچەکەشی دەبێ • بۆئەوەی لە ماوەیەکی دیاردا مانگاکان تیمار بکا لە ئەزموونگەی یەکێك لە مصحەکاندا دادەمەزرێ • بەڵام پرۆفیسۆر چاوەڕێی ماوەی پەیمانەکە ناکات‌و ماکەکە ساخ‌دەکاتەوەو رزگارکردنی کچەکەی بەپێویست‌تر دەزانێ • ماکەکە بەدزی‌یەوە رەنێو دێنێ • بەڵام لەپێش ئەوەی بە کچەکەی‌بدا بە تۆمەتی پەیمان شکاندن‌و بارمتە نەدانەوە دەخرێتە بەندیخانەوە • لەپاشان لە بەندیخانە دەردێ • لە سێرکدا کۆمبارسی دەکا • دوایی دەمرێ • تەنانەت کاسە سەرەکەشی لە تەشریحخانە دەفرۆشرێ •

ئەم پیەسەی کە رێبازە سەرەکی‌یەکانیم بۆ روونکردنەوە تەنیا سێ شەوان لە ئەستەموول یاری‌کرا • چوارەم شەوی بە فەرمانی ئەنقەرە یاساغ‌کرا • بڕوبیانووی یاساخ کردنەکەشی ئەوەبوو کە گوایە بەیتاڵەکانی

وڵات لەسەریان هەڵداوەتیو شکاتیان کردووە • لە پیەسەکەدا پرۆفیسۆر دەڵێ : خۆ من بەیتاڵ نیم ، تەماشای مانگا ناکەمو بەمە رۆڵێکی دەکەوێتە نێو پیەسەکەوە • بەڵام هۆی ئەسڵی ئەوەبوو کە سەیرکەرەکان لەدووای پرۆمێرەوە ـ ساڵۆنەوە کە بەشی زۆریان لاوو کرێکار بوون ـ خۆپیشاندانێکیان بەرپاکرد • سەعاتێکی تەواو لە ساڵۆنەکە نەهاتنەدەرێ ، ئێمەیان چەندین جار بۆ سەر شانۆکە بانگ کرد • ئاخری‌یەکەی من لە دەرکەی پشتەوە دەرچووم • بەڵام کۆڵان یەکێکی دیکەی نەدەگرت • منیان خستە ناوەڕاستی خۆیانەوەو لە شێوەی جەماوەرێکی بەرفرەواندا بەو نیوەشەوە بە جاددەی ئیستیقلال وەربووین • لەپاشان ، گوتم یاساغ کرا •

«کاسە سەر» پێموایە یەکەم پیەسێکە کە لە تورکیا بەپێی مەبادیئی فێرگەی مەیەر هۆڵد بۆ شانۆ سازکرابێ • وەکو گوتم من ئەم فێرگەیەم وەنەبێ بە هەموو مەبادیەکانیەوە ، بەڵکو بە هەندێ مەبادیەوە سوودم لێ وەرگرتو لە رادیۆی مۆسکۆش لە (١٩٥١)دا ئەم پیەسەی چەند جارێك یاری کرد • پێش چەند ساڵێك سەیرکردنیم لە شانۆی درامای گەنجەش بەنسیب بوو • لەگەڵ ئەکبەر بابایێفو رۆمانووسو درامانووسی ئازربایجانی مەنتی حوسێن‌یشدا سەیرمان کرد • من خۆم یاری‌یەکەیم بە دڵ نەبوو • لە نووسینی پیەسەکە پەشیمان نیم • بەڵام پیەسەکەم پەسەند نەکرد • کەچی ئوستاد پیەسەکەش‌و یاری‌یەکەشی پەسەندکرد •

شانۆسازی‌یان لە چمێژوویەکداو کەی لەپێشا ئاخنی‌یە نێو قووتوویەکی قەپاتکراوی بەئاڵاو واڵاو قەدیفەدارو بەبریقو باقو ئارایشتدراوو پەردەدارو بەدیکۆرەوە ؟ نازانم ، ئەمە چاك بوو ، خراپ بوو ؟ مەبەستم ئەوە نی‌یە • ئەمە لێرە بە با ناکەم • من بەش‌بەحاڵی خۆم جاروبار بە تاسەی یاریی شانۆی هەوای رەها و ناوبازاڕو مەیدانی شارەوەم •

ساڵەکەیم لەبیرنەماوە • جارێکیان بەبۆنەی جەژنی منداڵانەوە ، بۆ

یاری‌یەکانی شایی‌و زەماوەندەکانی موسابەقـــەیەکیـــان رێکخست • لەگەڵ نیکۆلای ئێکدا هەردووکمان هاوبەشیمان تێدا دەکرد • پیەسەکـــەی ئێمەیش لەوانەبوو کە بە یەکەم لە قەڵەم دران • حەوتوویەك لـــە سێرکدا یاری‌کرا • موخریجەکـــەی (ئێك) بوو ، یاری چ لـــە سێرکی داخراوداو چ لـــە هی گومەزداردا بێ ، شانۆ چ لە هـــەوای رەهاو چ لە بازاڕو مەیـــدانی شاردا بێ ئەوەی تێیاندا دەژی گەلایەتی‌و یاری‌و زەماوەندەکەیەتی •

لە پیەسەکەی ئێمەدا هونەرمـــەندەکانی دراماو هونەرمەنـدەکانی بالێو هونەرمەندەکانی سێرك بە ئینسان‌و بەستەزمانە هونەرمەندەکانیەوە ـ هەریەکـــە لەلایەکەوە یاری‌یان دەکرد • رووداوەکان لە زەویش‌و لە عاسمانیش ، لـــە چوار پەردەی سینەمادا روویاندەدا • تەنانەت تەماشاکەرانیش ـ کە زۆربەیان منداڵ بوون ـ ناوبەناو هاوبەشیی یاری‌یەکـــەیان دەکرد • لەکاتێکا ئەمانـــە دەنووسم ، داخی ئەوە دەمکوژێ کە ئێمە بۆچی ئەم تاقی‌کردنەوەو ئەزموونەمان بۆ پتر گەشەپێکردنیان ، دووبارە نەکردەوە •

دیسان زنجیرەی بیرەوەری‌یەکانم لێ ئاڵۆزکا • ئاگام لێیە سەرومڕ هەر سکاڵا دەکـــەم • بەڵام ئایا پیاو هـــەرچی بیرەوەریی هەیە لە پێڕۆیەکـــی کۆڕۆنۆژی‌و بەپێی زنجیرەی مێژوو ریزیان دەکا ؟ •

محسن ئۆرتوغرول دوو پیەسی دیکەشمی لە ئەستەموڵ ، لە (١٩٣٠)دا خستە کایەوە یەکێکیان « ماڵی مردوویەك » ، ئەوی‌تریان « پیاوە لە بیرکراوەکە » بوو • نوسخەی دووەمی « ماڵی مردوویەك »ەکەم چوار پێنج ساڵ لەمەوپێش لە شانۆی « کۆمیسار رێشکی » لە لێنینگراد یاری‌کرا • بەڵام ناوەکەیم گۆڕی ، کردم بە « یەکەم رۆژی جەژن » لەگەڵ میخایل زۆشینکۆدا چووین بۆ هۆڵی شانۆ • ئوستاد پیەسەکەی پەسەندکرد • منیش زۆرم دڵ خۆش بوو • کۆمەڵێ چیرۆکی زۆشینکۆم کرد بە تورکی • عاشقی وەستایەتیی ئەو ئوستادەم • لـــە

سەردەمێکدا چاپەمەنی‌یەکانی بۆرژووای تورك دەستیان بە قیرەقیر کردبوو ، کە گوایە « مرۆڤ لە یەکێتیی سۆڤیەت پێکەنینی لەبیرچۆتەوەو ئەدەبی کۆمیك‌و پێکەنین لەو ولاتە مردووە »و چی • بلاوبوونەوەی بەرهەمەکانی رۆشینکۆ بە تورکی زۆر بەسوود بوو • لام‌وایە هەزاران هەزار خوێنەرانی تورك بە خوێندنەوەی چیرۆکە تاڵەکانی زۆر قووڵ‌و دوور لە هەموو رەنگ‌وبۆیەکی رەشبینی ، یەکێتیی سۆڤیەتیان خۆش‌دەویست • بابەتی «ماڵی مردوویەك» کێشەی کلاسیکی میراتی بۆرژووایە • تەنیا چوار رۆژ یاری‌کرا • بەلام میری یاساغی نەکرد ، نەخێر ، سەیرکەر نەهاتن • جا با هۆ و سۆنگەکەیتان بۆ روون‌کەمەوە :

بە رەچاوکردنی ئەزموونی « کاسە سەر » لەپاشان دەرکەوت کە ئەم تەجرەبەیان زیاد لە پێویست رەچاو کردبوو ـ بۆ یاساخ کردنی پیەسە تازەکە ناوی نووسەرەکەیمان گۆڕی • سەبارەت بەمە زۆربەی سەیرکەرەکان خوێنەری من بوون • بۆرژوواو وردە بورژووا بوون • هەر لە ناوەندی پەردەی یەکەمدا دەستیان بە قیرەقیر کرد ، گوتیان : ئەمە چ‌رەزالەتێکە ! موقەددەساتمان سووك‌و ریسوا دەکرێن • لە پەردەی دووەمدا هۆڵەکە نیوەی زیاتر چۆڵ ببوو • لە ناوەندی پەردەی سێیەمدا گالەری نیوە قەڵەباڵغێك بوو ، بەلام هەر چوار پێنج کەس لە سالۆنەکەدا مابوونەوە • عەرزم‌کردن لەپاش تەماشاکردنێکی‌وا بەشەوق‌و پرشنگداری پیەسەکە تەنیا هەر چوار رۆژ خۆی گرت ، جا هەر سەبارەت بەمە محسن پیەسەکەی تری بە ناوو ناتۆرەوە خستە شانۆوە ، سەرەك دەوریش خۆی یاریی کرد • « پیاوە لەبیرکراوەکە »م لە ١٩٣٣دا لە یەکێ لە بەندیخانە هاتنەدەرەوەکانمدا ، نووسیبوو • بابەتەکەی بەکورتی : پرۆفیسۆرێکی زۆر بەناوبانگ یاریدەرێکی گەنجی دەبێ ، ژنەکەشی گەنج دەبێ ، پرۆفیسۆر کوژراوی ناوبانگ‌و دیلی ئاکارو رەفتاری بۆرژووا دەبێ • لەحاڵێکدا کە سوور دەزانێ ژنەکەی لەگەڵ یاریدەرە

گەنجەکەیدا دەستیان تێکەڵ کردووە فزە ناکا • لەوە دەترسێ ناوی بزڕێ‌و دهۆڵی ناوبانگی بدڕێ • کچێکیشی هەیە لە کابرایەکی خاوەن ژن‌و ماڵ ناوسە • بۆ پێشگیریی ناوزڕان‌و ریسوایی ، بەوە قایل دەبێ کە بە دەستی خۆی منالی کچەکەی پێ لەباربەرێ • کچە لەسەر کاسەی منداڵ لەباربردن دەمرێ ، پرۆفیسۆر دەخرێتە بەندیخانەوە • پاش لە بەندیخانە دەرچوونی ، لەبیردەچێتەوە • بۆکوێ بچێ ، لەکوێ بگیرسێتەوە ؟ تەنیا جێیەك دەبێ ، ئەویش ئەو قاوەخانە سەباحچیانەن کە پەناو دەرەتانی پیاوی لەبیرکراون • ئینسانەکان لە پیەسەکەدا هەندێ زۆر لایەنترن ، پێم‌وایە ئێکجار وا بێ‌سەروبەر نین وەکو لێرەدا باسم‌کردن • نوسخەی دووەمی ئەمەیشیان ئەمە دوو ساڵە لە گەلێ شوێن بەتایبەتی لە شانۆی ئۆردووی سۆڤیەت یاری دەکرێ • لە ئەڵمانیای دیموکرات‌و چیکۆسلۆڤاکیاش یاری‌کرا • تەماشاکردنەکەیمان لەگەڵ ئاکتەریستێکی شانۆی هونەریی مۆسکۆ لە ئەستەموول بەنسیب بوو • ناوەکەیم لەبیرنەماوە ، لە بیستەکاندا شووی بە کاك فوئاد جاریم کردبوو ، باشکاتبی باڵیۆزخانەی تورك بوو ، لەگەڵ ئەودا هاتبوو بۆ تورکیا • پێم‌وایە لە سی‌یەکاندا بۆ یاری‌کردنی دەورێك بۆ ماوەیەك بۆ مۆسکۆ گەڕایەوە • ئێستاش لەپێش چاومە : ژنێکی باڵا بەرزی باریکەلە ، چاوەکانی زۆر رەش‌و گەورە بوون ، تا بڵێی جوانی‌یەکەی سەیر بوو • ئێکجار ژیرو ئاقڵ بوو • پێویستە تەلەفۆن بۆ شانۆی هونەریی مۆسکۆ بکرێ بۆئەوەی ناوەکەی بزانری(٧) • پیەسەکەیش‌و یاری‌کردنەکەشی پەسەندکرد • قەتم لەبیرناچێ : گوتی ئەمە بکەن بە رووسی‌و بۆ شانۆی هونەریی مۆسکۆی بنێرن • بڵێ چیم بەبیرهاتەوە ؟ تەماشاکەن : رۆژێکیان لە باخچەکەی ماڵی کاك فوئاد دانیشتبووین ، من بووم ، کاك فوئاد بوو ، ژنەکەی بوو ، کوڕە پێنج شەش ساڵانەکەیان بوو ، کوڕەکە بە ڕاکردن دەیویست لە چاڵێك بپەڕێتەوە یەك

---

(٧) ناوەکەی سۆهاچێڤا بێلینا گییۆپیەڤنایە • (ئیبراهیم تاتارلی) •

دوو جار هەوڵیدا نەیتوانیو هەموو جارێ دەگەیشتە چاڵەو ڕەق ڕادەوەستا •
دایکەکەی چوو بۆ لای کوڕەکەی ، پێی گوت باز دە • مادام دەتەوێ بپەڕیتەوە دەبێ باز دەی ، نابێ بگەڕێیتەوە • کوڕە گوتی :

– دەترسم دایە •

دایکی گوتی :

– هیچ شتێ لە ترس شوورەییتر نییە لەم دنیایەدا • باز دە • باز نەدەی دەکەویتە چاڵەکەوە • پێت ناخۆشە ، قەی ناکە ، جارێکی تریش باز دەدەیتەوە • باز دە ، دەی ••

کوڕە بازیداو لە چاڵەکە پەڕییەوە •

لە (١٩٣٨)دا کەوتمە بەندیخانەوە ، ئەم جارەیان (١٣) ساڵی ڕەبەقی تێدابووم • لە ژوورەوە پێنج پیەسم نووسی : « شیرینو فەرهاد » یا «چیرۆکی دڵدارییەك» ، «یۆسفو زلێخا» یا «یۆسفو براکانی» ، «ئێستگە» ، «فیتنەت» ، «بوومە لەرزە» ، لەم پیەسانە «شیرینو فەرهاد» لە مۆسکۆ ، لە پراگ ، لە بەرلینو لە زۆر شاریتر یاریکرا • «یوسفو براکانی» لە ئەڵمانیای دیموکراتو چیکۆسلۆڤاکیا یاری کرا • «شیرینو فەرهاد» کرا بە فیلمیش • بەڵام تا بڵێی شتێکی بەربادو قۆڕ هەرچەند بەبیرم دێتەوە تائێستاش شەرمەزاری دەمگرێ • هەرچی «بوومەلەرزە»و «فیتنەت» بوون دەسنووسەکانیشیان نەمانو لەگەڵ وونبووان تێکەڵ بوون • «ئێستگە» بابەتەکەیم گرت ، سەرلەنوێ نووسیمەوە • بەڵام لە هیچکوێ نەخرایە کایەوە •

گوتمان دەنگ مەکە ئەمەریکاان دۆزییەوەو کارێك هەیە • زۆر جار کارێکی فرە سەمەرەو کۆمیکە • هەندێ جار لاتوایە بەڕاستی ئەمەریکا نەدۆزراوەتەوەو زۆر بەڕاستی تێهەڵدەچیو دەڵێی دۆزیمەوەو زۆرت کەیف پێ ساز دەبێ • کاتێ دەکەوییە وشکانی تەماشا دەکەی ئەورووپاییەکان زۆر

لەمێژە زەوی‌یەگەی دەکێڵن ، جا ئەوسا شتەگە نەك هەر سەمەرەیەو بەس ، بەڵکو هەندێکیش جێی تووڕەیی‌و کەف‌چەراندنە • منیش لە مەیدانی دراما نووسیندا کارێکی دۆزینەوەی ئاوهام بەسەرهات • پیاو لە بەندیخانەدا ، ئەگەر بەندیخانە لەسەر بنەمای کارنەکردن دامەزرابێ وەختی زۆرە • بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای کارکردن دامەزرابێ پێم‌وایە لەتاو ماندوێتی‌و شەکەتی ، پیاو وەختی بیرکردنەوەی بۆ نامێنێتەوە ، بەڵام من لە هەر بەندیخانەیەکدا بووم ، وەکو لە بیرکردنەوە بەولاوە هیچ کارێکی‌دیکەم نەبێ وابوو • تەنیا پێنج ساڵی دواییم نەبێ کە توانیم دەس لە ملی بەختەوەریی تەون فێربوون کەم •

لە پیەسە هاوچەرخەکاندا تەماشام‌کرد مۆنۆلۆگەکان بەجاری هەڵگیراون‌و لەئارادا نەماوون • گەشەپێدانی مۆنۆلۆگەکان‌و لە دەروویەکی نوێوە کار تێکردنیان ، دەورێکی سەرەکی لە شانۆی دیوی ناوەوەی دنیاماندا دەبینن • لە «شیرین‌و فەرهاد»دا هەوڵم‌دا ئەم ئیبداعەم بەدی‌بێنم • هەروەها لە« یوسف‌و زلێخا»شدا هەستم بە کەیف‌خۆشیی عەینی کەشف‌و ئیبداع کرد • لە «شیرین‌و فەرهاد»دا قارەمانەکان لە سەرێکەوە لەگەڵ یەکدا قسەدەکەن ، لە سەرێکی‌ترەوە بیرەوەری‌و بەسەرهاتەکانیان نەك هەر خۆیان بۆ تەماشاکەرانیشیان دەگێڕایەوە ، هەندێ جاریش بۆ ماوەیەکی درێژ هەریەکە بە دەنگێکی بەرز بیریشی دەکردەوە !؟• لەپاشان هەندێ‌جار قارەمانەکان هەریەکە خۆی لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد • واتە بە پێودانی مۆنۆلۆگی کلاسیك • لەدوواییدا لە «یوسف‌و زلێخا»دا زلێخا دەنگی لە سێ ئاوازدا ، سێ مۆنۆلۆگی جیاجیای دیوی ناوەوەی دنیای خۆی دەگێڕێتەوە • بێ‌ئەوەی زلێخا قسە بکا بە شێوەی پانتۆمیما یاریی‌دەکرد • ئەو سەردەمانە هێشتا (ماگینتۆفۆن ـ مسجل) دانەهاتبوو ، بەڵکو هەشبووبێ ، من بێ‌خەبەر بووم • لەبەرئەوە بیرم کردەوە ئەم سێ دەنگە لەسەر قەوان تۆمار کەم • بەڕاستی هێندە لەم کەشف‌و ئیبداعانەم مەمنوون بووم ، هەرکە لە بەندیخانە دەرچووم‌و دەرنەچووم ، یەکەم

گارم ئەوەبوو ئەم دوو پیەسەم بـۆ هاوڕێکانم بخوێنمەوە • بۆمخوێندنـــەوەو بە «پێکەنینێکی ساردو بێ تامەوە» تەماشام کردن • یەکێکیان گوتی :

ــ چاکە ، بەڵام ئەم ماریفەتەی تۆ ، بگرە هەرە پۆپەکەشی سارتەر لە مێژە کردوویە •

یەك لە خراپی‌یەکانی پۆست‌نشینیی بەندیخانە ئەوەیە کە درامانـــووس ئاگای لە سەرلەبەری کەین‌و بەینی مەیدانی درامانووسی دەبڕێ‌و وەکو لـــە گوێی گادا نووستبێ وای لێ بەسەردێ • بەڵام دنیا هێندە گەورەو فـــرەوانەو درامانووس هێندە زۆرو زەوەندەن شەرت‌نی‌یە تەنیا هەر پۆست‌نشینیی بەندیخانە بێتە هۆی بێ‌خەبەری لە کەین‌و بەینی مەیدانی درامانووسی •

یانی بەکورتی‌و کوردەواری‌یانە ، بـــۆئەوەی لە کاروباری شانۆسازیدا سەرلەنوێ ئەمەریکا بدۆزی‌یەوە ئیللان‌و بیللان چوونە ژوورەوەی بەندیخانەی ناوێ • هەروەکو لەپاش ئەوەی هاتم بـــۆ مۆسکۆ بە نووسینی یـــەك دوو پیەسیش عەینی بەزمم بەسەرهات ، یانی وامدەزانی ئەو ماریفەت‌و کەشفانـــەی کە من لە پیەسەکانمدا ــ هەندێکیان یاریش نەکران ــ دامهێناون بە خەیاڵـــی کەسی دیکەدا نەهاتوون‌و تەنیا هەر خۆم شۆڕەسواری ئـــەو مەیدانەم ، کەچی لەدوایدا بۆم دەرکەوت هەیهوو ، ئەم ماریفەتانە زۆر لەمێژتر بەکارهێندراون • لەمانەی عەرزم‌کردن ئاکام‌و ئەنجامێکی ئاواوایی وەدەست دێنم :

ئینسان لە سەردەمە کەوشەندارەکاندا ، لە هەر پێشەیـــەکی بەتخووبدا ، لە بلیمەتەکەیەوە بگرە تا نەفەرێکی ساکاری ، لە زانستدا ، لە تەکنیکـــدا ، لە هونەرە جوانەکاندا ، لە هەرچی‌یەکدا لە سەرانسەری ئەم دنیایە ، تەنانەت لە بەندیخانەشدا ، رووبەرووی عەینی ئەم پرسیارانە دێ‌و هـــەر عەینـــــی وەڵامیشیان دەداتەوە ، گەورە ، بچووك ، زۆر گرنگ ، کەم گرنگ ، هەر عەینی ئەو کەشفانە ، هەر عەینی ئـــەو ئیبداعانە دەکا ، زۆر جار بێ‌ئەوەی کەس

ئاگای لە کەس بێ ئەمانە دەکەین • بەم ئەنجام گەیشتنە لەسەرێکەوە دڵخۆشیی خـــۆم دەدەمەوە ، لە سەرێکی تریشەوە وەختە بڵێم ئەمە جۆرێکە لە بابەتـــی سەرلەنوێ ئەمەریکا دۆزینەوەیەك •••

ئـا ، لەبیرمنەبوو ، پاش بـۆ مۆسکۆ گەڕانـەوەم ، برێ پیەسم نووسی : « لە تورکیا » ، نوسخەی دووەمی « هەرە گێـل » ، « ئیڤان ئیڤـان ئیڤانۆڤیـــچ هەبوو نەبوو ؟» ، «مانگا» ، «سەرکێشی دووەم» ، تارتۆف ـ ٥٩» ، «سەرەڕای هەموو شتێ» ، «سەعاتەکانی پراگ» ، «شیرەکەی دیمۆکلیس» زۆریـــــان نەخرایە کایەوە • بەڵام ئەو چاکتر • بەدرێژایی ژیانم لەژێر تەئسـیـــــری شانۆدا بووم ، بەڵام لە درامانووسێکی دەرەجە سێ بەرەوژووورتر سەرنەکەوتم، بەڵام هەرچۆنێك بێ لەم مەسەلەیەدا بێبڕشتو خراپ نیم • هیوادارم ببـــم بە درامانووسێکی چاك • قسەی پێشینانە : «تا رۆح زیندوو بێ ئومێدبڕ نابێ»(*) •

ناظم حیکمەت
نیسان ـ حوزەیران
١٩٦٢

(*) ئەم وتارە لەلایەن وەرگێڕەوە لە یـــەکێ لـــە کۆڕەکـــانی یەکێتیـــی نووسەرانی کورددا لە هۆڵی کۆمەڵـــەی کولتووری کورد لە بەغـــدا خوێندرایەوە •

دەنگێکی باشکێن

عەبدوڵڵا پەشێو

با دێ !
با دێ !
دیسان ئاستانەی خەلیفە
هەڵی کردوەو
بە ناوگەڵی فتوای مەلای خەتێدا دێ !

★ ● ★

با دێ !
با دێ !
گوێتان لێیە ـ
چۆن داربەڕوو دەنرکێنێ ؟!
چاوتان لێیە ـ
چۆن کەپکە شاخ بەلادا دێ ؟!

★ ● ★

با دێ !
با دێ !
دەست بە ئابڕووی خۆتانەوە بگرن ؟ خەڵکە
ـ ئەگەر تۆزێ ئابڕوو مابێ ! ـ
نەك هەر کڵاو ،
با سەریشمان پیرۆزی باو ڕەشەبا بێ !

مۆسکۆ
٢٣ ـ ٦ ـ ١٩٧٧

خوسرەوی گوڵسورخی

ئەوشاعیرەی مەرگ لە بەردەمیا چۆکی دادا

ئەنوەر قادر محەمەد
لە فارسی‌یەوە ئامادەی کردووەو
شیعرەکانی کردوە بە کوردی

تۆ کۆچت کرد ..
شار بۆت سووتا
باخ بۆت سووتا ..
بەڵام ئەو دوو دەستە شەنگەت
« مژدەی سبەی » ..
هەموو ساڵێ سەوز ئەبێت‌و
ڕووی هەموو خاك دائەپۆشێ
چڵی پڕ شنە دەرئەکا ..
گوڵ دەرئەکا ..
گوڵێ یەژی خوێنی سوورە .

« گوڵسورخی »

گوڵاڵە سوورەکانی ئێران سوورتر بوون ، لە نەزۆکترین وەرزی مێژوودا ، کام شەهیدە کە گوڵاڵە سوورەی ئێمە ئەلاوێنێتەوەو سروودی بۆ ئەڵێ ؟ خەڵکی لای ئێمە گوڵی سوور بە ڕەمزی شۆڕش ئەزانن ، وەنەبێ ئەم هەڵبژاردنە تەنیا لە ڕەنگە سروشتی‌یەکەی گوڵی سوورەوە هاتبێ .. جگە لەوەش هۆیەکی پڕ جۆش‌و خرۆش‌و ئەندێشەی‌تریشی هەیە .

بەربەیانێ خوسرەوی گوڵسورخی شاعیری شۆڕشگێڕ .. شاعیری جەماوەری خەڵك ، لە مەیانی مەرگدا بە باوەڕێکی بەهێزی واوە کە هەموو

وڵاتی ئێمەی کردبووە بەهارو داپۆشیبوو •• بەڵێ ! ئەو بەیانییە « سەرو »ی سەرفەرازیو ئازادیی میللەتی ئێمە وەك هەموو ئازادیخوازێك وەستاو مرد •• مردو لە دڵی هەموو هاونیشتمانێکی ئێمەدا گوڵێکی سووری پڕجۆش خونچەی کردو کرایەوە •

شاعیرێکیوا کە هەڵوێستی ڕۆژانەیو قسەکانیو بەرهەمەکانی نەك هەر جووت کردبوون ، بەڵکو هەر ئەو بیروباوەڕە گەرمو بەجۆشەی بوو گەیاندیە ئەو سەرەنجامەو گیانی پاکیشی لەپێناودا بەخشی •

ئەو لە دڵی میللەتەکەیدا وەك ڕەمزێکی گەورە ئەمێنێتەوەو ئەبێتە سەرمەشق بۆ هەموو میللەتانو شاعیرانیتری دنیاش •

★ ● ★

مامۆستای «ئینشا» داوای لە قوتابییەکانی کرد باسێك دەربارەی قارەمانێکی مێژوو بنووسن •• یەکێ لە قوتابییەکان دەستیکرد بە خوێندنەوەی ئەو شتەی کە نووسیبوی :

«قارەمان ئەبێ دۆستی خەڵك بێ ، لە مەرگو مەترسی نەترسێ ، قارەمان ئەبێ وەك خوسرەوی گوڵسورخی بێ » •• مامۆستاکە ناچاربوو قسە بە منداڵەکە ببڕێو بە لێوەلەرەوە بڵێ :

— کێ پێیوتی قارەماني مێژوو ئەبێ وەك گوڵسورخی بێ ؟

قوتابییەکە بێپێچو پەنا وتی :

— من لە باوکمم پرسی ، بابە کێ قارەمانی مێژووە ؟ ئەویش وێنەی گوڵسورخیی لە ڕۆژنامەکاندا نیشاندامو وتی ئەمەیە قارەمان !

لەم گفتوگۆیەدا بوون لە ناوەڕاستی پۆلەکەوە قوتابییەکیتریش پەنجەی هەڵبڕیو وتی :

— مامۆستا ئێمەش هەر دەربارەی گوڵسورخیمان نووسیوە ••
گوڵسورخی شاعیرێ بوو ، ئەیویست شیعرەکانی «بەرگی شەڕ لەبەر بکەن ، تفەنگی پێشمەرگەیەك بکەنە شان » • ژیانی سەرمەشقی شیعرەکانی بوو :

ئێمەین •• ئێمەین
ئێمەین بە خوێن خەنجەری نووستووی ناو خوێنمان
بە باوەڕی گۆشتو گوللەو بە خوێنو بە ڕیزی هاوار
باغی گەورەی موژدە ئەگرین
ئێمەین •• ئێمەین ••

گوڵسورخی بوو ئەیوت نرخو بایەخی ڕۆشنبیریمان وەك کاو جۆ مەڕێژن•• چۆن ئەبێ شیعر دروشمی ژیان نەبێ ؟ لەکاتێکدا کە ژیان ژیان نی‌یەو کولەمەرگی‌یە •• گوناهێکی زۆر گەورەیە ، سۆکەسۆك بکەوینە دوای شیعری گەوهەری‌و ڕووتی‌وا کە دوور بێ لە ژیان • من بۆ گۆڕینی ژیان نەك ئەمەوێ شیعر دروشم بێ ، بەڵکو ئەمەوێ خەنجەرو پەتو ژەهرو گوللەو مشتەکۆڵەش بێ ••

گوڵسورخی لەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی شۆڕشگێڕدا ناسیاویی پەیداکردو ئەم دۆستایەتی‌یەی شۆڕش‌و گۆڕانێکی گەورەی بەسەر بیروباوەڕیدا هێنا • گوڵسورخی ئەیوت :

« کارێ کە ئەم پارتیزانانە ئەیکەن درێژە پێدان‌و وەجاخ رۆشن کردنەوەیەکی گەورەو داهێنەرانەی لینینیزمە •• ئەگەر (لێنین) ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمەدا بژیایە پەلاماری ئەدایە تفەنگێك‌و هەڵی ئەگرت ••» •

هاوڕێیەکی توودەیی لە وتووێژێکدا دەربارەی ئەم بیروڕایەی بە گوڵسورخیی وت :

« با لێنین بە شتێکەوە ناو نەبەین کە ڕەنگە پێی ناخۆش بێو بیرو ڕای وا نەبێ » •

لەگەڵ ئەم هاوڕێ توودەییەدا وتووێژو قسەیەکی زۆر کەوتووەتە نێوانیان •• هەرچەندە گوڵسورخی بەتەواوی باوەڕی بە قسەکانی توودەییەکە نەهێنا ، بەڵام ئەو هەر کاری تێ‌کردو هانی‌دا بۆ بیرکردنەوەو گەڕان بە شوێن ڕێگایەکی ڕاستو تەواوا •

★ ● ★

لەپڕ گوڵسورخی گیرا ، خۆی چاوەڕوانی ئەو گرتنە نەبوو ، ئەو لە گێژاوێکی فیکریو دەروونیدا ئەژیاو سەیری دەوروپشتی خۆی ئەکردو هەنگاوی ئەنا •• نزیکەی ساڵێك بوو پێوەندی بە کۆمەڵەیەکی بچکۆلەی مارکسی‌یەوە بڕیبوو بەدوای ڕێگەیەکی تازەدا ئەگەڕاو هیچ باوەڕێکی بە کۆمەڵەی پێشوو نەمابوو ، نەك هەر پێوەندی لەگەڵدا پچڕیبوو ، بەڵکو زۆر ڕقی لەو کافێو باڕو چاخانەنشینانە ئەبووەوەو ئەیوت :

« کاتێ قسەو لافـلێدان لەناوا بێ ، لە (لێنین) بەلشەفیك‌ترن ، بەڵام کاتێ پێیان‌ئەڵێن هاوڕێ ! دەی وەختی هاتوە ! ئەمە گۆو ئەمەش مەیدان ! زمانیان ئەشکێو دەستێکیان ئەکەوێتە ئەملاو دەستێکیان ئەکەوێتە ئەولا •• لەپڕ لە لووتکەی لافـلێدانو خەیاڵ پڵاو دێنە خوارەوە ، هەزار کەڵەكو کوڵەکی لەفزیو سەفسەتائی دێننەوە بۆئەوەی خۆیان دەرباز بکەن » •

گوڵسورخی کاتێ پێوەندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە مارکسی‌یە پەیداکرد ، خۆی بۆئەوە ئامادە کردبوو کە بەناو ئاگرو دۆزەخو گەرداوا هەنگاو بنێ ، خۆی بدا بەدەم هەموو کارێکی شۆڕشگێڕانەوە کە پێی بسپێرن •• هەر بۆئەوەش کە کوڕە تاقانەکەیو «عاطیفە»ی ژنی لە گیروگرفتو ڕاوەدوونانی «ساواك» ڕزگار بکات بەنهێنی پەیمانی لەگەڵ عاطیفەدا بەستبوو ، وای‌دەرخەن

لای خەڵك كە گوایە خەریكن لەیەك جیائەبنەوە • عاطیفەش پێوەندی یەكـــی بەو كۆمەڵەوە بووە •• دوای ئاشكرابوونو گیرانی ئەندامانـــی كۆمەڵەكـــە «خوسرەو» گیراو عاطیفەش گیراو بـــۆ چوار ساڵ خرایە زیندانەوە •• شایانی باسە «عاطیفەی گورگین» لە شاعیرە ناسراوەكانی ئێرانە •

گوڵسورخی ئاوێنەیەكی ڕوونی شیعرەكانی خـــۆی بوو ، شیعرەكانـــی شیعری بەرهەڵستیو بەرگری بوون ، خۆشی هەروەهابوو ، ئەو هەواڵانـــەی لە زیندانەوە لەوانەوە ئەبیستران كە لەگەڵیا بەنـــد بـــوون •• گیانـــــی شۆڕشگێڕیەتیو ئازایـــەتیی ئەو بە خەڵك ئەگـــەیـــەنن •• هاوزنجیرێكـــی گوڵسورخی دوای بەردانی گیراویەتەوە وتوویەتی :

« كاتێ خوسرەویان ئەبرد بـــۆ لێدانو ئازاردان ، لەگەڵ ئەوەشـــدا كە قاچو قولی شوێنی سەدان قامچیی پێوەبوو ، هەوڵیئـــەدا بەپێوە بوەستـــێ ، نەیئەهێلا زیندانەوانەكان بچنە ژێر باڵیو كۆمەكی بكەن •• دانەكانـــــی چێڕ ئەكردەوەو برۆكانی كرژئـــەبوونو سنگی ڕووتی ئەدرەوشایەوە • بـــەم باڵاو ئالایی یە پڕشكۆو پڕزامو ئازارەوە هەرچەندە بۆشی ئەشەلی ، بـــــەلام ئازایانە هەنگاوی ئەنا ••»•

هەر ئەم هاوڕێیەی درێژەی بە قسەكانی داوەو وتوویەتی :

« گوڵسورخی هەر هەلێكی دەسكەوتایە ئەچووە لای هاوڕێكانـــــیو ورەیانی بەرز ئەكردەوە •• گوڵسورخی هەر لەبەر ئـــــەوەی سەركەشو سەرگەرم بوو لە سێدارەیان دا ، تەنانەت ئەو تۆمەتەی دابووشیانە پاڵی تۆمەتێكی ئەوەندە گەورە نەبوو » •

یەكێكیتر لە هاو زیندانەكانی گوڵسورخی ئەڵێ : « گوڵسورخی زۆر هانی ئەوكەسانەی ئەدا كە تازە ئەخرانە ژێر ئازارو لێكۆڵینەوەو لێپرسینەوەو ورەیانی بەرزئەكردەوە ••دەستە پڕ زامو خوێنەكەی پیشانئەدانو پێی ئەوتن:

« با له (كه‌تیرائی) و (رۆزبیه)ه‌وه فێر ببین » •

گوڵسورخی رۆزبیهی به قاره‌مانی خۆشه‌ویستی خۆی ئه‌زانی •• ئـــه‌و چه‌ندین جار وتوویه‌تی : « ته‌نیا رۆزبیهێك بـۆ خۆش بوون له هه‌مـــوو ڕێ ده‌رنه‌كردنو نه‌زاندوویه‌تیی حیزبێك به‌سه » •

له دادگادا له‌وكاته‌دا زۆر له‌وانه‌ی گیرابوون ئه‌ڕووخانو ئه‌تلیسانه‌وه‌و بیروباوه‌ڕو هه‌موو ڕابووردووی خۆیان ئه‌دا به‌ده‌م بای سه‌رشۆڕی‌یـــه‌وه •• له‌و وه‌خته‌دا كه زوربه‌یان سه‌ریان ئه‌نه‌واندو چه‌كمه‌یان ئه‌ڵیسته‌وه •• هـــه‌ر له‌وكاته‌دا نه‌ڕه‌ی گوڵسورخی وه‌ك گرمه‌ی برووسكه له دادگاكه‌داو له‌گوێی ڕۆژنامه‌نووسانی هه‌ندرانو ناوخۆدا ده‌نگی ئه‌دایه‌وه :

ـــ به ناوی ئینسانه‌وه •• به ناوی خه‌ڵكه‌وه ••

ئه‌م ده‌نگه له ته‌قینه‌وه‌ی نارنجۆكێك كاریگه‌رتر بوو • دوایی ئه‌یووت :

ـــ من له دادگایه‌كدا كه باوه‌ڕم نه به قانوونیه‌تو نه به ده‌سه‌ڵاتی هه‌یه ، هیچ داكۆكی له خۆم ناكه‌م • من وه‌ك ماركسی‌یه‌ك ڕووم له میلله‌تو له مێژووه • چه‌نێ ئێوه به‌دواما ڕابكه‌ن من زیاتر خۆم دوورئه‌خه‌مه‌وه ، چونكه چه‌نێ لـــه ئێوه‌وه دووربم ، ئه‌وه‌نده له خه‌ڵك نزیكترم • چه‌نێ ئێوه ڕقو كینه‌تان به‌رامبه‌ر بیروباوه‌ڕه‌كه‌م هه‌بێ ، سۆزو خۆشـــه‌ویستی‌ی میلله‌ت بۆ من زیاتر ئه‌بێ •• ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر بشمخه‌نه گۆڕه‌وه ـ وه‌ك نیازتان وایه ـ خه‌ڵك له لاشـه‌ی من ئاڵاو سروود دروست ئه‌كات •

سه‌رۆكی دادگا بـــه لێدانی زه‌نگ قسه‌كانی به گوڵســـورخی بڕی ، سه‌رهه‌نگێكی‌تر ئه‌یویست به شێوه‌یه‌كی زبرو وشك قسه‌ی تێگرێو بێده‌نگی بكات ، گوڵسورخی به ته‌وسێكه‌وه زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌ك گرتی :

ـــ له قسه‌كانی من ئه‌ترسیت ؟

سه‌رۆكی دادگا به تووڕه‌یی‌یه‌وه هاواری‌كرد :

ـــ من پێت‌ئه‌ڵێم كه بێده‌نگ بیت‌و دانیشیت • چاوه‌كانی گوڵسورخـــی

پڕبوون لە گڕو خوێن ، چریکەو هاواری تا ئەهات بەرزتر ئەبووەوە ••
« فەرمان بەسەر مندا مەکە •• بەسەر دەستو پێوەندەکانتیا بکە ، وا نازانم دەنگم ئەوەندە بەرز بێ ویژدان نووستوویەکی وەك تۆ بێدار بکاتەوە ، مەترسە ! ئەبینی کە لەم دادگا ناڕەوایەدا •• ئا لێرەشدا سەری نێزەو سوونبی پارێزگاریتان ئەکات » • لەم کاتەدا دەستی بۆ ئەو سەربازانە ڕاکێشا کە لە دەوروپشتی داوەرەکانەوە وەستابوون ••

کاتێ دادگا فەرمانی مەرگی بەسەر گوڵسورخیو (دانشیان)دا دا ، تەنیا ئەو دووانە بە پێکەنینەوە دەستی یەکتریان بەگەرمی گوشیو باوەشیان بە یەکتری‌دا کرد •• گوڵسورخی وتی :

— **هاوڕێ !**

دانشیان دووبارەی کرەوە :

— **ئەی بەنرخترین هاوڕێم !**

ڕۆژنامەنووسو دەرهێنەرانی تەلەفزیۆنو هەموو ئەوانەی ئامادەکرابوونو بەتەمابوون شانۆیەکی باشیان لێ پێك بێنن ، نائومێد بوونو تەڵەکەکە سەری نەگرت •

نۆرەی قسەکردن هاتەوە سەر گوڵسورخیو ئەویش ئەیویست هەوێنو پوختەی ڕازی بوونی خۆی لە کەمترین وشەدا دەربڕێ •• بێدەنگییەك بوو ، دوایی برووسکەکە کەوتەوە ناڵەناڵ •• زایەڵەی دەنگی گوڵسورخی وەك داهاتوو پیرۆزو ڕۆشن بوو :

— هەموو خەڵکی ئێران ئەبێ ئەوە بزانن ، من لەبەرئەوە کە مارکسیمو هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزمم ، بۆیە فەرمانی مەرگم دەرئەکەن • تاوانی من هیچ شتێکیتر نییە جگە لە بیروباوەڕەکەم • من لەم دادگایەدا کە ڕۆژنامەنووسانی هەندەرانیشی تیا ئامادەن ، ڕووی دەم ئەکەمە ئەوانو لە گاڵتەجاڕیو فێڵو فڕی ئەم فەرمانە ناهەقە ئاگاداریان ئەکەمەوە •• مەبەستیشمە هەمووکەس ئاگای لەمە بێت •• من تەواوی کومێتەو کۆمەڵە مافناسەکانی

جیهان لەم مەسەلەیە ئاگادار ئەکەم ·· من پێتان ئەڵێم ئەم دادگایە هەر هیچ نەبێ ئەوەندە خۆی ماندوو نەکردووە تەنانەت دۆسیەکەشم بخوێنێتەوە ·· من کە ئینسانێکی (مارکسی - لینینی)مو ڕێزم بۆ ئیسلامیش هەیە ، بە دەنگی بەرز ئەڵێمو هاوار ئەکەم کە لە هیچ کوێیەکی ئەم دنیایەدا لە وڵاتێکی دیلو پڕ چەوسانەوەدا حکوومەتی میللی دروست نابێو ، ئەگەر دروستیش بێ ئەبێ هەر لەسەر بناغەی مارکسیزم دروست بێ ·

دوا داو کە بۆ گوڵسورخی نرایەوە ئەوەبوو کە «داموون»ی کوڕە تاقانەی پێ ببینن ·· لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شاڕەگ و دەمارەکانی پڕ بوون لە خۆشەویستیی «داموون» ، بەڵام وتی : «نەء ·· نامەوێ بیبینم » ، چونکە ئەیزانی تەنیا داموون ئەتوانێ کار لە شوورەی سەرسەختیو سەرگەرمیی ئەو بکا · وتی : «نەء» ·· بۆیە تاقانە کوڕەکەی نەدیو بەو سەرە بەرزو سەرکەشەوە سەری نایەوە ··

کە خوسرەویان بە یەکێ لە دار سێدارەکانەوە ئەبەستەوە ، ئەو هەر پێئەکەنی · «دانشیان»ی هاوڕێیان پێش ئەو بەدارێکەوە بەستبۆوە ، ئەیانویست دەستەسڕێکی سپیی لە چلکا زەرد هەڵگەڕاو بەچاویەوە ببەستن · خوسرەو ڕووی تێکرد :

— ئەترسی ؟

(دانشیان) شانێکی بۆ هەڵتەکاندو وتی :

— وەختی ئەوەم نییە بیر لە ترس بکەمەوە ·

گوڵسورخی بە عەشقێکی سەیرەوە خەریکی هەڵمژینی شنەی بای بەیان بوو ، سەربازەکە چاوی (دانشیان)ی بەستەوەو هات بۆ لای ئەم ·· ئەمیش وتی :

— برا ! چاوی من مەبەستەوە · من ئەمەوێ سەیری تیشکی هەتاو بکەم·· بە نیگای چاو سەیری ئاسمانی ئەکرد ·· تیشکی ئاڵی هەتاو تازە بە سپێدەی بەیانیدا ئەپرژاو بڵاوئەبۆوە ··

« چریکەم ئەم دیوارانە ئەڕووخێنێ • ئێوە ناتوانن چریکەم وەك لەشـــی ڕێزە ڕێزەکراوو زامارم لە خاکدا بشارنەوە » •

بالآی «داموون» وەك سێبەرێکی ترسناك باڵی بەسەر مەیدانەکەدا دادابوو ، پەلکەکانی «عاطیفە» لە مەیانی «تیرچینگر» بەدەم شنەبای بەیانەوە شەپۆلیـــان ئـەدا •

ڕووی لولەی تفەنگیان کردە سەر دڵی گوڵسورخیو گوللەکان وەك پەلەوەری ئاگرین ئەفڕینو گوڵاڵە سوورەی سەر سینەیان ئەکردەوە •

کاتێ پەڕەی ژیانی خەباتکەرێ ، شۆڕشگێڕێ هەڵئەوەرێتە ســەرخاك ، ئەم خەڵکە چۆن ئەتوانن بە ساردو سڕی لە شەقامەکاندا بێ گوێدان بە ژیـــان هەنگاو بنێنو خەریکی سفرە ڕازاندنەوە بن ؟؟

دوای گوللەبارانی گوڵسورخی کەوتنە کۆکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە بە ناوی خۆیو نازناوی «داموون»ەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بـــڵاوی کردبوونەوە ، بەڵام نەیانزانی کە بە نهێنیو نیوە ئاشـــکرا ، کتێبەکـــەی «سیاست هنر ، سیاست شعر»ی چاپئەکرێتەوەو لە ماوەی چەند مانگێکدا (٥٠) هەزار دانەی لێ ئەفرۆشرێ • ئەمــە تەنیا کتێبێکە جگـــە لە بەرهەمەکانـــی «بیهرەنگی» ئەوەندەی لێ فرۆشرابێت •

هەندێ پارچەو کۆپلەی هەڵبژاردەی شیعرەکانی گوڵسورخی

خامۆشی بەسەر دڵی ئەم هێلانەدا کشاوە
ئای !! ئای !! کوا ماڵێکی هێمن ؟
کوا خانوویەکیتر ؟
کوا سووریی هاوارەکانی بابەکی خوڕڕەم ؟
کوا کاوەی ئازادیی ڕۆژگارێکیتر ؟

« کجاست سرخی فریادهای بابك خرم »
کوا سووریی هاوارەکـــانی بابەکی خوڕڕەم
ل ٢٢

ئەبێ خۆشەویستی بفامین ‥ یاران !
ئەگەرچی هاوارەکانمان ناگەنە بەرەوە ‥
بەڵام ئەبێ ببن بە یەك
ئەبێ وەك « خەزەر » بخرۆشێین ‥
ئەبێ سووریی خوێن ببێ بە ئاڵا
ئەبێ دڵمان ببێتە سروودو ئاڵا
ئەبێ هەموو بەیانییەك لە«ئەلبورز» نزیکتر ببینەوە
ئەبێ ببینە یەك
ئەبێ بەهار
لە چاوی منداڵی کەنار شەقامی « ڕەی »دا
تەڕ و سەوز و پاراو بێ ‥
ئەبێ ئەو منداڵانە بەهار بناسن ٠

« سرود پیوستن »
سروودی یەکگرتن
ل ـ ٢٢

ئەبێ تیرێکیتر هەڵگری
ئەبێ لەگەڵ گوللەدا شەڕ بکەی
ئەوەی دڵۆپ ... دڵۆپ
بەسەر بانی غەریبا
بە ڕاڕەوی نەناسراوا
ئەڕژێ ...
ئەوە خوێنی ڕژاوی جوانی هاوڕێیانە
ئەی گەرمترین هەتاو !
لەسەر شانمان هەڵبێ
ئەی گەورەترین سەرەتا !
ئەی تفەنگ ! ئەی وەفادار !
هاوڕێمان بە ...
تا بڕۆین سبەینێ وەدەسخەین ٠

★ ● ★

ئێمە لەناو ئاگرو خوێنا گۆشکراوین
سەیری دەستمان بکە ‥
ئێمە بە باوەڕی گۆشتو گوللەو مەرگەوە
پێغەمبەرانی ڕووتی ڕەنجو ئازارین ...
سەیری دەستمان بکە ... ئێمە ئەوانین ...

★ ● ★

ئەو ڕۆژە هەر دێ
کە ئاسمانی باغ بکرێتەوە
هەموو سەروە تێکشکاوەکانی دارستانیش
لە داخی مەردو شەهیدانی خۆیان
بالآیان ڕاست ئەکەنەوە ...
هەموو ئەو دەستە شەهیدانەش
ئەو دەستانەی توانای خۆشەویستی‌یان هەیە ...
ئاسوودە ئەبن ...

★ ● ★

بابە ! ناوی گوڵی سارا
ئەو گوڵانەی خۆشەویستن ...
بۆمان بکە بە ئاوازو بە گۆرانی

★ ● ★

تۆ هەمیشە بێدار بە
هەر هەتاو کەوت
من کراسە سوورەکەی تۆ لەبەر دەکەم
ئەوان زۆر چاك تۆ ئەناسن
تۆ کە ڕۆژگارێکی بێداری
هەموو ڕۆژێ ئەیانکوشتی و ئەیانکوشتی
ئەوان بوون کە هەموو ڕۆژێ
خوێنی تۆیان ئەسڕی‌یەوە ...
بەلآم ئەوان نەیان‌ئەزانی ،
کە کراسە سوورەکەی تۆ
یەك ئەیداتە دەست ئەوی‌ترو ،
بەناومانا هەر گەشت ئەکا .
بابە ئارام بە !
ئێمە ئەمڕۆ تۆ بە خوێن ئەنووسین
هەموو ڕۆژێ تۆ ئەنووسین ...

★ ● ★

ئەو لێرەیە و لە گشت شوێنێ
بەو هاوارو ئاوازەوە ...
تۆ هەر لە شمشاڵی شوانْدای
بە ئالآی بەرزی مشتتەوە ...

هەر بەڕێوەی ...
سوپاش ئامادەی تۆڵەیە ...
تۆ هەر لە شمشاڵی شوانداى
نەوشێروان مرد .. مرد و چوو بۆ دۆزەخی نەفرەت
تۆ نەمردی ، سەرفراز مای
ئەوان هاتن‌و سەریان بڕیت
تیریان لێدای ...
تۆیان بڕی ..
فڕێیان دای ...
هەر نەمردی ... تۆ نەمردیت‌و هەر نایشمرۆی ...
لەناو بورج‌و شوورەکاندا
خوێنی تۆیە ...
هێنی سۆزە پاکەکەتە
لە شار ... شارا
گڕی ئاگری بێدارین ...
شار لە تۆدا سووتا
نەوشیروانیش سووتا
هەموو شتێ سووتا ... سووتا ...
تۆ نەمردی‌و سەرفراز مای
باغی مژدەت رازاندەوە
تۆ هەر لە شمشاڵی شوانداى و ،
پیاوی باوەڕی ...
تۆ هێشتاکە بەو هاوارو ئاوازەوە
لەناو کووچەو باغەکانی «نیشاپوور»دا
هەر (انا الحق)ە سۆزی تۆ
گۆرانیی تۆ ...

★ ● ★

هاوڕێ ئاخۆ بیرت چۆنە ؟
ژیان چییە ؟
مەرگە لەپێناوی عەشقا
یا ژیانی هیچ‌و پووچە
یا ساتێکە لە نێوان مان‌و ڕۆیشتندا

« آوازهای پیکار »
بەستەی خەبات
ل ٢٣ ـ ٣٢

ئەی دوو چاوی گەش‌و پڕ ڕۆشنی !
لەناو ڕووباری سۆزی وتەتا
هەزاران هەزار مەلەو هەڵئەفڕێ
بە بێ تۆ منیش ...
کۆترێکم بێ باڵ ، بە بێ پەڕو پۆ ...
ناتوانم بفڕم ...

« أی پریشانی »
ئەی داماوی
ل ـ ٣٢

کاتێ شەو دێ‌و لە دەرگا ئەدا
بە خۆم ئەڵێم بەیانی بەو هاوڕێیانەم
ئەڵێم کە لە ڕوونی‌دا ئەگرین ...
گریان پیشەی هەورە
من‌و تۆ بە پەنجەی وەك شمشێرەوە
بە حەرفی وەکوو بارووتەوە ...
ڕووتی ناهیڵێن‌و ... بە هاوار ئەڵێین
هەتاو هەر بۆ ئێمەیە ...

« فردا »
سبەینێ
ل ـ ٣٤

زامی قووڵی دەستی دوژمن
وا بە تەختی سینەتەوە ...
بەڵام ئەی سەروی ڕاوەستاو
تۆ ڕاهاتووی ئەبێ هەر بەپێوە بمری
گۆرینی خەنجەر و خوێن هیی تۆیە
مەڵێ کۆچ کەو ، ...
سروود و نەغمەی سەرکەوتن
هەر هینی تۆن ..
هەرگیز گیانە !
چاوەکانت بەم شێوەیە ڕۆشن نەبوون ...

★ ● ★

ئەم خەڵکە ..
ناوی مەزنی تۆ

ئەکەن بە سروودی نیشتمانی ...
ناوی تۆ ئالآی ئێرانە
(قەزوێن) بەناوی تۆوە زیندووە

« شعر بی‌نام »
شیعری بێ‌ناو
ل ـ ٣٦

ئەی چاوی ئەو گیایانەی وا ،
سەریان لە خاك دەرنەهاتووە ...
ئاخۆ لێزمەی بارانی ئەم ڕۆژهەلآتە کەی ئەبینن ؟!
ئەوەیە لە ناو دڵۆپی خوێنی شەهیدەوە
بەتالیۆنی مەلی سپی
خەمنامەی پڕ لە سەرسامی و دیلی ، ئەبەن بۆ بورجی خوێنینی گڕ گرتووی ،
بابەکی خوررەم ...
ئەو بورجەی بێ بەرگری‌یە ...
ئەمە خاکی منە ... کەوا ئەگری
ئەمە خاکی منە ... کەوا ڕووتە
دەمێکە باران نابارێ
ئەی گریانی ئەو هەورانە بۆ کوێ چووە
هەتا ڕووتیی ئەم کێلگانە
بە خوێنی خۆی دابپۆشێ ؟!

★ ● ★

تۆپی زەوی لەکوێوەیە ؟
ئاخۆ لە کوێی ئەم دنیادا من وەستاوم ؟
بە بارێ هاواری نووستوو خوێنینەوە
ئەی خاکی من !
ئاخۆ لە کوێی ئەم جیهانەدا وەستاوم ؟

« سرودهای خفته »
سروودە نووستووەکان
ل ـ ٣٧

★ ● ★

لەشی تۆ زنجیرەی شاخی « ئەلبورز »ە
یەکەمین بەفری ساڵ ، لە هەردوو کێوی پێلووتدا
خەوی ڕووبارێکی وێرانکەر ئەبینێ

له بەهاری هەموو ساڵێكدا
هەرگیز خەنجەری جەللادان ناتوانن
له پشتەوە كارت لیَ بكەن
لەشی تۆ دنیایەك چاوە .

« تو »
تۆ
ل – ٣٨

لەبەر بارانا نووستوو

لەنێوان خەنجەرو دیوارا دەستیَ هەیە
لەنێوان خەنجەرو دڵدا دەستیَ نی‌یە
بیَ پیَ بە پیَپیلكەكاندا دێمە خواریَ ...

★ ● ★

لەیلام لەودیو پەنجەرەوە
هەموو دەمیَ نوقمی خەوە ...
باش ئەزانیَ بەرە بەیانیان ،
من بە بیَ دەست ئەڕۆم بۆ لای ،
یارم نی‌یە پەنجەرەكەی بكەمەوە !

★ ● ★

ڕەنگی لمی قەراخی عەممان ناچێتەوە
ئەوە گۆناكانی منە ... هەر ئەڵێی دەشتی سووتاوە
وەختیَ كە تۆ بە بیَپەنا
لەناو دەریادا ئەبینم ...
لەنێوان خەنجەرو دلا دەستیَ نی‌یە .

★ ● ★

تۆ نووستووی ؟
یان بێداری ؟
تۆ ئەتەویَ هەتاو بەری بیبەی بۆ شار ...
هەتاكو ئەو گەڕەكانەی ...
لەبەر بارانا نووستوون گڕ تیَبەردەی
تا لە كەناری ڕووبارا چاك بزانن

ئاگر ‥ ئاگر ‥ تا هەتایە
لەژێر خۆڵەمێشا نانوێ ٠

★ ● ★

تۆ لە ڕکەی شاخەوە و لە ژێر لێزمەدا ، بۆ دامێن دێی
لە کەنارەوە تۆ دێی تا
ڕووەو بەیان پەنجەرەکان بکەیتەوە ٠

★ ● ★

بە ڕەشیی هەردوو چاوی تۆ
من ئەمەوێ کە بنووسم ، لە قەراخی ئەم باغەدا
دەستێ هەمیشە چاوەڕوانی دەستێکیتره
چاوێ هەیە هەرگیز ناچێتە خەو ٠٠٠

ل ٣٨

★ ★ ★

قوڕگی ناوێ

موحەممەدی قازی یەکێکە لە ڕۆشنبیرە کوردە بەناوبانگەکانی ئێران ٠ بە گەورەترین وەرگێڕی فارسی دائەنرێ ٠ لەم ساڵانەدا تووشی نەخۆشییەك ئەبێ لە قوڕگیدا ٠ قوڕگی پیشانی دوکتۆر ئەدا ٠ دوکتۆر پاش تەماشاکردن ئەڵێ : مامۆستا ! بەداخەوە ئەبێ قوڕگت دەربێنین‌و ئیتر لەوەودوا قسەت پێ ناکرێ ٠ جا ئەڵێی چی ؟ دەریبێنین یا نە ؟

ئەویش لە وەڵاما ئەڵێ : قوڕگم بۆچییە ؟ دەریبێنە ٠ لەم وڵاتەدا بنیادەم کەی ئەتوانێ قسە بکا تا پێویستی بە قوڕگ بێت !٠

بەبۆنەی ساڵی منداڵانی جیهانەوە

چراوگ

چیرۆکی : غسان کنفاني
وەرگێڕانی بە دەستکاری‌یەوە بە شیعر : شێرکۆ بێکەس
ئامادەکردنی بۆ سەر شانۆ : کاوە ئەحمەد میرزا

حیکایەت‌خوان :

هەبوو •• نەبوو
لە کۆندا •• زوو
پاشایەك بوو
ئەم پاشایە دڵێکی بوو
وەك کانیی ڕوون ،
بێگەردو پاك
لەناو خەڵکا •• خۆشەویست بوو
پاشای پیرەمێردی ،
پیاو چاك ••
هەبوو •• نەبوو
ڕۆژ هات‌و چوو
بەیانی‌یەك •• وەختێ وڵات
لە خەو هەستا
پشکۆی هەواڵێکی ناخۆش
بەسەر دەست‌و دڵیا چزا :

پاشا مردو •• شار شڵەقا
شار ڕەش‌پۆش بوو
شار ئەوەندەی‌تر غەمگین بوو
چونکە پاشا ••
دوای خۆی تەنیا ،
کچێکی لەپاش بەجێ‌ما
کچ منداڵ بوو •• نەیئەتوانی
حوکم بکا ••
بەڵام پاشا •• وەسێتێکی
بۆ شازادەی بچکۆلانە •• جێ‌هێشتبوو
وەسێت تەنیا چەند دێڕێك بوو :

شـــــازادە « وەسیەتەکە ئەخوێنێتەوە » :

بۆئەوەی بێ‌یتە سەر تەختی
پاشایەتی ••
ئەبێ بڕۆیت خـۆر دابگری
دایگریتو •• بیهێنیتە ناو کۆشکەوە
ئەگەر نەیکەی سزای ئەنجام
ئەبێ تا ماویت ژیانت
لەناو سنووقێکی تەختەی
داخراودا ، بەسەربەری •

ـ تاریکی ـ

حیکایەتخوان :

هەر دوای ئەوەی
کە شازادەی بچکۆلانە
وەسیەتی باوکی خوێندەوە ••

ناردی بەشوێن
حەکیمو دەمڕاستی کۆشکا
پێی‌وت : باوکی
چ کارێکی سەختو ستەم
لەمی منداڵ داوا ئەکا .

حـەکیـــم :

ئەی شازادەی بچکۆلانە
چی ئەفەرمووی ؟

شـــازادە :

وەستێکە هێنانەدیی
زۆر گرانە ..
من نامەوێ بێمە سەرتەخت
ببمە پاشا !

حـەکیـــم :

بەڵام ئەی شازادەی نەوجوان
لە کۆنەوە .. یاسای نووسراو
یاسای وڵات
وای داناوە ..
شازادە کوڕ بێ .. یاخود کچ
ئەبێ تاجی پاشایەتی ..
لەسەر بنێت

شـــازادە :

بەڵام .. بەڵام
من نامەوێ ببمە پاشا !

حـەکیـــم :

کچە پاشایتو .. تاجیش هەر ،

هینی خۆته •• بینێیته سەر •
ئەی شازادە ••
ئەم وڵاتە •• دێرزەمانە
بەختیارەو کامەرانە ••
چونکە یەك بەیەکی ئێمە ••
بۆ کاری خۆی
تێ کۆشیوەو •• ڕاپەڕیوە ••
ئەی شازادە •• پاشای باوکت
دنیای دیوە •• دانا بووە
لەخۆڕایی نەیوتووە ••
یان ئەبێ خۆر دابگریت‌و ،
بیهێنیته ناو کۆشکەوە ••
یاخود ئەبێ هەتا ماوی
ژیانی خـــۆت ••
لەناو سنووقێکی تەختەی ،
داخراودا ، بەسەربەری !

شـــازادە :

کەواتە هەوڵ‌ئەدەم بچمە
سەر لووتکەی ئەو کێوە بەرزەی ؛
هەموو ڕۆژێ
خۆر بە لایدا دێت‌و ئەچێ
تـــۆ ئەڵێی چی ؟!

حـەکیـــم :

ئەی شازادەی پچکۆلانە
پێویستە هەر خـــۆت بەتەنیا

خـــۆر دابگری
بە بێیارمەتیی هیچ کەسێ !

ـ تاریکی ـ

حیکایەتخوان :

ئا بەوجۆرە کچی پاشا
بە شاخی بەرزا هەڵگەڕا
کاتێ گەیشتە سەر لووتکە
بینی هێشتا خۆر زۆر دوورە
زانی هیچ کەسێ ناتوانێ
خۆر دابگرێ
بەوجۆرە •• ڕۆی
کە هاتەوە کۆشك و تەلار
پەست و دڵتەنگ
چوەوە ناو ژوورەکەی خۆی

شـــازادە :

چیبکەم ؟! •• چیبکەم ؟!
من ناتوانم
خـــۆر لێرانە ئامادەکەم !

حیکایەتخوان :

ئیتر هەتاکو چەند ڕۆژێ
کچی پاشا ••
لە ژوورەکەی خۆیدا تەنیا
درشت •• درشت
فرمێسکی چاوی هەڵئەڕشت
بەیانییەك •• شازادەی مات

تەماشای کرد
پارچە کاغەزێکی بچووك
لەژێر دەرگای ژوورەکەیدا
دانراوە ••
ئەوسا ڕایکردو هەڵیگرت

شـــازادە « کاغەزەکە ئەخوێنێتەوە » :

لەناو ژووری داخراودا
خۆر سەر لە هیچ کەسێ نادا
هەرگیز •• هەرگیز ••
قەت ناتوانی
لەناو ژووری داخراودا
خۆر هەڵێنی •

« دوای ئەوە کاغەزەکە ئەخاتە لاوە »

سەرم سوڕماوە ••
تێناگەم
ئـەم کاغەزە سەیرە چیە ••
با پاسەوانەکان بانگ کەم
ئەی پاسەوان ••
ئەی پاسەوان ••

پاســـەوان :

بەڵێ •• بەڵێ •• شازادەی جوان
ئەفەرمووی چێ ؟!

شـــازادە «دوای ئەوەی نووسینەکەی تەواو دەکات » :

هەر دەستبەجێ
ئەم نووسراوە ••

ڕاگەیێنن بە گشت کەسێ

پاســـــەوان :

بەڵێ •• بەڵێ

هەر ئیستەکێ •

جــاڕچـــی « لەبازاڕدا » :

ئەی خەڵکینە

گوێ ڕابگرن

یەك یەکتری ڕابسپێرن

فەرمانی کچی پاشایە ••

هەرکەس بتوانێ یارمەتیی

شازادەی خۆشەویست بدا ••

خۆر دابگرێو بیهێنێتە ناو کۆشکەوە ••

لە پاداشتا ••

دۆڕو مرواری وەرئەگرێ

پیاوێکی ڕێبوار (١) :

بانگەوازێکی زۆر سەیرە !

پیاوێکیتر (٢) :

کێ ئەتوانێ خۆر دابگرێو ،

خـۆر هەڵبگرێ ؟!

پیاوێکیتر (٣) :

ئێمە برسێتیو نەبوونی

هێزی ئەژنۆی لێ بڕیوین

ئینجا سەربار ••

خـۆر دابگرین ؟!

پیـــاو (١) :

ئەوا دیسان
هەر بە ناوی شازادەوە
کەوتنە هۆنینەوەی پیلان !

پیـــاو (٢) :

ئەم کاسانە
هەزار ژێر کاسەیان هەیە !

پیـــاو (٣) :

کوێرەوەری •• نەبڕایەوە ؟!
دەردەسەری •• نەبڕایەوە ؟!

ژنێکی ڕێبوار (١) :

لەوە ئەچێ
کچی پاشا
شێت بووبێت •• شێت
ئەگینا چۆن
مەحاڵیوا داوا ئەکا ؟!

ژنێکی ڕێبواریتر (٢) :

من لەگەڵ قسەی تۆدا نیم
پێموایە شازادە ئێجگار
داناو زرنگ‌و هوشیارە
چونکە عەوداڵی گەیشتن
بە مەحاڵە !

پیـــاوێك :

بەسە •• بەسە
توخوا ئەگەر نەیبڕنەوە ••

ئێمە چیمان داوە لەمە ..
گەر توانییان خۆر دابگرن
ئەوا من خـۆم یەکەم کەسم
پشتیان ئەگرم !

پیاوێکیتر :

ئەی باشە گەر نەیانتوانی ؟!

پیاوەکەی پێشوو :

ئەوسا هەڵوێستی لەبارتر
هەڵئەبژێرم !

– تاریکی –

حیکایەتخوان :

لەدوای ئەوەی کەس نەیتوانی
یارمەتیی شازادە بدا ..
ڕۆژی دوایی
حەکیمی کۆشك
چوەوە لای .. کچی پاشا .

حەکـــیم :

ئەی شازادە ..
ئەو مۆڵەتەی پێت درابوو
وا خەریکە کۆتایی بێ !

شـــازادە :

لەبەرئەوەی
داخوازیی باوکم شتێکە ،
بەجێهێنانی گرانە
داوا ئەکەم .. مۆڵەتەکەم
درێژتر بێ !

حەکیم :

ئەی شازادەی بچکۆلانە
پاشا بەرلەوەی ئەمری خوا بەجێبێنێ ••
پێی وتم هەر دوای مردنی
پێش شتنی
پێویستە مۆمێکی گەورە داگیرسێنم
جا ئەگەر مۆم توایەوەو •• تۆ
هێشتا وەسیەتەکەی باوکت
نەگەیاندبوە مەرامو جێ
ئەوسا ئەبێ کچی پاشا
ئامادە بێ بۆ ئەنجامی
پڕ لە سزا !

شازادە :

هەرگیز •• هەرگیز
من ناتوانم ئا بەمجۆرە
ببمە پاشا
هەرگیز •• هەرگیز

ـ تاریکی ـ

حیکایەتخوان :

لە کاتێکدا کە شازادە
نوقمی خەمو پەژارە بوو
لەدەرەوە ••
لە بەردەرگا
پیرەمێردێ •• هەوڵی ئەدا
ملی ئەنا •• بچێتە ناو

ژووری کۆشكو تەلارەوە ••
بەڵام گاردی بەردەم دەرگا
دەریان ئەکرد
نەیانئەهێشت ••
پیرەمێردیش •• کابرایەك بوو
گەلێ جیڕ بوو
لەسەر چوونە ژوورەوی ناو تەلار •• ئیجگار
ئێجگار سوور بوو !

پیرەمێرد « لە بەردەمی دەرگای کۆشکدا » :
تکا ئەکەم
ڕێگەم بدەن •• بچمە ژوورێ
من ئەمەوێ
یارمەتیی شازادە بدەم !

پاسەوان « بە گاڵتە پێکردنەوە » :
بڕۆ •• داماو
یارمەتیی چی ؟!
ئەی پیرەمێردی خەڵەفاو
چۆن بە ڕاستتە
تۆ ئەتوانی
یارمەتیی شازادە بدەی
وەی •• وەی •• وەی •• وەی ؟!!
تەواومان کرد ••
خۆرمان داگرت !!

پیرەمێرد :
باشە ••• بەڵام

بە شازادەی ڕاگەیێنن
لەکاتێکدا پیرەمێردێ
ڕێگەی نەدرێ بـــۆ ژوورەوە
ئەی چۆن چاوی
بڕیوەتە ئەوەی ڕۆژێ
خـــۆر بباتە ناو کۆشکەوە ؟!

– تاریکی –

حیکایەتخوان :

لەم ساتەدا ••
پیرەمێردی •• پشت کۆماوە
بەر دەرگای کۆشکی بەجێهێشت
کچە پاشا ••
ویستی هاواری لێ بکا ••
بەڵام پیرە
لە کۆڵانی ئەو ناوەدا
لە چاو ونبوو

شـــــازادە :

ئەی پاسەوان
هۆ پاسەوان
کوێوە ڕۆی ئەو پیرەمێردە ••
لە سەر عەرد بێو لە بن عەرد بێ
داوا ئەکەم •• بیدۆزنەوە ••
تا بیدوێنم !

– تاریکی –

حیکایەتخوان :

لەدوای ئەوەی پاسەوانان

ئێجگار گەڕان ••
شەقام •• شەقام
کۆڵان •• کۆڵان
بەڵام پیرەمێردیان نەدی ،
گەڕانەوە ••
چۆن ڕۆشتبوون واش هاتنەوە !

شـــــازادە « سەرکردەی پاسەوانان لە بەردەمیا وەستاوە » :
دەربارەی ئەو پیرەمێردەی
کە دەرتان کرد
پرسێك ئەکەم ؟!

سـەرکردەی پاسەوانەکان :
فەرموو چێت ئەوێ بپرسە ؟!

شـــــازادە :
ئایا ئەمە یەکەم جارە
کە پیرەمێرد ••
ڕوو بکاتە ئەم تەلارە ؟!

سـەرکردە :
هەموو ئێوارانێ هەر دێ
بەڵام گاردی بەردەم تەلار
ڕێی لێ ئەگرێ
چونکە ئەڵێن ••
کابرا شێتو خەڵەفاوە !

شـــــازادە :
شێوەو ڕەنگی
کابرا چۆنە ؟!

سـەرکردە :

پیاوێکی ڕووتو هەژارە
زۆر پیر بووە ••
بەردەوامیش •• چراوگێکی
لەگەڵ خۆیدا •• هەڵگرتووە !

شـازادە :

ئەگەر سبەینێ ئێوارێ
ئەو پیرەمێردە هاتەوە ••
ڕێی بدەن با بێتە ژوورێ

سـەرکردە :

بەڵێ •• باشە !

– تاریکی –

حیکایەتخوان :

ڕۆژی دوایی
مامە پیرە •• نەهاتەوە ••
شازادە خەم دایگرتەوە ••
کاتێ لە ژوورەکەی خۆیدا ••
نائومێد بووبوو •• ئەگریا ••
نامەیەکی تری بینی ••
فڕێ درابوە بن دەرگا
ئەوسا ڕای کرد
نامەی هەڵگرت

شـازدە « نامەکە ئەخوێنێتەوە » :

« دەرفەت کەمە
مۆمی گەورە وا خەریکە بتوێتەوە
گرێ کوێرەی گیروگرفت

بەم گریانو دۆش‌داماندە

ناکرێتەوە »

چی بکەم ؟! چی‌بکەم ؟!

تۆ بڵێی لەم ناوچەوانە

وا نووسرابێ

ژیان لەناو سنووقێکی داخراودا •• بەسەربەرم ؟!

خوایە چێ بکەم ؟!

خوایە چارێ ؟!

شـــــازادە « ڕووئەکاتە سەرکردەی پاسەوانەکان » :

ڕاسپێرە ••

من ئەمەوێ لە ئێستەوە

لە سەرانسەری وڵاتدا ••

ورد بگەڕێن

هەرچی پیاوێکتان بەدی‌کرد

چراوگی وا •• بەدەستەوە

ڕەوانەی کەن •• بێتە ئێرە !

ســـەرکردە :

ئەمە هەمووی

تەنیا لەبەر

پیرە مێردێکی خەڵەفاو ؟!

شـــــازادە :

من •• پێویستە

ئەو پیرەمێردە ببینم

کێ ئەڵێ چار

لای ئەو نی‌یە !؟

ـ تاریکی ـ

حیکایەتخوان :

لەسەر فەرمانی شازادە
بۆ سبەینێ بەیانی زوو
تاریك‌و ڕوون ••
سەرکردەی گشت پاسەوانان
پاسەوانی دانا لەسەر :
سەری جادەو •• پێچی کۆڵان
ئەمری دانێ :
چاوەڕوان کەن •• هەتاوەکوو تاریك دادێ
ئەوسا هەرچی
پیاوێکتان دی
چراوگێکی پچکۆلانەی هەڵگرتووە
بیگرن ، دەم‌ودەست‌و خێرا
بینێرن بـۆ کۆشکی پاشا
بـۆ •• ئێوارە
شازادە هەستاو ڕووی‌کردە
بەر پەنجەرە ••
غەمبار •• دانیشت
تەماشای ڕێگەو مەیدانی
بەردەم کۆشکی گەورەی ئەکرد
چاوەڕوان بوو
بگەنە لای
ڕیزە پیاوی چرا بەدەست !

لەپرێکدا •• کچە پاشا
سەرنجی دا ••
دیمەنێکی سەیری بینیو ؛
سەری سوڕما

سەرکردەی پاسەوانەکان « لە بەردەمی دەرگای کۆشکەوە » :
بیکەنەوە ••
هەرچی دەرگای ئەم کۆشکەیە
بیکەنەوە ••

حیکایەتخوان :
هێندەی نەبرد
لە گشت لاوە
چرا بەدەست لە بەردەرگای
کۆشکی پاشای •• خڕ داخراو
گردبوونەوە ••
ڕیز •• ڕیز •• بە پاڵی یەکەوە
هەتا ئەهات •• چرا هەڵگر
زۆرتر ئەبوون
بە بێ ئەوەی دەرفەتیان بێو ،
پێ بنێنە ناو کۆشکەوە •

سەرکردەی پاسەوانان « لە بەردەمی شازادەدا » :
ئەی شازادە ••
دەرگاکانی کۆشكو تەلار دەنگن ، بەرگەی
چوونە ژوورەوەی ئەم خەڵکە
زۆرە ناگرن
چی ئەفەرموون ؟!

شـــــازاده :

بیرووخێنن ••
هەرچی شوورەی بەرزی کۆشکە
بیرووخێنن ••
هەتاکوو بێنە ژوورەوە ••

- تاریکی -

حیکایەتخوان :

لەسەر فەرمانی شازادە
هەر ئەو شەوە
چی سەربازو پاسەوان بوون
کەوتنە ڕووخاندنی شوورە
بۆ بەربەیان
تەخت کران
ئەوسا کچە پاشای سەلار
لە ژوورەکەی هاتە دەرێو ،
ڕووی کردە ناو ،
باخچەی جوانی کۆشكو تەلار !

شـــــازادە « لەگەڵ سەرکردەی پاسەوانەکاندا » :

سەرنجتدا ؟!
ئەو پیرەمێردەت ناسیوە ،
لەناویاندا ؟!

سـەرکردە :

ئەی شازادە ••
چۆن بتوانم بیناسمەوە ••
لەکاتێکدا ••

دەمچاوی هەر هەموویان
وەکوو یەکە !

شـــازادە :

هەتا ئێستە
نەمئەزانی
لەناو ئەم وڵاتەی مندا ..
ئا ئەمەندە ..
زۆرە چرا !

سـەرکردە :

وا دیارە لە دز ئەترسن ؟!

شـــازادە :

نەء .. نەء
کاتێ کە تاریکی دادێ
هەموو پیاوێ
چراوگەکەی خۆی هەڵئەگرێو ،
بە ڕووناکی ..
ڕێگە ئەبڕێ !

حـەکـــیم :

ئەی شازادە
تۆ ئەتوانی
هەر بە یەك جار
ئەم چرایانە هەڵگری ؟!

شـــازادە :

بێگومان .. نەء !

حـەکـــیم :

هەروەهاش خـــۆر

زۆر گەورەترە لەوەی کە پیاوێ
یاخود ژنێ ••
بە تەنیا خۆی هەڵیبگرێ !

شــــازادە :

ئا •• ئیستەکە لە مەبەستی
باوکم بە چاکی گەیشتم
ئەم چراوگە پچووکانە
هەر هەموویان کە پێکەوە
گردبوونەوە ••
ئەبن بە خۆرو ئەوساکە
دێنە ناو ژووری کۆشکەوە !

حـەکــــیم :

بەڵێ •• وایە
بەڵام شازادە بڕوانە ••
تەماشا کە !
سەرنج بدە •• چۆن لە نێوان
پەنجەرەوە ••
بەرەو ناخی کۆشکو تەلار
خۆر مل ئەنێ
بۆ ژوورەوە !

شــــازادە :

ئێجگار سەیرە ••
یەکەم جارە
ئەمە ڕوودات !

حەکیم :

بەڵێ شازادەی میهرەبان
یەکەم جارە ئەمە ڕوودات
چونکە تۆ شوورەو دیواری
کۆشکت ڕووخان
ئەی نازانی ؟!
ئا ئەو شوورەو دیوارانە
بووبوونە هۆی
ئەوەی بە زۆر
ڕێی هاتنە ژوورەوە بگرن
لە تیشکی خۆر

« وچـــان »

ئەوا ئیتر لەئیستەوە
بووی بە پاشا
چونکە وەسیەتەکەی باوکت
بەجێهێناو ،
توانیشت خۆر
بهێنیتە ناو کۆشکەوە !

پێداچوونەوەی هەندێ بیرو ڕا
لە دەوروبەری ڕێنووسی کوردی و یەکخستنیدا

موحەممەدی مەلا کەریم

دۆستی خۆشەویستم کاک جەلال دەباغ ، دوابەدوای وتارەکەی من لە هاوکاریی ژمارە ٤٢٥ی ڕۆژی ٨/٥/١٩٧٨و وتارەکەی کاک حوسێن عارف لە هاوکاریی ژمارە ٤٢٦ی ڕۆژی ١٥/٥/١٩٧٨دا لەمەڕ یەکخستنی ڕێنووسی کوردی‌یەوە ، وتارێکی لە ژمارە ٢٩٣ی ڕۆژی ٢٧/٥/١٩٧٨ی بیری نوێدا بڵاو کردەوە • ئەویش لەو بابەتانە کۆڵیبووەوە کە منو کاک حوسێن لێ‌یان دوابووین • بەڵام لە دووتوێی وتارەکەیدا ڕەخنەی لە چەند پارچەیەکی وتارەکەی من گرتبوو و بیری تایبەتیی خۆی بەرانبەر بەو بیرانەی من دەربڕیبوو • بۆیە منیش پێم‌خۆشە بە چەند لاپەڕەیەك لەو بیرانەی کاك جەلال بکۆڵمەوەو بەپێی تێگەیشتنی خۆم ڕووی ڕاستی قسەکانی خۆمو بۆنەچوونی کاک جەلال لە هەندێ لە بیرەکانیدا بخەمە ڕوو[1] •

کاك جەلال ڕەخنەی لەوە گرتبوو کەوا من بیرنەکردنەوەی زووی کوردم لە داڕشتنی شێوەیەکی تایبەتی بۆ دەنگی کوردی گێڕاوەتەوە بۆ موسوڵمانەتیمان [کە ئایینی ئیسلام لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ کوردستان ، تیپی عەرەبیی کردووە

---

(١) هەرچەند ماوەیەکی کەمیش نا بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو سێ وتارەدا تێپەڕیوە کە ئەم وتارەیان دوابەدوا نووسراوە ، هێشتا لەبەر بایەخی بابەتەکە ــ بە بۆچوونی خۆم ــ بە پێویستم زانی ئەم وتارەم بڵاو بکەمەوە کە وەختی خۆی دەرگای هەردوو ڕۆژنامەی (هاوکاری)و (بیری نوێ)و گۆڤاری (بەیان)و (ڕۆژی کوردستان)ی لە ڕوودا داخرا •

به تیپی پێنووسینمان ، خوا به زمانی عه‌ره‌بی نووسیبێتمان یا به فارسی یا به کوردی]و بۆ ، پێوه‌ندی دێرین‌و له‌مێژمان له‌گه‌ڵ کولتووری عه‌ره‌ب‌و فارس‌و ، نووسیبووی هۆی ئه‌م بیرنه‌کردنه‌وه‌یه ئه‌وه نی‌یه که من نووسیومه ، به‌ڵکو « هۆی سه‌ره‌کیی ئه‌و ڕاستی‌یه‌و گه‌لێ گیروگرفتی‌تری زمان‌و نووسین ئه‌وه‌یه که کورد قه‌واره‌یه‌کی سیاسیی خۆی نه‌بوه » •

من ئه‌مه‌م به‌لاوه هه‌ڵه‌یه‌و قسه‌که‌ی خۆم به‌لاوه ڕاسته ، چونکه کاتێ که ئایینی ئیسلام هات ، هه‌ستی نه‌ته‌وه‌یی نه له‌ناو عه‌ره‌ب‌و نه له‌ناو کوردو نه له‌ناو هیچ گه‌لێکی‌تردا په‌یدا نه‌بووبوو تا ناکۆکی‌یه‌کی نه‌ته‌وه‌یی له‌نێوان عه‌ره‌ب‌و گه‌لانی ئه‌و وڵاتانه‌دا په‌یدا بێ که ئیسلام داگیری کردن • ئیسلامه‌تی خۆی وه‌ك ئایینێکی « ئومه‌می » هاته ئاراوه که داوای ئومه‌می‌یه‌تێکی ئیسلامی ئه‌کات « وان هذه امتکم امة واحدة ، وانا ربکم فاعبدون » ، « انما المؤمنون اخوة » • مه‌به‌ستم له ئومه‌می‌یه‌تی ئیسلام ئه‌وه‌یه چۆن جووڵانه‌وه‌ی چینایه‌تی جیاوازی له‌نێوان ئه‌ندامانی چینه‌که‌دا ناخا به‌گوێره‌ی نه‌ته‌وه‌یان ، ئیسلامه‌تیش هه‌روا جیاوازی له‌نێوان موسوڵمانانا ناخا به‌گوێره‌ی نه‌ته‌وه‌یان • ڕاسته‌که‌ی ئیسلام بزووتنه‌وه‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی بوو نه‌ك نه‌ته‌وه‌یی • هه‌ر بۆیه‌ش وا زوو به‌ئاسانی توانی ئه‌و هه‌موو وڵاته‌ی ڕۆژهه‌ڵات‌و ڕۆژاوا داگیر بکات • پاشانیش که کێشه له هه‌موولایه‌که‌وه سه‌ری هه‌ڵدا ، مه‌سه‌له‌که هه‌ر نه‌ته‌وه‌یی نه‌بوو ، مه‌سه‌له‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی‌و چینایه‌تی بوو هه‌رچه‌ند له هه‌ندێ شوێنیش شێوه‌ی نه‌ته‌وه‌یی پێوه دیاری دابێ • ئه‌مه لای هه‌موو ئه‌وانه‌ی که مێژووی خه‌باتی کۆمه‌ڵایه‌تیی سه‌رده‌می عوسمانی کوڕی عه‌ففان به‌دواوه ئه‌زانن‌و هوشیاریی چینایه‌تی‌یان هه‌یه ، به‌ته‌واوی ئاشکرایه • له‌به‌رئه‌وه‌ش که ئیسلام له عه‌ره‌بستاندا په‌یدابوو ، دیاره ئه‌بوو قورئان عه‌ره‌بی بێ‌و کولتوور به زمانی عه‌ره‌بی بێ‌و ، چونکه ئیسلامیش ته‌نها پێوه‌ندی نێوان خواو به‌نده‌ی ڕێك‌نه‌ئه‌خست ، به‌ڵکو ده‌ستی به‌سه‌ر تێکڕای

ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو کولتووریدا گرتبوو ، ئەبوو عەرەبی ببێ بـــە زمانی هەموو ئەم بابەتانە • لەمـــە بـــەولاوە چارەیەکیتر نەبوو • تەنانەت بەشبەحاڵی گەلێکی خاوەن مێژووی سیاسیو کولتووریی وەك گــەلی فارسیش کە زووبەزوو کەوتەوە دروست کردنی زمانێکی ئەدەبیی نوێ بۆ خۆی ، زمانی عەرەبی سەدان ساڵ وەك زمانی کولتوورو سیاسەتو کۆمەڵایـــەتیو ئابووری مایەوە • ئەبوو هەر واش بێ • عەرەبیی ئەو سەردەمـــە دەورێکی وەك ئـەو دەورەی بینی کە ئێستا ڕووسی لـە ژیانی گەلانی سۆڤیـــەتدا ئەیبینێ کە دیارە ئەوەی تۆزێ مەوزووعییەتی ببێ دان بەوەدا ئەنێ کـــە بلاویی زمانی ڕووسی لە سەرانســەری ولاتی سۆڤیەتدا هیچ نیشانەیـــەکی داگیرکردنو زۆرەملێو چەوساندنەوەی کولتووریی پێوە نییە •

لە سەرێکیتریشەوە کورد خۆی لە پلەیەکی ئەوەندە بەرزی شارستانەتیدا نەبوو بەتەنگ زمانی ئەدەبیو ئەدەبی نەتەوەییو شتیواوە بێ • کورد گەلێ گەلێ لە فارس لەپاشتر بوو • لە قۆناغی سەرەتای دەرەبەگیدا بوو ، خێڵەکی بوو ، بە هیچ کلۆجێ وەك گەلێك ، لەو پلەیەدا نەبوو بیر لە کولتوورو زمانی ئەدەبیو نووسینی نەتەوەییو شتیوا بکاتەوە ، نەخوازەلا لەکاتێکدا کە ئاینو فەرمانڕەواییش لێك ئالابوونو هەردوکیشیان لە کولتووری عەرەبیدا یەکیـــان گرتبووەوەو مرۆڤ خۆی بیری لەوە نەئەکردەوە پەل بۆ دەرەوە بهاوێژێ •• سەرتان لەم قسانە سووڕ نەمێنێ ، تەنانەت بیر لەوە بکەنەوە کـە شیعری کوردی [شیعر کۆنترین چەشنی ئەدەبـە] لە پتر لــە ٥٠٠ ســاڵ پاش هاتنی ئاینی ئیسلامەوە بۆ کوردستان دەست پێئەکا • ئەمەیە هۆی پەیدا نەبوونی ئەلـفو بێی تایبەتیی کوردی نەك نەبوونی قەوارەی سیاسی •

ئەمجا ئەگەر مەسەلە بوونی قەوارەی سیاسییە ، کێ ئەڵێ کورد قەوارەی سیاسیی نەبوە ؟ لەوڕۆژەوە کە چەرخی زێڕینی دەوڵەتی عەبباسی بەسەرچووە ، کوردستان بێبەش نەبوە لە گەلێ میرنشینیی بەڕاستی سەربەخۆو ئەم حاڵەتە تا

پاش شەڕی (چالدیران)ی نێوان عوسمانی یەکانو سەفەوی یەکان بەردەوام بووە هەرچەندیش گەلێجار هەندێ بەشی کوردستان کەوتووەتە ژێردەستی بووەیهیو سەلجووقیو مەغوولو تەتەرو دەولەتانی تر •

خۆ ئەگەر بەمەش باوەڕ نەکەین ، ئەی ئەبێ بۆ ئێران بلێین چی ؟ ئێرانی یەکان هەر لە سەردەمی سامانی یەکانەوە لەژێر ڕکێفی عەبباسی دەرچوونو قەوارەی سیاسیی خۆیانیان پێکەوە نایەوەو تەنانەت خەلیفەی بەغدایشیان چەند جارێك خستە ناو قەفەزی خۆیانەوە • کەواتە ئەی ئەوان بۆ پیتی تایبەتی یان بۆ دەنگەکانی خۆیان دروست نەکرد ، یا نووسینە کۆنەکەی خۆیانیان زیندوو نەکردەوە ؟ ئەی تورکە عوسمانی یەکان کە زوربەی ولاتانی ئیسلامو تا ناوەڕاستی ئەورووپایان داگیرکرد •• ئەوان بۆچی بیریان لەوە نەکردەوە لە چوارچێوەی تەسکی تیپی عەرەبی دەرچن ؟ •

کەواتە مەسەلە مەسەلەی بوونو نەبوونی قەوارەی سیاسی نی یە • مەسەلەی پێنەگەیشتنی شارستانەتیو هەستنەکردنە بە گیانی نەتەوەیی • ئەگەر ئەوە هەبوایە ، با قەوارەی سیاسی‌یش نەبوایە ، بیر لە دروستکردنی ئەلفو بێی تایبەتیو زمانی ئەدەبیو شتیوا ئەکرایەوە • نابینی بولگاریایی یەکان کە ژێردەستەی تورکیش بوونو دەولەتیان نەبوو ، چۆن ئەلفو بێی تایبەتیی خۆیانیان دامەزراندو کولتووری میللیی خۆیانیان پێکەوەنا • هەروەها گەلێ گەلی تریش لە ناوەڕاستی ئەورووپادا • ئەوەش کە تورکەکان لەپاش شەڕی یەکەمی جیهان دەستیاندایەو تیپی عەرەبی یان گۆڕی بە تیپی لاتینی ، بەرپەرچی قسەکەی من ناداتەوە ، چونکە ئەو کارەی ئەوان ئەنجامی ئەو گۆڕانە تەبیعی یە نەبوو کە من بەش‌بەحالی ڕەوتی ئاسایی مێژوو باسی لێ ئەکەم ، بەلکو کارێکی ناسروشتیو دەستکردو زۆرەملێ بوو بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێنراو لە پێویستیی ژیانی کولتووریو لە ناخی گەلو پێویستی یەکانیەوە هەلنەقولابوو •

کاك جەلال لای‌وایە « نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی ، چاکترین

ڕێگەیە بۆ دواڕۆژ هەرکاتێك گــەل توانی بڕیاری بدات ، ئەوا ئاسانترەوە لە بنەڕەتەوە ڕێنووسی زمانەکەی پێ یــەك دەخرێتو بەخێرایی بەرەو پێشتر دەچێت » .

دیارە ئەم مەسەلەیە بە بڕیاری ئەمو ئەو نابڕێتــەوەو وەك کاك جەلال ئەڵێ « گەل هەروەختێ توانی » چاکــەو خراپەی ئــەم ڕێگایە لێك بداتەوە ، بڕیاری خۆی لەسەر ئەدا . بەلام لەگەڵ ئەوەشدا من هەر بە پێویستی ئەزانم بڵێم وەختی ئەوە هاتووە هەستی نەتەوەییمان لــە چوارچێوەی کەف و کــــوڵ دەرچێو پشت بە زانستو لێکۆڵینەوەی وردو هەڵسەنگاندنی هوشیارانە بڕیاری تیا بدرێ . ئێمە سەردەمێکمان بەسەردا تێپەڕی ئەوەی داوای بە لاتینی نووسینی کوردیی نەکردایە لەلایەن زۆرکەسەوە بە زۆڵە کوردو کۆزمۆپۆلیتو شتی وا دائەنرا ، وەك بڵێی گەلی کورد یەکێك بێ لە گەلە لاتینیی یەکان . ئەو هــەموو گۆڕانە سیاسیی یانەی بەسەر ولاتەکەماندا هاتــــن ، کارێکی ئەوتۆیان کـــرد زۆرکەس چاو بە هەڵوێستی خۆیدا بگێڕێتەوەو ڕەخنەیــەك لە خۆی بگرێ . ئێستاش کە کاك جەلال ئەم پێشنیارە دێنێتەوە ئاراوە ، من بە دڵ حەز ئەکــەم بێ سڵ کردنەوە لە هیچ جۆرە حەساسیی یەتێك ، بەکاوەخۆ لێی بکۆڵرێتــەوەو ئەمدیوو ئەودیوو سەروبن بکرێو چاکەو خراپەی دەربخـــرێ ، بۆئەوەی بڕیاری سبەینێمان بڕیارێکی زانستانەو دوور لە هەموو جۆرە هەڵچوونێــــك بێ . بۆیە من خۆم باوەڕی خۆم دەرئەبڕم کەوا هەرچەند لەوانەیە نووسینی لاتینی هەندێ گیروگرفتی ئێستای ڕێنووسمان بۆ چار بکا ، بەلام کۆمەڵێــك گیروگرفتی نوێشمان لە ڕوودا ئەکاتەوەو ، ئەویش بە بێدەسکاریی یەکـــی زۆر بەدەنگی دەنگە کوردیی یەکانەوە نایەت . سەرەڕای ئەوە پێوەندمان بـــە کەلەپووری کۆنی خۆمانو گـــەلانی عەرەبو فارسەوە ئەبڕێت کـــە ناتوانین نەڵێین بەشێکی گـــەورەی بناخەی کولتوورمانی لێ پێك دێت . بۆنموونە گەلە موسوڵمانەکانی سۆڤیەت کە لەبەر پێوەندیان بە یەکیەتیی سۆڤیەتـــەوە وەك

دەوڵەتێك کە زمانی ڕووسی زمانی سەرەکی یە تیایداو ، بەهیوای ئەو پاشەڕۆژە گەش و ڕووناکەوە کە لەم ڕێگایەوە چاوەڕوانی یان دەکات و هەر لە ئێستاشەوە نیشانەی بەئاشکرا دەرکەوتووە ، بە پێویستیان زانی دەست لە ئەلف و بێی عەرەبی هەڵگرن و ئەلف و بێی ڕووسی ـ بە وردە دەسکاری یەکەوە ـ وەربگرن و بیکەن بە ئەلف و بێی زمانە نەتەوەیی یەکانی خۆیان • ڕادەی پێشکەوتوویی تێکڕای یەکێتیی سۆڤیەتیش گەلێ کون و کەلەبەری ژیانی کولتووری یانی بۆ پڕکردنەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبیرچوونەوەی تیپی عەرەبی و فارسی زیانێکی زۆری بە پێوەندی کولتووری یان بە ڕابوردووی خۆیان و گەلە موسوڵمانەکانی دراوسێ یانەوە گەیاندووە • ئەمە ڕاستی یەکە ناکرێ هەرگیز لە بیری بکەین • کەواتە ئەی ئەبێ ئێمە لەپێناوی چیدا ئەم پێوەندی یەمان ببڕین و چاوەڕوانی چ خێروبێرێکی تایبەتی بین لە بەکارهێنانی تیپی لاتینی یەوە بەسەرماندا بباریٔ !

کاك جەلال ڕەخنەی لەوەشم گرتبوو کە من لاموایە لەوانەیە هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەریی مامۆستایانی کورد تەگەرەکانی ڕێگای یەکخستنی ڕێنووسی کوردیمان ـ لە ڕێگای دەرز وتنەوەوە بە قوتابی یان ـ بۆ تەخت بکا • من بۆیە لاموایە ئەم قسەیەم ڕاستە ، چونکە لە مێژوودا گەلێ کاتی وا ڕێ ئەکەوێ گەلی هوشیارو کەسانی دڵسۆز بەرابەر بەو گیروگرفتانەی لەڕێیاندان و بۆ بەرگری لە خۆیان توانایان چەند قات ئەبێتەوەو کاری وا ئەکەن لە باری ئاسایدا بە کەس نەکرێ •• تۆ هەر سەیرێکی مێژووی خەڵکی ڕەش وڕووتی ڕووسیای پاش شۆڕش و ساڵانی بیست و سی بکە •• بڕوانەرە ڕووداوەکانی سەردەمی جەنگی دووهەم لە یەکێتیی سۆڤیەتدا •• بەزەحمەت بنیادەم ئەتوانێ باوەڕ بکا گەلێکی وا برسی و ماڵوێران و وڵات داگیرکراو ، ئەگەر تامی ژیانی نوێ و پێویستیی پاراستنی خۆی و ئەو ژیانەی و بەرگری لە دواڕۆژی بەرابەر بە گەردەلوولی کۆنەپەرستی و فاشیزم نەبوایە ، ئەیتوانی

خۆی ڕابگرێو سەرەڕای ئەوەش وڵاتەکەی بگەیەنێتە ئەو پلەیە کە ئێستا بووە بە یەکێك لە دوو وڵاتی هەرە بەدەسەڵاتی جیهان • کەواتە منیش زۆر لەجێی خۆیایەتی هەستی نەتەوەییو نیشتمان پەروەریی مامۆستایانی کورد بزووێنمو بەهیوا بم لە ڕێگای دەرز وتنەوەوە بە قوتابییان ئەو تەگەرە مێژوویییە لە بەرپێی وەچەی داهاتووماندا تەخت بکەن •

سەرەڕای هەموو ئەمە ، من ئەرکێکی ئەوەندە زلیشم نەخستووەتە ئەستۆی مامۆستایانو خەڵك کە لە عۆدەی نەیەن • من داوام کردووە نوێنەرانی دەزگا کولتووریییەکانی کورد کۆبنەوەو بگەنە بڕیارێك لەبارەی ئەو چەند بابەتەوە کە ئێستا نووسەران لە جۆری نووسینیاندا هاودەنگ نین ، تا پاشان ڕۆژنامەنووسەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیانداو ، دەزگای خوێندنی کوردی لە کتێبە کوردییەکانی قوتابخانەکاندا بەگوێرەی ئەو بڕیارانە بنووسن • بێگومان بەشێکی زۆریش لە مامۆستایان کە دییان کتێبەکانی قوتابخانەکان چۆن نووسراونەتەوە ، ئەوانیش قوتابییان وا فێری نووسین ئەکەنو خەڵکی تریش وردە وردە لە ڕێگای خوێندنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەوە بەوجۆرە ڕێنووسە ڕادێنو پاش چەند ساڵێك ئەم ڕێنووسە ، بەتایبەتی لە ڕێگای وەچەی نوێی قوتابخانەکانەوە ، زوربەی کوردەکە ئەگرێتەوەو ، هەر ئەمەشە چارەو چارەی مەسەلەیوا بە زۆر ناکرێ تا پێویستی بە دەوڵەت بێ •

دواجاریش دووبارەی ئەکەمەوە هەرچەند پڕ بە دڵ حەز ئەکەم ئەگەر تەنها ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش ڕێنووسی یەکگرتوو بۆ خۆیان دانێنو ، ئەڵێم هەر باشەو زۆریش باشە ، بەڵام ئەمە نە ئەبێ لە جێی پێشنیارەکەی من بێو نە پێشنیارەکەی منیش ڕێی لێ ئەگرێ •

گەزنە

ئازاد دلزار

١ ـ چـــــاو :

ئەستێرەیێکی گەش ڕژا
لە کازیوەی بەر بەیانا
چاوەکانی ئەو جوامێرەم کەوتەوە یاد ،
بەسەر تیژاییی نێزەدا هەڵخلیسکا ،
هەروەك ئەو هێلکە تفتیلەی ،
لە هێلانەدا دەکەوێ ،
بە شوێنێکی بەردەڵانا •

٢٦ـ٥ـ٩٧٨

٢ ـ چراوگ :

دەستە ڕێژێك ،
سەگوەڕی دوور بەدوایەوە •
هەموو دەرگاکان داخران ،
دوا چراوگی شەو بێداران کوژایەوە •
هەتا سبەی یەکەم هەواڵ
ـ دەڵێ : لاوێك لە ناو کەڵەکێك برینا
لە دڵی دایکیا نێژرا •

٢ـ١ـ٩٧٩

٣ ـ سوار

وا دیسان له دەرگا دەدرێ
له شارە غەمبارەکەما ،
سوارێکی ڕەش ،
توند دەمامکی خۆی بەستوە[١]
کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕێ .
ئەوەی بێ چەك
دەرگای له ڕوو بکاتەوە ،
هەر وەك بەرخ سەری دەبرێ

١٩٧٦

٤ ـ نیشانە

کارە مەرەزێکی شینك
تخووبی پاوانی بەزان .
بۆیە پیاوی ئاغای ئەوبەر
ناو چەوانی کردە نیشان

١٩٧٥

٥ ـ ئەشکەوت :

لەو تاتوكو زەنوێرەدا ،
دوای کارە کێوییێ کەوتم[٢]
لەپڕ خۆی کوتا ئەشکەوتێ ،
کاتێ بێپارێز بەدوایا بە ژوور کەوتم

---

(١) بۆ ئەم شیعرە سوود لە ئەفسانەی کۆنی کوردی وەگیراوە .
(٢) بۆ ئەم شیعرەش سوود لە ئەفسانەو سەر بردەی کۆن وەرگیراوە .

بوو بە دێوێکی چنگ بە خوێن ،
خڕ دەرگای لەسەر داخستم .

١٩٧٦

٦ ـ تـــــەرزە :

پێیان دەڵێم :
بچینە بەرایی برووسکە ،
تا گێشەو خەرمانەکانمان
ئاگر نەگرن ،
لێڕەکانمان نەبنە سووتو ،
چیتر تەرزە ،
فەریکە سێوەکان نەکوتن

١٩٧٧

٧ ـ گوێـــــز :

مناڵێك بـــۆ گوێز دەگریا ،
سمۆرەیێك ،
فرمێسکەکانی لستەوە ،
ـ گوتی : مەگری ،
هەزاران گوێزم ناشتووە
لەو خاکەدا .

٦ـ١ـ٩٧٩

٨ ـ شـــــلێر :

کە مناڵێکی چیایی بەندان دەڵێ
سپیندار گەز گەز باڵا دەکا
تومەز شلێر ،
جگەر سووتانی زۆر دیوە ،

هۆن هۆن دەگری
له ئەژمەتا •

١٩٧٩-١-٧

٩ ـ ســـمۆره :

کۆترێك له لوبنانەوه هات ،
گێڕایەوه :
که چۆن درەختی زەیتونو
دارستانی «ئەرز»یان سووتان ،
لەوکاتەدا سمۆرەیێك زریکانی ،
ـ فریا کەون ،
وا دار گوێزەکان داگیرسان •

١٠ ـ ڕووبـــار :

٩٧٩-١-٦

ئەو ڕووبارەی وا پرخەی دێ
لەژێر پەردەی ڕەشی شەوا ،
تۆ وا مەزانە خەوتووه •
ئەو کۆلکە مێوه کرمۆڵەی ئەو تەلاّنە ،
وا مەزانە وشك بووه
هێندەت زانی ،
سەهۆڵ بەندانی ئەو شاخە
کرایەوه
ڕووبار بە چاوی سوورەوه کەوتە سەر پێ ،
کۆلکە مێو توولەی هاویشتو
ڕشایەوه •

٩٧٨-٩-٢٨

دەستنووسی "بەرحیصی عابید"
لەبەرهەمی
"فەقێ تەیران"

عبدالرقيب يوسف

فەقێی تەیران یەکێك لە شاعیرە کۆنەکانی کوردە کە بناغەی ئەدەبی کوردی‌یان داناوە • تەیران شاعیرێکی پایەرز بووەو بەرهەمێکی زۆری بەجێ هێلاوە • بەرهەمەکانی زۆر سادەو سازو ڕەوانن و نزیکی شێوەی قسەکردنی جەماوەری خەلکن • ئەتوانین بەرهەمەکانی فەقێی تەیران بکەین بە دوو جۆر : جۆری هەلبەستی بلاو بلاو یانێ (قەسیدە)و هی‌تر لە چەند چیرۆکی ئایینی‌و نەتەوایەتی پێك دێ کە بەشێوەی هەلبەست داڕژاندنەو ئەو چیرۆکانەش هەریەکیان بە پەرتووکەکی سەربخۆ دژمێررێ • تەیران یەکەم کەس بووە چیرۆکی کوردیی نووسیوەو ئەتوانین بە یەکەم چیرۆکنووسی کوردی لە قەلەم بدەین •

هەلبەستەکانی تەیران بە بلاوی زۆرن ، بەلام چیرۆکەکانی کە بە شێوەی پەرتووك‌و کتێبن ئەوەی کە ئێمە پێی‌ئەزانین هەتا ئێستا ئەمانەن :

١ ـ شێخی صنعانی یان شێخی‌صنعانیان لە سالی ١٠٣٠ك = داینــــاوە • ئەم چیروکەی (٧٢٠) دێڕە شیعرە بەپێی یەکێك لەو سێ دانە دەستنووسەی کە لەلامانە •

٢ ـ هەسپێ ڕەش •

٣ ـ سیسەبان •

٤ ـ خانی دمدم •

٥ ـ برصیصێ عابید •

هندێك ئەڵێن چیرۆكی (ستی‌و فرخ)یش ئی فەقێی تەیرانە •

ئەو بەرهەمە كە لەم وتارەدا باسی لێ ئەكەین بەرهەمی پێنجەمە كـــە دەربارەی بە سەرهاتی بەرصیصی عابدە • ئەم بەرهەمەی تەیـــران زۆر نایابە چونكە ناوی تا ئێستا نەكەوتوەتـە بەرچاومان لەســـەرچاوە مێژوویـــی‌و ئەدەبی‌یەكانمانداو ناوی نەكەوتبوە بەرگوێچكەمان لە پێش دۆزینەوەی دانەیێكی دەستنووس لەم بەرهەمە لە دەرەوەی عیراق • وا دیارە دانەكانی زۆر كەمـە ، چونكە لەپاش گەڕان‌و پرســـیارەكی زۆرو بڕینی سەدان كیلۆمەتر لـــە هندێك ناوچـەكانـــی كوردستانی ڕەنگـــین‌دا نەمانتوانی دانەیـەكی‌تر لـەم دەستنووسە پەیدا بكەین •

باس‌كردنی دەستنووسەكە

دەستنووسی بەرصیصی عابید بەشـێكە لە دەســتنووسێك كـــە قەبارەی (٢٥ × ١٥سم) و ٢٨ لاپەڕەیەو هـەر لاپەڕێك ٢٣ دێڕەو تەنیا دووسێ لاپەرە نەبێ هەر دێڕێك دوو مالكە شــیعری تێدایەو بە مرەكـەبی ڕەش هاتوەتـــە نووسین‌و خەتەكەی زۆر جوان نی‌یە • دەستنووسەكە كۆن نی‌یە چونكە لـــە ساڵی ١٩٦٩ هاتوەتە نووسین لە لای محمد علی كوڕی حاجی ڕەشید كەفشـنی لە گوندی (بارمێ) لـە ڕۆژئاوایی جزیرا بۆتان • دەســـتنووسەكە بە شێخی صنعانیان دەست پێ ئەكا هەتا لاپەڕی (١٦)

٢ ـ بەرصیصی عابید لە لاپەڕەی (١٧) دەست پێ ئەكا هەتا (٢٦) •

٣ ـ هەڵبەستی « ئەی ئاف‌و ئاف »یی فەقێی تەیران لە دەستنووسەكەدا هەیە ، (٦٨) دێڕە شیعرە • بەڵێ دوو دێڕ لە كۆتاهی‌یەكەیدایە هەڵبەستێكی‌ترەو لەم هەڵبەستە نی‌یە • ئەم دانەیە لەم هەڵبەستە پێ ئەچێ تەواو بێ چونكە

لە چەند دانەیەکی‌تر کە بەرچاومان کەوتووە تەواوترە •

٤ ـ هۆنراوەکی‌تر یێ تەیران تێدایە کە پێشەکی‌یەکەی ئەمەیە :

ئیرۆ وەرن لازم وەرن
جیرانو خەلکی هیشەتی

بە خەتێکی‌تر ١٢ دێرە شیعر لە کۆتاهی‌یەکەیدا هەیە یی شاعیرێکی نوێ‌یەو پێشیاوی ئەمەیە « گەلی فەقێیان » •

چیرۆکا بەرصیص لە (٤٢٢) دێرە شیعر پێك‌هاتووەو ئەم (عیبارەتەی) خوارەوەی لەسەر نووسراوە :

« ژ دیوانا فقهی طیران بحسا برصیص عابد دەگوتیە خودازی راضی بی » •

پێشیاوی یانێ پێشەکی‌یەکەی بەرصیصی عابید ئەمەیە :

گوهدنە پیری دەفتەران
دا ئەز بخونم ڤی خەتی

لە کوتایەکەیدا ئەم دێرانە هەیە :

بی حساب (مکسی) خەبەردان
ژیاریا قەلسو نەمەردان
ری نەدامەت بی بسەردان
میمو حی ب روایەتی

میمو حی ئەڤ بەند دگوتن
ئەم بمەعنایی قەهوتن
عوجبی گشت خیران دشوتن
لەو ریا بکێر نەتێ

فیعلا خراپ خودبینی‌یە
عوجبی نەکن لدینی‌یە
دەر با سەراسەت مسکنی‌یە
ژ دەرویشی‌و حەقارەتێ

وەها دیار دبێ کە ئەمە بەرهەمی تەیرانە چونکە دوو جار نازناوی یان بڵێین (ڕەمز)ەکەی ناوی « میمو حی »یە تێداتی • بێگومان ناوی تـــەیران (محمد)ەو هەروەها نازناوی «مکسی»ش تێـــدا دەبینین • هەروەهـــا وشـــەی « مکسی » لە دێڕی (٢٨)داش هاتوە • فەقێش خەڵکی بازاری مکسی بوویـــە کە لە کۆنەوە جێگەی خوێندن بوویەو خۆندگاها (مەدرسا) میر حەسەنی وەلی بناووبانگ بوویە •

ناوەرۆکی چیرۆکی بەرصیص

ناوەرۆکی ئـــەم چیرۆکە ، هەروەکو لە دەستنووســـەکـــەدا هاتوە ، بەکورتی وەهایە :

بەرصیصی عابید زۆر لە خواترس بوە لە وڵاتی شامێ بە شەوو بە ڕۆژ ئیتاعەتی خوای ئەکرد لە ئەشکەوتو کونە بەردەکانی شاخەکاندا لەگەڵ پەزی کۆڤی (حەیوانە کێوی) دچیریو دژیاو خواردنی ئاوو گیا بوو تا کرو زەردو لاواز بوو و ناوقەدی چەمایەوە تا وەکو پیتی دال (د)ی لێهـات • بەرصیص گەیشتە پلەی ئەولیایەکانی خواو ناوی لـــە رۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا بڵاو بوو و خەڵك ئەچوون بۆ دیتنا ویو بیمارەکانیان ئەبردن لایو بەدوعایەکانی چـــاك ئەبوونەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش بەرصیص بێ شێخو بێڕەهبەر بووە • شەیتان زۆر هەوڵی ئەوەی ئەدا کە ئەم عابیدە لە ڕێگەی ڕاست دەرخا بەڵام بێسوود بوو تا جارێك لەگەڵ کورەکانی کۆبوەوەو گلەیی لێیان کردو گوتی ئەگـەر زوریەتم هەبایە بەرصیص وها نەدەما • بەڵێ شەیتانەکی بچووك کە بە نـــاوی « وەسوس » بوو وەڵامی (باوکی) دایەوەو گوتی : خەمت نەبێ بەرصیص لـــە ملی منو ئەبێ ئەمن لە ڕێگەی دەرخەمو هەڵخەڵەتینم • ئـــەم شەیتانـــە جلو بەرگی عابیدانی لەبەر کردو چوو بۆ جێگایەکی نێزیکی بەرصیصو دەســـتی بە ئیتاعەت کـــردن کرد بە شـــەوو بە ڕۆژ وە بەرصیص زۆر ســـەری لێ

سوورِ ما له دڵی چەسپا کە ئەم مرۆڤە زۆر پیاوەکی ساڵحو چاکە • بەرصیص چوە لای وە بوون بە هەڤاڵی یەکترو پێکـەوە نوێژو ئیتاعـەتیان ئەکردو باسی پێغەمبەرەکانو پیاوچاکانیـــان ئـەکرد • بەرصیص (٦٩) ساڵ بـــو عیبادەتی ئەکرد • بەم شێوەیـە ڕۆژێك هەڤاڵەکـــەی پێی‌گوت ئەبێ شـێخو ڕابەرێکت هەبێ • ئەویش گوت ڕابەرم (خضر)و (الیاس)ە • ئەم پێ‌گوت ئەگەر مـــن بکەی بە ڕابەرتو شێخت دەتخەمە سەر چەنگی خۆمو ئەفڕینو دچین مەقامی بڵندی خواییو لەسەر دەریایەکان ئەفڕینو هەر دەست بەجێ چەنگو پەڕ لــە (ابلیس) پەیدا بوو بوە تەیرەكو بەرصیص لەسەر پەڕی سوار بوو فڕی لەسەر دەریایی عومانەوە • ئیتر بەرصیص چاك باوەڕی پێ هاتو شــــەیتانی کـــرد بە شیخی خوی •

میرەكو دەسەڵاتدارێکی دەوڵـــەمەنـــد هەبو کچێکـــی یەکجار جوانو شۆخو شەنگی هەبو و زۆر لە لای خۆشەویست بوو شەیتان چووە خەونـــی کچەکە لەشێوەی پیرێکی دەمو چاوی وەك یی بەراز بوو وەکـــو کابـووسو زەبانیەکی ئی جهەنەمێ بوو • هەر دەســـتبەجێ بوو بە سەگـــە تانجییـەك بەگوێدا قیڕاند • دوایی کچەکە لێی بوو بە تاو لەرزو جوانی‌یەکەی تێك‌دا • باوکی چەند ئەستێرەناس (منجم)و (رمال)و فاڵ‌گرەوە بوو هەمووی کۆکردەوە بۆ ئـەوەی بزانن نەخۆشیی کچەکە چی‌یە • بەڵام ئـەوان چەندیان هـــەوڵدا دەستیان کتیب نەدەگرت ، حیسابی « ئەبجەدی » لێیان غەڵەت ئەبوو ، هەندەك پیتی نوێ تێکـــەڵ حیسابیان ئەبوو لێیان تێك‌ئـــەچوو و پیتی(ئەلف) نەدەهاتـە نووسین • سەریان سوورِ ماو هەموویان گوتیان ئیسمو تەلەسم لێ نی‌یە بەڵکـو چاویان لێداوە • پاش ئەوەی هیچ هیوایەکیان نەما ، ئیبلیس چووە خەونـــی دایكو باوکی کچەکـــە • پێی گوتن ئەگـــەر حەز ئەکـــەن کچەکـەتان چاك‌بێتەوە کچەکە برازێننەوەو ببەنـــە لای برصیص با شەووڕۆژێك لـەلای بمێنێ وە تاکو سێ شەو چووە خەونیان • باوکی پرسی بە وەزیری خۆی کرد

بەڵام وەزیرەکە بە جێبەجێ کردنی خەونەکە ڕازی نەبوو ، گوتی ئەم ئیشە حەرامە • میرەکە بەقسەی وەزیرەکەی نەکردو کچەکەی بە جوانترین جل‌وبەرگ ڕازاندەوە بردیان بۆ لای برصیص تا چاکی بکاتەوە • بەڵام برصیص تەماشای جوانیی کچەکەی نەکردو بەلایەوە نەچوو تا ئیبلیس چوو بۆ لای کچەکەو دەستی کرد بە گریان بۆی پەردەی لەسەر ڕووی کچەکە لادا ، داوای لە برصیص کرد کە چاکی بکاتەوە لە نەخۆشی‌یەکەی • کاتێ برصیص چاوی بە کچەکە کەوت تەیری دڵی فڕی‌و لە جوانیی کچەکەدا نقوم بوو وە خۆی پێ ڕانەگیرا • ئیشی خراپی لەگەڵ کرد بەڵام پاشان زۆر پەشیمان بووە بە ئیبلیسی گوت کە بە شێخی خۆی ئەزانی کە ئەم گوناهەی کردوە • ئەویش پێی‌وت تۆبە کردن هەموو گوناهەك ئەبات • بەڵام ئەترسم کچەکە ئاوس بێ • وا باشترە کچەکە بکوژی‌و بزری بکەی بۆئەوەی تووشی شەرمەزراری نەبین • برصیص کچەکەی کوشت‌و لە شوێنێك شاردیەوە • شەیتان دیسان چووە خەونی باوکی کچەکەو پێی‌وت برصیص کچەکەی کوشتوەو لە فلان شوێن شاردوویەتەوە • باوکی کچەکە هات برصیصی گرت‌و کچەکەشی لەژێر خاك دەرهێنا • فەرمانی‌دا برصیص لە سێدارە بدەن • کاتێ خەریك‌بوو لە سێدارەی بدەن شەیتان بەرامبەر برصیص ڕاوەستا • برصیص لێی پاڕایەوە کە ڕزگاری بکات ، ئەویشی پی‌وت ئەگەر سوجدەم بۆ بەی ڕزگارت ئەکەم ، ئەویش سوجدەی بۆ بردو لە دین‌و دیانەت دەرچوو • ئەوجا شەیتان خۆی پێناساندو برصیصیش لە سێدارە دراو حەفتا ساڵ عبادەت کردنی هەمووی بەخۆڕایی چوو •

بەم جۆرە بەسەرهاتی برصیص لە دەست‌نووسەکەی فەقێیێ تەیراندا کۆتایی پێ دێت • هچ گومانی تیا نی‌یە کە تەیران ئەصڵی چیرۆکەکەی لە هەندێ کیتابی ئایینی وەرگرتووەو لە لای خۆشی هەندێ گەشەی پێداوەو بەشێوەیەکی زۆر جوان‌و ڕێك‌و پێك ڕێکی خستووە •

ئەوەی شایانی باسە ئێستا لە هەندێ ناوچەکانی کوردستان وەك ناوچەی بادینان (عیبادەتی بەرسیس) بوویتە پەندو باو (ضرب المثل) • ئەگەر رەنجو خزمەتی کەسێك بەفیڕۆ بڕوات پێی ئەڵێن وەك عیبادەتی بەرسیسی لێ هات •

بنچینەی مێژوویی چیرۆکەکە

«برصیص» « برصیصا » ناوێکی عیبری یان بێژین ئارامی‌یە لە دوو وشە پێك هاتوە «بر» و «صیصا» • وشەی «بر» لە ئارامی‌دا مانای کوڕەو زۆر ناوی وەها هەیە وەکو « بردیصا » و « برصوما » و « برصیص » و « برعیتـــــا » • (برصیص) واتە کوڕی صیص • بەسەرهاتی ئەم پیاوە ئایینی‌یە پیش ئایینی ئیسلام ڕوویداوەو لە ئایینی (یهودی)دا هەبوەو پاشی تێکەڵ ئایینی ئیسلام بوە ، وەکو زۆر بەسەرهاتی‌تری ئیسرائیلی‌یەکان • بەڵام ئایا ئەم بەسەرهاتەی بەرصیص تێکەڵ ئایینی عیسا بووە یان نا ؟ دەربارەی ئەمـــە پرسیارێکـم نارد بۆ کوڕی زمانی سوریانی (مجمع اللغة السريانية)و کوریش بەنامەی خـۆی (نمرە١٠/١٧٩ بەمێژوویی ١٦/٧/١٩٧٨) وڵامیان دامەوە و ئەڵێن : بەسەرهاتی بەرصیصمان لە هیچ سەرچاوەیێکی سوریانی‌دا نەدیتوە •

هەر لە زوووە ئـەم بەســـەرهاتە تێکەڵ ئایینی ئیســـلام بوەو زۆر لــە موفەسیسرەکان کردوویانە بە مانای ئەم ئایەتەی قورئان (ئایەتی ١٦ لەسورەئی الحشر) « کمثل الشيطان اذ قال للانسان اکفر فلما کفر قال اني بريیء ، اني أخاف الله رب العالمين » •

بەپێی هندێك ڕیوایەت ئەم بەسەرهاتە ـ بە بێ ناوی بەرصیص ـ لـــە پێغەمبەر هاتیە وەرگرتن وەکو ڕیوایەتی سهیل (التعريفو الاعلام ص ١٢٧ ـ ١٢٨) چاپی میسر)وسیوطی (الدر المنثور ٦/٢٠٠)و ابن الجوزی (تلبيـــس ابليس ٢٦ ـ ٢٩) • بەڵێ ئەم ڕیوایەتە کزە بەڵکو بەهێز ئەوەیە کە ئەچێتەوە سەر (علی) کوڕی (أبی‌طالب) وەکو طبری باسی کردیە لە تەفسیرا خۆدا (ب٢٨،

ل ٣٣)و هەروها (الحاكم) له (المستدرك ب٢ ل ٤٨٤) • طبری به سێ ڕیوایەتی‌تریش بردوویەتە سەر ابن عباس‌و ابن مسعودو طاوس‌و لەپێش طبری‌یش هندێك زانایان باسی کردنه وەکو عبدالرزاق کوری همام (٨٢٨زا)و بخاری (٨٧٠زا)و ابن اسحاق (٨٤٧زا)و احمد بن حنبل (٨٥٥زا) • دوور نی‌یه أبو اللیث السمرقندی یەکەم کەس بێ ناڤی بەرصیص « برصیصا »ی لەگەڵ ڤێ بەسەرهاتیێ هێنابێ‌و گوتبێ ئەو عابید ناوی «برصیصا» بوویە • (بغوی)ش پاش وی گوتیە ئەو عابیدە برصیصا بوویەو پاش وان گەلەکی تریش وەکو وان گوتیە •

چیرۆکا برصیص گەیشتووە ئاورووپاش لە ڕێگەی (کتاب الاربعین وزیرا)و هندیك له ئاورووپایی‌یەکان باسیان لێ کردوەتەوە وەکو هارتمان‌و گۆڵد سیهرو لاندبرج‌و شوفان‌و ماسینیونیش له چیرۆکی بەرصیص کتێبەکەی وەرگرتووە بەناوی : AMBEROSIO OR THE MONR

ئەم زانیاری‌یەو هندێك زانیاری تریش به درێژی دەربارەی ئەم بەسەرهاتە د (دائرة المعارف الاسلامیة) بەحسا : «برصیصا» دا هەیە •

★ ● ★

تۆ تۆی دەروونم بگێڵە پێشدا
ئەر تۆ دیت تۆیێ غەیرەز تۆ تێشدا

ئازیز ، مەئذوون با باوەڕەش وە بەر
وە مەودای موژە پارە پارەش کەر

ـ مەولەوی ـ

چەند پێناسینەک

عبدالرحمن مزوری

١ ـ ئـەلنـــد :

بەلاتینکا خۆ دسۆژیتن ••
ژبەر ئەڤینەکا ،
پاقـــژ
چرا خوینا خـــۆ درێژیتن ••
دا باربکەن ،
تاریو دژ
رویبار سترانا دبێژیتن ••
داکەزیێت شەنگەبیا ،
واسیی نەمینن
گـــژا فـــژ
ئەژی لـــەوان
پشتا شەڤا ژ دل دقرپینم ••
دا هەلێتن ئەلندەکا ،
بێ تەمو مـــژ
بێ تەمو مـــژ

٢ ـ خەریتـــە :

سیلاڤ هەمی من ڤەخاندن ••

جوانتر ژ سیلاڤا پرچا تــه ،
من نەخاندیە
لەعل هەمی من جەماندن ••
جوانتر ژ لەعلا لێڤا تــه ،
من ژ کانگەهــا
نە جەماندیە
دەریا هەمی من شلقاندن ••
جوانتر ژ دەریا ڤینا تە ،
چو جارا من
نە شلقاندیــە
گەلەك خەریتە من چانــدن ••
جوانتر ژ خەریتا بەژنا تە ،
دڤی دلیدا
من نەچاندیــە
من نەچاندیــە

٣ ـ ڕەھ :

گەر پەڕێن مێوێ ببڕن ••
دێ دەتن ئویشیییا ،
گەلەکــا
گەر سەرێ تەیری ببڕن ••
دێ کەڤیتە ،
چەرخا گۆڤەندو حەنەکا
شڤێ ژ تڕاشێ ببڕن ••
دێ بیت گوپاڵ ، ژ بــۆ زەندێن

خورتە شڤانو چەلەكا
ڕەهێن مژی هوین ببڕن ..
وەك فریزی دێ ڤەگرم ،
ڵاتو مشارو کەلەکا
ڵاتو مشارو کەلەکا

٤ ـ وەڵات :

نەمن گەنجو خزینەنە ..
ئەڤرو ژ بەژنا تەڕا ،
بدەم
نە من پەلکە زێڕینەنە ..
هنداڤ سەرێ تـــە ،
ئەز ڤەدەم
نە من ستران و لاوژەنە ..
بۆ تـــە نە بێژم یان نەدەم
وەڵاتێ من
من چ هەیە ؟!
ئەڤە دلێ من سێڤەکا بەروواریانە ..
دێ هاڤێژم ،
لسنگێ تە دەم
لسنگێ تە دەم

پەیڤێن گران :

ئـەلند = بەربانگ ، کازیوە ، الفجر .
بەلاتینک = پەپولە ، پەروانە .

گزاڤز = پەریشان ، أشعث •
ئویشیی = هێشو ، عنقود •
فریزی = الثیل ، الاثل •
دسوژێتن = دەسووتێنێت •
پاقژ = پاك •
تاری = تاریك •
ستران = گۆرانی •
واسی = ئاوا •
حەنەك = گاڵتە •
ڕەھ = ڕەك •
هاڤێژم = بیهاوم •

★ ★ ★

دوو سێ دێڕی‌تری بەشیرنامە

– ١ –

هەرکەسێ هاتو گەزافی‌دا وتی کوردم ئەمن
زۆر سکالای خۆتی بۆ نەکەی تاکوو تەواو تاقیی نەکەی

– ٢ –

خودا تا کەی ئەم کوردە بێ‌سەرو گرفتار
وەك سوڕسوڕە ماڵ لێ‌تێکچوو بێ‌قەرار

لەبەر دەستخەتی مامۆستا بەشیری ڕەحمەتی ، خۆی ، نووسراوەتەوەو ڕێنووسەکەی دەسکاری کراوە

بەسەرهاتی سەرە بڕاوەکە

موحەممەد بەڕڕادەی مەغریبی
نووسیویە
حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی
کردوویە بە کوردی

کە سەرم لە لەشم جیاکرایەوە ، خوێن لەسەر زەوی جۆگەلـــەی بەستبوو ، لاشە بێ گیانە بێ نازەکەم بەتەمابوو گالێسکە یا ئوتۆمبیلێك لەگەڵ زەوی‌دا یەکی بخاتەوە ، فەرمانم دا بە دەستم کە دووری بخاتـــەوە ، بەڵام لەدواییدا زانیم کە ئیتر دەستەکانم لەژێر فەرمانی مندا نین ، شادەمارو ڕەگە وردەکان قوڵپیان ئەداو فوارەی خوێن هەتا ئەهات ئەو ناوەی ئەدایە بـــەر ، وەك بیانەوێت پرۆژەیەکی دەریاچەی سوور بـــۆ سەیرانگا دروست بکەن !!

ئەڵێن مرۆڤ خوێن ئەیگرێت ، منیش وەك دەرکەوت خوێن گرتبوومیو بەدیاری لاشەکەمەوە قنجو قیت وەستابووم ، تەماشای جۆگەلە سوورەکانـــم ئەکرد . خەڵکەکە نەیان‌ئەویست گوێیان لە تەقە بێتو چاویشیان لە خوێن ، بە هیچ جۆرێ لایان لێم نەئەکردەوە.گوێم لە پیرێکی نوێژکەر بوو کە خوێنەکەم لە نوێژی بردبوو ، لەبەرخۆیەوە ئەیبۆڵاند : لا حول ولا قوة الا بالله .

ئەوەی سەری بڕیم نە دیومەو نە ئەیناسم ... جا چیی تیایە هیـــچ باکم نی‌یە ، خۆ سەرم لە هەڵس‌وکەوتو زوبانم لە دوان نەکەوتـــوون !! ئاهێکم تێ‌گەڕاو بزە گەڕایەوە سەر لێوم ، چاوەکانم زڵتەیان ئەهات ، ئۆقرەم

لێ هەڵگێراو کەوتمە مشوور خواردن :ـ چۆن ئەم سەرە بڕاوەم نە سەرنجی زۆربلێو فزوولی‌یەکان ڕزگار بکەم ؟

دیمەنەکە ئەوەندە سەیر بوو ئەترسام لەگەڵ لاشەکەم بمانخەنەوە یەك‌و لە چاڵێکدا بمانسرەوێنن • چاوم نووقاندو هەموو بیرو هۆشم کۆکردەوە • لە پێتێکدا بەمشێوە سوودم لە «یۆگا» بینی • لەبەرخۆمەوە ئەموت خوایە دوو باڵم بدەرێ خۆم ڕزگار بکەم بەڵکو بۆ یەك ڕۆژیش بووە بژیم ، کە چاوم کردەوە بە بێ‌باڵ مەلەم ئەکرد لە ئاسماندا ، بڕیارمدا بەرەو باشوور بڕۆم ••• (ڕەبات ـ رباط)م لە ئاسمانەوە وەك شوێنێکی پۆخڵەکراو ئەبینی ، نەخێر وەك ڕێوی‌یەکی گەڕ بوو ، نەخێر شمشێرێکی ژەنگاوی بوو ، نەخێر نەهەنگێك بوو لە قوڕگی دەریادا ، نەخێر شانێکی بێ‌هەنگ بوو !!

هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی‌و خۆم لە تیشکی گەرمی ڕۆژ هەڵکێشا • تووشی پۆلێ باڵندە هاتم • ترسان‌و لە سەری مرۆڤێك سڵەمینەوە کە هاتۆتە ئاقاریان‌و خەریکە جێگەیان پێ لێژ کات • دەریا لە بەرچاوم ون بوو • خوار خۆمم بە یەکسان ئەبینی :ـ دەستێکی بەرینی بێ‌گرێ‌و بێ‌نهێنی ، لەپشت ئەڵەفەکانی مێشکمەوە • پرسیارم لێ ئەکرا :ـ ئەی خاوەنی سەرە بڕاوەکە کە هاتیتەوە سەر زەوی چی ئەکەیت ؟ بە هەموو توانایەکم وزاقم ئەدایە خۆم ، خێراتر ئەبووم ، لەوکاتەدا لەوە گەیشتم کە بۆچی عەباسی کوڕی فەڕناس شەیدای گەشتی ئاسمان بوو • پێویستە هەموومان ناوبەناو لە زەوی دوور بکەوینەوە بۆئەوەی زۆرتر تاسەی ژیانی بەرەلایی بکەین • من هەرگیز بۆ لاشەکەم بەپەرۆش نیم • چونکە ئەتوانم بدوێم ، بفڕم ، ببینم • بڕوا بکەن ئەوەندە هۆشم پوخت‌و خاوێن بوو ، ئەوەندە زیرەکیم تیژو بەبڕشت بوو نەمخستایە کارو کولم نەکردایە شێت‌و بەتیارەیی دەستی ماچ ئەکردم ، هەر لەبەرئەمە بوو بڕیارمدا لە یەکەم کۆمەڵێکا تووشی بێم بنیشمەوە• لەوانەیە ناوچەی مزگەوتی « الفنا » بێت ، بڕیارمدابوو بۆڕی هەموو

شانامەخوێن‌و شایەرەگان بدەم ، خولێکی زیگنم دا بەسەر عەشاماتەگــەداو هەموویانم داچڵەکاند ، چاوو پەنجەی هەموویانم بەرەوژوور کــردەوە :ــ سەری مرۆڤەو ئەفرێت !! کۆمەڵێکی هەمە چەشنەی هەمەچیزە دامیانە ناو ، ئەوەندە بەتاسەبووم بدوێم وشەکان وەك پشکۆ هەڵئەوەرین‌و لە خۆمـــم دوور ئەخستنەوە :

ـــ ئەی کەساسە چەوساوەکان ! ئەی ئاوارە بێبەشەکان ! هەمیشە ئێـــوە بەتەمان ، لە ژیانی ڕاستەقینەتان ڕائەکەن ، خۆتان بە ئەفسانەو پڕوپووچ ژێـر ئەکەن ، ڕاست تووشی شەوارەتان ئەکات ، بە هاشەو هووشە خۆتان سڕ ئەکەن، خەو بە وڵاتی واق‌واقەوە ئەبینن ، ئەتانەوێت بێ‌ئابڕووە پاژنە عانەکان بــە مەمکی ئارەزوو ژێرتان بکەن ، ئارەزووە چڵێس‌و سەرکوت کراوەکانتان کـە برسێتی‌و بێنەوایی کپی‌کردوون ، بەتەمان ئەو سۆزانی‌و حەشەری‌یانە بۆتان دابمرێننەوە ، ئەی بێدەرەتانەکان ! هاتووم لــە دەروازە ژەنگاوی‌یەکانتـــان ئەدەم ، ناختان ئەهەژێنم بۆئەوەی کاژی بێدەنگی فڕێدەن ، هەموو شتێـــك ناوی ڕاستەقینەی خۆی لێ بنێن ، دەست‌بکەنە ملی ئەو دیاردەو هێزانەی کـە بەئاشکراو ڕۆژبەڕۆژ لەبرەودان •

وشەکانم بەخێرایی بازرەقەیان ئەبەست ، وەك هەور ئەیان‌گرمـــان ، ئەمویست لە بنی هەمانەکە بدەم‌و تەنانەت ئەوشتانەش بدرکێنم کە لە خۆیشم حەشارداون ، ئەوانەی لەدەورم بوون بێدەنگ‌و سەرسام ، هەندێکیان بە باشی لە وتەکانم ئەگەیشتن ، هەندێکیشیان کەوتبوونە ورتەورت :ــ

ـــ ئەم بیچمە چڵێتە چی‌یە ، سەیرکەن چۆن زمانی لە چەرخ داوە !!

ـــ لەوانەیە پارچەیەکی وێڵی ئاسمانەکان بێت •

ـــ نەخێر سەرێکی لە ئامێرە ئەم فەرمایشتانەی تیا تۆمار کراوە !!

ـــ هەرچی‌یەك بێت نابێت چاو لە جنێوو ترۆکردنمان بپۆشین • منیـــش

پێش ئەوەی بەتەواوی هەلم لەکیس بچێت و دەمکوتم بکەن ڕووم کردەوە عەشامەکە :ــ

ــ چەندتان بێ ئیشن ، بێ گومانم جگە لە گەڕیدەو جاسووسەکان هەمــوو بێ ئیشن • جارێك ئەپرسن بۆچی بێ ئیشن ؟ بۆچی ئێوە بەگەنجــی دائەچۆڕێن و پیر ئەبن ؟ بەرچاییی و شێوتان ئەفسانەیەو پاشماوەی مارو مێروو پشیلەو سەگە ، لە بەشی ناوخۆی ڕۆژنامەکاندا بەرچاوم کەوت کە خۆتان پیشانداوەو داوای ئیشتان کردووە ، بەڵێنتان پێدراوە کــە شۆستەی جادەکان ڕێك بخەن ، بۆ پرسیار ناکەن جیاوازیی ئێوەو خاوەن ئوتۆمبیلە باڵدارەکان چی یە ؟ بۆچی ئەو گۆڕەپان و شەقامانە بــوونەتــە گۆڕستانێکی بەربڵاوی زیندووە مردووەکان و تا کەی ئێوە ڕازین کــە پیاو چاك و دڵپاك بن ، بە ناوی ئێوەوە خواپەرستی بکرێــت و ستایشی یەزدان بکرێت کە نازو نیعمەتی بەخشیوە ؟ ئێوە باشترین ملکەچــی بارەگای یەزدانن ، بە قەزاو قەدەری ڕازین ، بە برســێتی و ڕووت و ڕەجاڵیتان لەم وڵاتە پڕ پیت و فەڕەدا ڕازین !! ئەگێڕنەوە لەکۆنــدا جوامێر ئاغایەك بوو بەیانیان کە لەخەوی شیرین هەڵئەسا کاوڕێکی ئەکرد بە کەباب بــۆ بەرقلیان ، لە نێوەڕۆڕا (٤٠) مریشکێکی بــە ڕۆنــی مانگا بــۆ سوور ئەکرایەوەو مەشکەیەك شەرابی ئەکرد بەســەراو خۆی ئەدا بە خــۆر ، لەپاش مردنیشی بە مەستی و تێرو پڕی بەخزمەت خوا گەیشت ، بەڵام ئێوەی ڕووت و ڕەجال وان کــە لە ترمــزی و ئەبوودەرداوە ڕیوایــەت کــراوە کــە پێغەمبەر فەرموویەتــی :ــ باشترین کەسی گرۆی من کۆمەڵی هەژارو ڕووتەیە •

ــ ئەم سەرە بڕاوە لە سنووری دەرکردو پێی لێ هەڵبڕی ، ئێمە بــە کەساسی و هەژاریی خۆمان ڕازین ، ئیتر بۆچی برینەکانمــان ئەهێنێتەوە سوێ کاربەدەستان بۆچی لەم ئاژاوەچییە ئاگادار نین ؟

— کاربەدەستان ئەدەن بەدەمیەوە هەتا هەرچی لە هەگبەکەیدا هەیە هەڵیڕێژێو بشزانن کە ئایا پەنجەی بێگانە لەپشت ئەم قسە زلانەوە نییە ؟ یەکێکی کە هەڵیدایەو خۆی تکاندە باسەکەوە :ـ

— بەڵام سەیرە ••• کون لە جەرگیا نییە •• تازە لە چی بترسێت ؟ لە لەشی دوورخراوەتەوە کەچی هەر لە قسەی خۆی ناکەوێت ••• خۆ شتی زۆر ڕاستیش ئەدرکێنێ ، بە لای کەمەوە خۆ درۆزن نییە !! منیش بە هەر چوار لادا فڕکەم ئەهات • لە هەموو دەمو چاوەکان تێڕائەمام ، درۆ نەکەم لەوکاتەدا زۆریش لە خۆم ڕازی بووم :ـ گۆمێکی شڵەقاند ، دەرگای مشتومڕێکی خەستم کردەوە ، چەند ئاوازێکی تازەم دا بەگوێی جەماوەردا ، لەپڕ عەشامەکە بەیەکدا هاتو دڕی پێدرا • پێش ئەوەی تۆڕی پۆلیسەکان هەڵملووشێت لە ناخەوە تێر پێیان پێکەنیم ، هیچ هەوڵی دەربازبوونم نەدا • بەمە زۆرتر کەوتنە گومانەوە • لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە ، شتەکە گەورە بوو ، گوێم لێبوو بانگی لێ کردن :ـ « دەستی لێ مەدەن لەوانەیە زەهراوی بێت یاخۆ بتەقێتەوە ، بام لە قەفەزدا بێت هەتا دادگا » •

لەناو قەفەزەکەدا وەك تەرم خرابوومە سەرشان ، بڕوا بکەن وەك پیاوێکی پایەبەرز مردبێت لەوەش زۆرتر جەماوەر شوێنی منو ئەم گاوگەردوونە کەوتبوو • منیش لەوپەڕی خۆشیدا بووم ، بسکەی سمێڵم ئەهات ، تەماشای جەماوەرم ئەکرد ، پۆلیس بە لیس کەوتبووە وێزەیان ، لە قەفەزەکەوە «سەرم!!» دەرهێناو هاوارم کرد :ـ

— خواتان لەگەڵ ! جوامێر ئاغاتان نەیادنەچێت ! داوای مافی خۆتان بکەن • گۆشت مریشكو پەرواریو ژیانی پڕئاسوودەیی‌تان لەیادنەچێت ! پرسیار بکەن ! بیربکەنەوە ! داوا بکەن •••

عەشامەکە هاواری ئەکرد :ـ لێی گەڕێن بام خەشی دڵی خۆی بمرێنێ ، تازە هیچی لەسەر نەماوە ، ئەی دەستی قەسابەکەی خۆش بێت بـــۆ خۆیو کوشتاری !!

بەر لەوەی بمخەنە ئوتومبیلێکی قەبەوە بانگم کرد :ـ

— داوا بکەن بام دادگا ئاشکرا بێت !

لە ماڵە گەورەی شار دانرابووم ، لەوە گەیشتم کە مەسەلەی مـــن زۆر قووڵەو گزیرو قازی کەوتوونەتە مقۆ مقۆ ، نە ساختە نە فێڵ نە دەقی یاسا ڕزیوەکان ، نە هەڕەشەو گوڕەشەو فیشاڵ فریای ئەوان ناکەوێت ، پینەی لاشە قێزەونەکەیان ناکات ، گەورەی شارەکە سەر تا پا سپی‌یەکی باڵابەرز بوو تەکێکی دا بە لامەوە ، خۆی زۆر بە ویقارو ئاغر پیشان‌ئەدا :

— ئەمە گێچەڵو شەڕفرۆشتن نی‌یە ئەی خاوەنی سەرە براوەکە ، لـــە دوورەوە هاتوویتە ئێرەو ئەتەوێت گەرای ئاژاوەو گۆمڕایی بچێنی ، بێ‌گومانم لەمەوبەر وڕێنەت کردووە ، مەستی خەوی بێداریـــت • ئێستەیش ئەتەوێت ئەو خەوانە بکەیتە گەرای ئاژاوەو ژەهراویو لـــە مێشکی ئەم خەڵکەدا بیچێنیت • منیش ئەمویست درێژە بـــە پرســـیارە ژنگاوی‌یەکانی نەدات :ـ

— هاتووم بۆ ئێرە ، وێڵی لاشەکەی خۆمم ، بیستوومە لە باشوورە •

— چەند زۆرزانی ، هەموو دوانـەکانـــی مزگەوتی «الفنا»تمان پـــێ گەیشتۆتەوە !

— جەماوەری میللەت لەلای من سیحرە ، جادووە ، من لەوبڕوایەدام کـە هەرچی شتی سوودبەخشو بەنرخ هەیە لە زیرەکی ، کارامەیـــی ، بلیمەتی لەوانەوە هەڵئەقوڵێو گەشەئەکاو بەرئەدات ، ئیتر بۆچـــی

جەنابتان لەسەر خەفەکردنو سرِکردنی ئەم سامانە لەبن‌نەهاتووە سوورن ؟ منیش ناچارم پەنام بردۆتە بەر ئەو کوتەگۆشتەی کە پێی‌ئەڵێن زمان !!

— تۆ یاری بـــە ئاگر ئەکەیت •

— جا من باکم چی‌یە •• ئەی نابینی میران مردن چۆن منی سمیوەو هیچی پێ نەکردووم !!

گەنجێکی کەتەی قۆز بەپەلە هاتو بە گوێی گەورەی شاریدا چرپاند • دیسانەوە گەورەی شار ڕووی تـــێ کردمەوە :ـ

— هیچ داوایەکی تایبەتیی خۆتت هەیە ؟

— ئەمەوێ کۆڕێکی عەشام جەم‌بێتو بۆیان بدوێم •

— داواکەت وەرنەگیراو پەسەند نی‌یە ، پێویستە بدرێیت بە دادگا •

— بە چ‌یاسایەك خۆ من لە گرۆی مردووی گۆڕستانم ؟!

بە زەردەخەنەیەکی لەخۆبایی‌بوونەوە وەك باشترین پینەیان دۆزیبێتـــەوە هاتەوە گۆ :ـ

— یەکێ لە قازی‌یە مردووەکانی خۆمان ئەهێنین تاکو لەگەڵتا بیبرِێتەوە • لە سووچێکی قەفەزەکەدا خـــۆم مت‌کردبوو ، ساتە ناساتێکیش دەنگی ئەم هاوارە ئەگەیشتە گوێم :ـ بژی خاوەنی سەرە برِاوەکە • کاتـــێ چاوم کردەوە ڕوناکی‌یەکی بەتین نوقمی کردم ، هۆڵی دادگا کـــرا بە چراو چراخان بەتایبەتی قەفەزەکەی من ، هۆڵی دادگا جمەی ئەهات لە پیاو ماقووڵانی شـــار ، لـــە گـــەورەو خاوەن نیشـــانەکـــان • هەمان زەردەخەنەی ساردو سرِ نیشتەوە سەر لێوی گەورەی شـــار ، پەشۆکاوو شپرزە بوو ، بەپێچەوانەی ئەوەوە منیش زۆر هێمن‌و بگرە

پێکەنینێکی گاڵتەجاڕیم لێ پژابوو ، پاش تۆزێك دەنگێکی گڕی لەرزۆك جاڕیدا :ــ

— سەعادەتی پاشای بەغدایی لە مەرقەدی موبارەکی خۆیەوە تەشریـــف ئەهێنێ بۆئەوەی مەسئەلەی سەرە براوەکە بگەیەنێتە ئەنجام •

سەیرو سەمەرەیە ••• شاگەشکەم کرد ئەوەند پێیان پێکەنیم [هێشـــتا هەر باشن ئەتوانن زەبوونیو دەبەنگیی خۆیان پینە بکەن ، باوجوو پینەی چیو پاشی چی ، تازە بیرو پەندی باپیران بەهێزترە لە ڕادەی زانیـــنو پێشکەوتنی سەردەم !!] •

بام بزانین پیرو قەلەندەری گەنجینە چـــی ئەفەرموێ ؟ لەوەنەگەیشـــتم لەبابەت تاوانەکانی منەوە چییان تێچێن کردبێت • هیچ دوور نییـــە مێژووی پڕخیانەتکاریی کوڕی پاشایش لەکاتی داوای سەربەخۆیـــیدا خرابێتەوە سەر لیستەکە !!

منیش وەکوو سنجووق قیت بەرامبەریان وەستابووم ، زرتو وریـــــا بەڕادەیەك خەریك بوو بدەمەوە لە شەقەی باڵو گوێ لە وڕینەی پیری موغان نەگرم ، بەڵام زوو لەم بیرە کشامەوە ••• ئەی لەکاتی هەڵدانی تۆڕی پولیسەکانا بۆ خۆم دەرباز نەکرد ؟

قازیی بەغدایی دەستێکی بـــە ڕیشیا هێناو زۆریش لە خۆی ڕازی بوو • ناهەقیشی نەبوو چونکە ئەوەتە دوای سەربەخۆییش کاربەدەستان هانـای بـــۆ ئەبەنو داوای یارمەتیی لێ ئەکەن ••• !! پاش تۆزێك جەنابـی قازی فەرمانی دادگای بڵاوکردەوە :ــ

[مادەم لاشەی ئەم سەرە براوە ون نییە لێتان ، بییانخەنەوە یەك ، بەڵام زمانی لەبندا ببڕن] •

چەند واتەو وانەیەکی ورشەدار

مەدحەت بێخەو

(١) واتەی نامەیەك :

نامەی کێوی «قەرەچۆخ»مان جەفەنگی بوو
کەس نەیزانی ••
لە دوای هەزاران کارەسات
لە لێواری ئەشکەوتێکدا •• شوێنەوارێکی باپیران
دۆزرایەوە
وەك چاوی گڕ
بۆ کلیلی نامەکە لێی هەڵکەنرابوو
وێنەی بیور •• !!

(٢) خلیســـك :

لە ڕێبەندانا شەختەی ڕێ
ورد نەبین لێی هەڵئەخلیسکێ
بەرەو نشێو ڕیسوا ئەبێ
بەڵام ڕێزان
بەهەنگاوو بیری چەسپاو
شەختەو هەورازەکان ئەبڕێ ••!

(٣) ئاســـــۆ :

ئاسۆیەکان •• هێندە ئەویندارو شەیدان
هەموو ساتێك بۆ یەکتر دێن
لێویان بەیەکەوە ئەنێن
بە بایی‌بووی لاڕێیەکان پێ ئەکەنن
ئای چ مژدەیەك ئەبەخشن
کە بە چرپە •• شەوان لەگەڵ یەکتر ئەدوێن •• !

(٤) ورشـــــە :

لە ڕێگادا لەپێش ورشە بێدارەکان
هەموو پەردەو دیوارەکان شەرمەزارن
لەناویانا •• ئاواتە سەوزو گەشەکان
دێنە بەرچاو
ڕەنگی زەردو بازوو ئامێر
کێڵگەی دێمو نسارەکان
بۆ یەکبوونی گشت ورشەکان
چاوەنواڕن •• !

★ ● ★

« ئەو نامەیە کە شـــاعیر ئەبێ بێگەیـــەنێ ، ئەوەتە توانای بینین بە خەڵك ببەخشێ » •

پۆل ئێلوار

باران

سەلام مەنمی

پێشکەشە بە حەسەنی قزڵجی

(١)

زستان کۆتایی هات ، چیاو دەشت سەوز بوون •• ماڵات پشتیان گەرم بـۆوە •• مەڕ دووبێر کرایەوەو مەیلی کۆڕبەستنی ئەکرد •• ڕەشـــەوڵاخ کەوتنە مەگەزە •• ئافرەت بەرانپێڵی هەڵداو لەژێر مانگادا هۆرەی بۆ ئەکردو جامە شیری پڕئەکرد •• کاکەبرا ـ بە (پیرۆز)ی خێزانی وت :

— هەوار نزیك بۆتەوە •• ئەو بەنەی ڕستووتە تەختەیەك دەواری لــێ دروست بکە ، ئەمساڵیش خێڵ لە زەوی‌یەکەی خۆماندا هەڵئەدا ، هەتا زوو بارکەین درەنگە ، بەشکم پەیناوێکی تێرو تەسەل بکرێ ••

— ناشکوری نەبێ جارێ باران خـۆی شاردۆتەوە ••

— سەری بێڕۆزی لەژێر گڵایە •• هەروا نابێ •• ئەم خێڵە چەندەهــا قات‌وقڕیی بەخۆیەوە دیوە •• هەروەك خۆیشی وایە ••

(پیرۆز) بەنی ڕایەڵکرد •• بە هەپك کەوتە کوتانەوەی •• دەســتە کچانی خێڵیش کۆمەکیان کردو بڕی‌یان ••

(کاکە برا)یش ئەستوونو کۆمانجو چڵەی لە لایەکەوە ڕیزکـــرد ، دەوارو چیخو هەمنو سەرتیلیش لە لایەکی‌ترەوە ••

(٢)

خێڵ دای بەیەکدا ، گای باریو گوێدرێژ بارکـــرانو قەتارەیـــان بەست •• دایك کۆرپەی لەکۆڵ بەست ، یێخەو هەچەو وەحە دەســـتی پێکرد •• سەگەل دوای خێڵ کەوتن •• لە هەوارە بەرزە هەڵیـــاندا •• کاکەبرایش بارو بارگەی خستو ڕەشماڵی هەڵدا •• لایەك لە دەوارەکەی بۆ میوان تەرخانکرد •• لە ناوەڕاستا جێی کولێنو پۆڕکی کـــردەوە •• پارۆێنکی بەدەوری دەوارا کێشا : « باشە پەچەڕانەکەیش لە سوورکەنەکەدایە، هەتا بڵێی بێبڕشتە • ساڵێکیتر نەمرین خەلەکەی لە سەری سوار ئەدا •• لەگەڵ ئەوانەدا نیم ئەڵێن ساڵێکی تر تۆومان نابێ •• ئەم وڵاتە جێی فەڕە •• بێبارانی ساڵێك لەناومان نابات ••

(٣)

منداڵی خێڵ کەوتنە بووکەبارانێ •• خەڵکـــەیش دەستیانکـــردە خێرکردن •• (پیرۆز) بە کاکەبرای وت :

— بۆچی مەڕێك سەر نابڕی ؟

— ئەگەر بە خێر بێ زۆر کراوە ، بارانیش نەبەستراوە بە خێـــرەوە •• من لەو بڕوایەدام نە بووکەبارانێ باران ئەبارێنێ ، نە نووســـینی ناوی چل کەچەڵ باران ئەبڕێ •

— تۆیش قسەکانی بەختیارەفەندیی ئامۆزات ئەکەیت • وا ئەو مەکتەبلییە تـــۆ چی ؟!

— ساڵێك وەك ئێستا بێبارانی بوو •• خەڵك هەموو خێریان کـــرد • باوکیشم جووتێ مەڕی دا بەزەویدا ، بەڵام هەر نەباری •••

سەیرێکی ئاسمانی کردو سەرێکی بادا : « پەڵە هەورەکەیش نەمـــا ! ئەڵێی ڕاوی ئەنێن •• ! پار ئەم‌وەختە گیاڕەش کەپرۆکەی کردبوو •• ماری ناوزەبەن پیاوی ئەخـــوارد •• کێ لە کـــەرەو شیرێـــژی ئەپرسی •• بـــۆ نەگبەتی ئەمساڵ کرمەبڕەیش زۆرە •• هەموو جارێ باوکم ئەیوت :ـ هەر ساڵێ بێبارانی بێ شەلکەو تەبەق زۆر ئەبێ ••• » ڕۆژێ پەڵە هەورێکی ڕەش لە قیبلەوە دەرکەوت •• هەور بەرە بەرە زیادی ئەکردو سایەقـــەی دائەپۆشی •• خەڵك کەوتنە چاوەڕوانی •• ڕوویان گەش بۆوە ، مۆتەکەی بێورەیی شانی سووك کردن • مام برزوو پیاوێکی دنیادیدە بوو ، هەڵیدایە وتـــی :

ـــ لە بەهاردا هەوری قیبلە بارانی پێوەیە ••

خەڵکەکە بوون بە دوو بەشەوە ، بەشێکیان ئەیانوت :

هەتا ئێستا چەند پەڵە هەورمان بە ئاسمانەوە دیـــوە ڕەویونـــەتەوە • بەشێکیشیان ئەیانوت :

ـــ خاوەنی ئەزموونە لە خۆیەوە قسە ناکات ••

هەور یەکی گرت •• ناوچەوانی بەیەکا دا •• دەستی بـــە گرمـــەو چەخماخە لێدان کرد •• باران دایدا •• دەواری کەڕ کرد •• ژنانی خێـــڵ دەواریان دابەست ، هەمن‌و سەرتیلیان توند کردەوە •• کاکـــە برایـــش کوڵەباڵەکەی لە شان کردو لە بن گابەردەکەی پشت ماڵەکەیانەوە سەیـــری بارانی ئەکرد •• گوێی لە تەپ‌و نمی ئەگرت •• هەوای سروشتی هەڵ‌ئەمژی : « هەر ئیمڕۆو هەر ڕۆژانی ڕابوردوو •• مرۆڤ بێحەوسەڵەیە بەرگـــەی تەنگ‌و چەڵەمە ناگرێ • ئای بێبارانی چەند بەڵایەکی کوشـــندەی ! • وا بڕۆشتایە کەشکمان فەریك ئەبوو •• ژیانی خێڵ تاڵ ئەبوو •• » •

(٥)

دڵەڕاوکێ ، چاوەڕوانی باریان کرد •• گیا بووژایەوە •• تــــۆزی دەوەنەکان وەری •• بۆنی گوڵەکان دەمار ئەڕۆیشت •• ماڵات کەوتەوە مەزاق •• شوێنی کرمەبرەکان پڕ بۆوە •• گیاو لــۆ گزرە خــــران ••• کەشك لە لێواری دەوار هەڵخــــــرا •• هیــزە دەمی بــــۆ ڕۆنی زەنــــگ کردەوە •••

فەرهەنگۆك :

بەرانپێڵ : چارۆکەیەکە ئافرەت لە کاتی کارکردنا ڕاستو چەپ ئەیبەستێ ••
هەپك : دارێکی شانەیە دەواری پێ ئەکوترێتەوە ••
کۆمانج : دارێکە ناوەڕاستەکەی کون ئەکرێ ••
ئەستوون : دارێکی درێژی ڕاستە ئەکرێ بە کونی کۆمانجا بە هەردووکیان دەوارەکە هەڵئەدرێ •••
کولێن : شوێنێکی تایبەتی‌یە لەناو دەوارا پێخەفو شتومەکی تیا دائەنرێ ••
پۆرك : شوێنێکە لەناو کولێنا هەڵئەکنرێو زەخیرەی تێئەخرێ ••
شەلکە : شەلینی حەیوانی وردەیە •
تەبەق : شەلکەی ڕەشە ولاخە •
لـــۆ : گیایەکە بـــۆ حەیوانی وردە زەخیرە ئەخرێ •
پاروێنك : جۆگەلەیەکە بەدەوری دەوارا ئەکێشرێ بۆئەوەی ئاوی تێ‌نەچێ •
ناوی چل کەچەڵ : کاتێ باران زۆر بێ ناوی چل کەچەڵ ئەنووسن تا باران بیشواتەوە •• گوایە بەوە باران ئەبڕێ ••!!
هەمن : پەتێکی مام ناوەندی‌یە دەواری پێ قایم ئەکرێ •
چڵە : دارێکی چەوتە ئەدرێتە ژێر هەمن ••
سەرتیل : گوریسێکە لە هەمن درێژترە ئەمسەرو ئەوسەری دەواری پـــێ ئەبەسترێ •

وردە هۆرە

جەمال نووری

١ ـ نزرگــــە :

— دوێنێ شەوێ ••

لە نزرگەی پیری شەوکێڵ ••• پاڕامەوە
کە ئازاری گیانی پەرپووتم •• سارێژ کات !

— لە نهێنیی نیوەشەویا •• ڕاسپاردەیەکی دامێ
گەر بەرەو ماڵ گەڕامەوە ••

— هەندێ بوخوردو داری عوودو چەند مۆمێ ••
بکەمە دیاریو بۆی بێنم ! گەر •• ڕێکەوتو گەڕامەوە

— تا نزرگاکەی •• لە شەوی دەیجوورا •• ڕووناککەمەوە
کە خۆر هەڵهات !

— سوێی ئازارە سەرشێتەکەم ••
ڕاسپاردەکەی پیری ••• لەبیربردمەوە !!

★ ● ★

٢ ـ شارە مێروولە

— کانیاوەکانی دەروونم •••
وشکیانکردو

ـــ ئێستاگە •• شارە مێروولەن !

مێروولەکان •• هارو هاجن •••

ـــ وەکو ڕێچکەی دابەزیوی تیرەکانی ئەهلی خاچن !

خەرمانی گەنمە پایزە !؟

ـــ لە ئەشکەوتی کەللەما پاشەکەوت ئەخەن !

★ ● ★

٣ ـ ڕۆچوون

ـــ کە بیرم لە تـــۆ کردەوە

چاوەکانت چۆن بوونە شووشەی پەنجەرە

ژەنگەکانی •• چوارچێوەکانیان خواردەوە

ـــ دەمەو بەیان ••

منیش بوومە •• لوولی دووکەڵێکی سەرشێت ••

بە کەلەبەری بنمیچی ژوورەکەمانا •• بۆی ڕۆچووم

★ ★ ★

« ئازیزەکەم ! متمانەت ببێ ، بێهوودە سەیری چاوە شینەکانی ناظـــم ئەکەن ، ئەگەر دەستی قەرەجێکی کلۆل ، دەستێ کە لە جاڵجاڵۆکەیەکی ڕەش ئەچێ ، بی‌یەوێ ئەڵقەی پەتەکە بخاتە ملم •• بـــەڵام ئەوان هەرگیز ناتوانن سەری مرۆیـــەك هەڵکـەنن ، بەو ئاســـانی‌یە کە ئەتوانن سەلکـە شێلمێك هەڵکێشن » •

ناظم حیکمەت

لە نامەیەکدا بۆ مونەووەری ژنی

هەڵوێستێک لە سێ وێنەدا

محەمەد نووری تۆفیق

- ١ -

هەر کە ڕۆژ ئەبووەوە لـــەناو دووکانێکا چارۆکەکەی ڕائەخستو بـە شانەی دارو کەوچكو تیرۆكو قاڵبــە کولیچــەو دار جگەرەو هەندێ قاپو قاچاخی دەستکرد ئەیڕازاندەوە • زوربەی ئەو خەڵکەی بەو گوزەرەدا ڕێیان ئەکرد ، هەڵوێستەیەکیان بۆ ئەکردو ئەگـــــەر کڕیاریش نەبوونایە هـــەر ئەیاندایە بەر سەرنجو لێوردبوونەوە • ئەمیش ئافرەتێکی کەڵەگەت ، دەموچاو سوورو سپی ، لەش نەرمو نیان •• بەوردی سەرنجت بدایە ، هەرچی لـــە دەروونیا کۆبووبووەوە ، ئەیدایتێو بەئاسانی ئەتخوێندەوە • بۆیە زوربـــەی گوزەرەکە لەگەڵیا هاوکاری پەژارەی بوون • ئەمەش بووبوە هۆی هاندانی خەڵکەکە بۆ قۆستنەوەی شتەکانی سەر چارۆکەکـــەی با زۆر پێویستیشیان نەبوایە ، بۆ ڕازاندنەوەی ناوماڵەکانیان لەسەر مێزو جێگای تایبەتی دایان ئەنان • ئەمە کارێکی‌وای کردبوو کە (نەشمیل) زۆر جار نەگاتە نیوەڕۆ ، دووکانی بپێچێتەوەو بەرەو ماڵ بێتەوە •

ئەم بازاڕ گەرمی‌یەی (نەشمیل) پاڵی بە هەندێ کەسەوە نا کە چاویان بڕیبووە چارۆکەکـــەی بیر لەوە بکەنـــەوە کە خۆیو ئەوکەسانـــەی شتە دەستکردەکانیان بۆ ئەکرد بە پارەیەکی مۆڵو ژیانێکی چەور بکڕنو ، بـــۆ ئەم مەبەستە قسەیان دا بە یەکێکیان کـــە ئەو مژدەیە بخاتە مشتی ، تەنها

مەرجێکی بچووکی لەگەڵدا بێ ، ئەویش مانەوەی خۆیو ئەوانەیە بازاڕەکەی بۆ هەڵئەسووڕێنن ، بە مۆرو سەنەد ، هەتا هەتایە لەو شارەدا بمێننەوە •

ئەم داواکاری‌یە بچووکە بووە هۆی ئەوەی زوربەی خەڵکی شارەکـــە بەوەدا نەگەن کە بە شانەو تیرۆکو نەخشو نیگاری (نەشمیل) ماڵەکانیـــان برازێننەوە •• زۆر چاوەڕێ بوون ، بەڵام جارێکی‌تر نەشمیلو چارەکەکەی ئەو گوزەرەیان نەبینی‌یەوە •

- ٢ -

چێشتخانەیەکی گـــەورەی شارەکـــە دەستێکی باشی بەخۆیـدا هێناو جموجووڵێکی گەرمی بەخۆیـــەوە دی • سێ چوار کوڕی لاوی گـــورجو گۆڵی لەگەڵ چەند کرێکارێکی پێشووتریا ڕیزکرد • کردنی بە تاقمە برایەکی ئیشوکار ڕاپەڕێن • ئەمانە هەرچەند لە دوانو گفتوگۆدا سەرو پۆتەڵاکـــی وشەو ڕستەی زوربەی ئەو خەڵکەیان ئەشکاند کـــە چێشتخانەکە ئەیگرتنە خۆی ، بەڵام بەو ڕۆژگارە بە بێ‌دەنگو قسەو بۆڵە لە ڕەنجدا بوون بۆ پـیرە چێشتخانە • ئەم کارەشیان زیاتر باخەڵی کابرای خاوەن چێشتخانەی لـــە جاران تێرو پڕتر ئەکرد • نەیویست هەلی لە دەست بچێ ، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە بە سەرشانی ئەمانا سەرکەوێ تا زیاتر لە خەزنەکە نزیك ببێتەوەو لە سێبەری ئەمانا ئەوانی‌تر فت بکا کە شارەزای هەموو چاوچڵێسی‌و هەستو نەستێکی لەوەوبەرینی • بە واتایەکـــی ڕەوانتر دوو چۆلەکـــە بە بەردێـك بکوژێ • ئەم مەبەستەی زمانی زیاتر لووسو پاراو کرد • لەسەر کورسی‌یەکی بەرامبەری هێشتنێوە ، پێی‌وتن :

ئەمەوێ چێشتخانەکەم بدەمە دەست ئێوە هەر چوارتان ، چونکە لـــەم ماوەیەدا بۆم دەرکەوتووە خاوێنو دەســـتپاكو دڵسۆزو ئیشکـــەرن ، وەك کرێکارەکانی‌تر نینو زۆر جیاوازیتان هەیە •

چاوەڕێی باشەی لێ کردن ، کەچی بەرگوێی نەکەوت • کاوەیان گە بە تیلی چاو بڕیاری هەر سێکیانی وەرگرتو لەگەڵ نیازی دڵی خۆیدا تێکەڵی کرد ، لەوان باشتر کابرا لە زمانی گەیشت :

— بۆچی بەتەنیا ئێمە هەر چوارمان ؟ ئەی براکانی‌ترمان ؟ کابرای خاوەن چێشتخانە بە ناوچەوانێکی لۆچاو لۆچو لچێکی هەڵقورتاوەوە هاتە دەنگ :

— ئێوە نایان‌ناسن •• ئەوان•• و ••• و و •• پاش مژێکی تووڕەو درێژ لە جگەرەکەی •• پارەیەکی باشتان دەسگیر ئەخەم •• ئەتانکەم بە پیاو ! چێشتخانەکەتان ئەدمە دەست • ئەزانم شایانی ئەوەن •• ئەتانکەم بە کوڕی خۆم !! بەڵام ئەم قسانەم ناگاتەوە بە یەکێ لەوانی‌تر •• لە سەری مانگیش تێ‌ناپەڕێ نایەڵم یەکێکیان بەم بەردەمەدا گوزەر بکا •• ئێستا ئەڵێن چی ؟

— •••••

— ها وتتان چی ؟

— •••••

هەموو دە پانزە ڕۆژێکی بەسەرا نەڕۆیشت کە مشتەری‌یەکان کەوتنە هەواڵپرسینی کاوەو ئازادو دلێرو کاکا ڕەسوول •• کرێکارەکانیش دەستیان بە دەستا ئەکێشا بۆیان ••

- ٣ -

لە کارگەیەکی ئەهلیدا دە دوانزە کرێکارێك چستو چالاکی‌یان بۆ کارگەکە زیاتر کردبوو • پێوەندی‌یان لەگەڵ کرێکارە کۆنەکانا توندتر کردبوو ، ئەوانیش بە گفتوگۆی شیرینو چاوی ڕێز دڵسۆزی‌یان ئەدانەوە •

ئەم کرێکارانە ڕۆژانە ئەوی پێیان ئەسپێررا ، بە بێسەرپێچیو بۆڵەو خوتە ڕایانئەپەڕاند • دواکەوتنو نەهاتنیان بۆ نەبوو ، مەگەر بۆ مەبەستێکی ئێجگار پێویست یا نەخۆشیی خۆیانو پرسەی کەسوکاریان بەرەنگار ببوایەتەوە •• کەم ئەدوان •• زۆر ڕەنجیان ئەدا •• ماوەیەك مانەوە ، خۆشەویستییان خستبوە دڵی کارگەو ئامێرو کرێکارەکانەوە • پاش ماوەیەك مقۆ مقۆ گوێی خاوەن کارگەی ئەزرنگاندەوە بەوەی کە کاکە حەمەو هاوڕێکانی ئەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ لای خۆیان ••• ناچار بوو بکەوێتە بنکڵێشەیان ، دڵیان بداتەوە •• قسەیان بۆ بکا بە بەرتیل • بۆئەمەش یەکە یەکە بانگی ئەکردنە ژووری بەڕێوەبەر •

— هەرچییەکت پێویستە لە پارە ، لە ماڵ ، هەر ئیشێکت هەیە لەم شارەدا ئامادەم بۆتی بکەم • ڕۆژانەکەت زیاد ئەکەم •• چێشتخانەتان بۆ دائەنێم • موخەسسەسات ، پارێزگاری ، هەرچی یاسای کارە بەزیادەوە پێشکەشی ئەکەم •• تەنها بەجێمانمەهێڵە •• مەچۆرەوە •• ئیجازەی باشت بۆ تەرخان ئەکەم ، جێم مەهێڵە ••

— ئەمانەو زۆر شتیتریش ڕێم لێ ناگرن کە نەڕۆمەوە • هەر یەکێکیان ئەم وەڵامە ڕەقەی بە مێشکی خاوەن کارگەیا ئەدا و بەوە کاسی ئەکرد و ئەویش بەرچاوی تاریك ئەبوو ••

هەرچەندە ویستی وا لە یەکێکیان بگەیەنێ کە ئەویتریان ڕازی بووە بە مانەوە ، بەڵام هەموو ڕیسێکیان کردەوە بە خوری ••

کە ڕۆیشتنەوە کرێکارەکان گەلێ لە کارگەو خاوەن کارگەکە بەپەژارەتر بوون ••

شیرین بشنەو

محمد بەدری

شیرین بشنەو
هەرچەن فەرهای لە تو دویرە
هەرچەن پایلێ لە زنجیرە
ئەمان گیانێ
ئەڕات سووزێ لفی کویرە
شەوو ڕووژی
وەدەس ئێ چەرخە نیچیرە
کلاّفەێ خەم وە بایەو دێ
لە ڕێ کاروانی ئاسیرە

★●★

شیرین بشنەو
دیە شەو فەرهای وە خاوم هات
چی ئاسارەیگ لە شەو دەرهات
وتـەم هەرچەن
م هاماو دەر
خۆراکم زیخو گریانە
لەشم ها داوی بێگانە
سەرم کریا وە ملوانە
زوانم بەندێ زندانە

ئەمان هووشم ، ئەمان ویرم
لەلای دڵسوزی جارانە
(شیرین)ە مەرهەمی گیانە

★ ● ★

شیرین بشنەو
کویەی بیستوون چەنێ سەختە
بەشی فەرهادی بەدبەختە
یە قەیرێگە وە تەوری عشقی تۆ
نالێک‌و هاوار کەی
یە قەیرێگە وە یایی زڵفی تۆ
زەخمەیلی تیمار کەی
چەنی چەن ساڵە ول ماگە
بەشی لێ ژینە خۆریاگە
دڵی وێ دەردە سووزیاگە
ئەمان گیانی
هێمان چی بیستوون ماگە
ئەرات گەردێ
لەلای ئاسانە گشت دەردێ

★ ● ★

شیرین بشنەو
لە ڕێ بیم ، چی وهارێگ بیم
لە گورانیم‌و هەڵبەستم قەتارێگ بیم
لە رێ ئازارو محنەتدا چرایێگ بیم

جوان‌و شاسوارێک بیم
لەپڕ گلیام
لە دەوری ئاگرا گەڕیام
لەناکاو ناڵەناڵ‌و
یێ سدایێک هات
وتــەم بشنەو
ئەڵس خەرمانەگەت سووزیا
گەنم ڕەنجت وە با دریا
منیش ئەی دووس
کە خەرمان سووزیا سووزیام
لە شارەیل دەروەدەر کریام
ئەڕای دەشتەیل وە زوور بریام
ئەمان هەی دووس
منێ بێکەس
منێ بێ‌ماڵ‌و بێ‌پشتگیر
منێ یەخسیر
هەتا دونیا هەسێ مینم
ژیانی خۆم وە زوور سینم

★ ● ★

شیرین بشنەو
چەنێ فەرهای لە تۆ دویرەو
ئەکیشی جەوری بێزاری
ئەمان روزێ
وە چەم دینی

کە تو ڕەنج کیش و خەم بارە
وە ئاسـانی
ڕوبارێ ئاوی روون و پاك
ئەڕای بیستوونەگەت بیارێ
ئەرات بیارێ
گۆڵی ئازادی وە دیاری

★ ● ★

شیرین بشنەو
چنەو مەم دووسی زین دێرێ
چنەو دێوانە بێ هووشەو
شەوو ڕووز دووسی شەم دێرێ
چنەو مەجنوون ئەڕای لەیلا
چەنی چەن ساڵە بێ شوونەو
خوراکی یادی جارانە
منیش چوی ئەی
چو دێوانەم ئەڕات گیانە ..

★ ● ★

پەراوێزەکان :

بشنەو : گوێ بگرە
فەرهای : فەرهاد
دویرە : دوورە
پایلێ : هەردوو پێی
ئەڕات : بۆ تۆ ، لەبەرتۆ

سووزێ : ئەسوتێ

لفی : وەکو

ئێ : ئەم

وە بایەو دێ : بە با ئەدات

دیە شەو : دوێنی شەو

ئاسارە : ئەستێرە

وتەم : پێیوتم

م : من

ئەمان : بەڵام

ویرم : بیرم

چەنی : چەند

یەقەیرێگە : ئەمە ماوەیەکە

هێمان : هەتا ئیستاکە

ماگە : ماوە

گەردی : ئەگەڕێ

گلیام : کەوتم

ئەڵس : هەستە

دووس : دۆست

بیارێ : بهێنێ

ڕەببی مووی لێ بێ زوبانی ، پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بە چەشنی کولخەنی دۆزەخ بەرێ

ـ حەمدی ـ

بیرکردنتان هەرزیەکەو نابێ بە دوو

فریاد فازیل

« پێشکەشە بەوانەی لە چاوترووکاندنێکا لێیان دوورکەوتمەوەو لە هەموو چاو لێکدانێکدا پێیان دەگەمەوە »

- ١ -

گیانە ، هەستە
چاوی گەشت هەڵبهێنەو
نیگای خەڵکی بخوێنەوە •••
گیانە ، ئاوڕ
لە سێبەری داری سەرت تێر بەرەوەو
ئەوجا وەرە
لە پێخەفیا تێر بخەوە

- ٢ -

گیانە ، هەستە •• دە دەی هەستە !
لە خەوی بێداریی شەوێ
بەئاگا بێو •• بکەوە ڕێ ••
تا تینوێتیی دەروونی من تێر بشکێنیو
لە بۆنی سینەو هەناسەت
تێر تێر بخۆم ••

★ ● ★

گیانە ، هەستە •••
نیوە شەوە
بیرکردنت لێم ناتۆرێ •••
بۆتە تارماییی سەرچاوو
پەڵە خوێنە جێم ناهێڵێ

★●★

گیانە ، هەستە •• لێم تێبگە :
دە تێبگە !

بێنیگای تۆ
لاشەیەکی سستو مانم
لەگەڵ خۆما هەنگاو ئەنێم

دێمە لاتو لێم ئەتۆرێیت
هەنگاو ئەنێم
هەتا زووتر بە یەك بگەین
لە گەردنی یەك بئاڵێین

تێر تێر ماچی یەکتر بکەین••
هەنگاو ئەنێم
بانگت ئەکەم

هۆ گیانەکەم
لەگەڵ تۆمە ، دەنگ بۆ ناگاتە لای ئێوە ؟

هۆ گیانەکەم
ئاوڕێکم لێ بەرەوە ••• تارماییی مەرگ جێبهێڵە ••

هۆ گیانەکەم
لەگەڵ تۆمە
باش ئەزانم
هەنگاو ئەنێی ، ئاشنای تۆ لەگەڵ خۆرا !

هۆ گیانەکەم !
بیرتان ئەکـەم
بۆیە ئێستا
نیوەشەوێکی درەنگەو

کەچی هێشتا
سەرچاوەی خەونو ئەندیشەن

بەرلین
١٩٧٧/٩/٢٩

★ ● ★

من سەربازی ئامانجێکم ، پیرۆزە
فیداکاری ڕێگایەکم ، بێگەردە
ڕەنجێك ئەدەم ڕەنجی پیاوی دڵسۆزە
لە ڕێیەکا بێباك ئەمرم ڕێی مەردە

گۆران

دەستەی سەرۆکایەتیی
کۆنگرەی پێنجەمی ی • ن • ك

لە ژمارەی پێشوودا ئەوەمان لەیادچوو کە باسی سەرۆکایەتی کردنی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد بکەین • وا لێرەدا باسی ئەکەین :

لە سەرەتای کۆبوونەوەی دەستەی گشتیدا ، کاری دەستەی ئامادەکەری کۆنگرە لەلایەن ئەندامانی دەستەی گشتییەوە بەدوایی هاتوو دانراو ئەم برایانە هەڵبژێرران بۆ ئەندامەتیی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرە :

عیززەدین فەیضی
موستەفا ساڵح کەریم
کاکەی فەلاح
عەلی شەونم
سەبری بۆتانی
کەمال غەمبار
سەلام موحەممەد

ئەوانیش لەناوخۆیانا مامۆستا عیززەددین فەیضییان بە سەرۆك هەڵبژارد •

شایانی باسە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی زۆر بە ڕێکوپێکی دانیشتنەکانی کۆنگرەیان بەڕێوەئەبردو لەوپێناوەدا زۆر ماندوو بوونو جۆری هەڵسووڕانیان مایەی ڕەزامەندییو قەدرزانینی ئەندامانی کۆنگرە بوو •

چالاکیی کولتووریی

لقی ی . ن . ك لە سلێمانی

لە وەرزی ١٩٧٨ - ١٩٧٩دا

لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سلێمانی لە پرۆگرامی کولتووریی ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩یدا گەلێ کۆڕی گەورەی ئەدەبیو ڕۆشنبیریی پێکهێناوە کە هەزاران کەس تیایاندا بەشدار بوونو کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران لە سلێمانیو بەغداو هەولێر قسەیان تیا کردووە بۆ خەڵك • وا بەکورتی لێرەدا باسی ئەو کۆڕانە ئەنووسینەوە :

وەرزی یەکەم :

(١) کۆڕێکی شیعری لەلایەن شاعیر حمەمەساڵح دیلانەوە لە ١٩٧٨/١٠/٢٧دا • گفتوگۆو دەمەتەقێ لەگەڵ کردنی شاعیر لەلایەن ع•ع• شەونمو حەسیب قەرەداغییەوە •

(٢) منو شیعر ، دوانێك لەلایەن دوکتۆر عیززەددین مستەفاوە لە ١٩٧٨/١٢/١دا • پێشکەش کردنی لەلایەن حەمە ڕەشید فەتاحو ساجید ئاوارەوە •

(٣) مێژووی هونەر لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد سالارەوە لە ١٩٧٨/١٢/٨دا • پێشکەش کردنی لەلایەن عەبدوڵڵا ئاگرینو حەمە سەعید قەرەداغییەوە •

(٤) میهرەجانی بیرەوەریی مامۆستا گۆران لە ١٩٧٨/١٢/١٥دا کە ئەم ئەدیبانە تیا بەشدار بوون : د • عیززەددین مستەفا ، سەعید ناکام ، کاکەی فەللاح ، کەمال میراودەلی ، مستەفا ساڵح کەریم (بە ناوی لقی سلێمانییەوە) ، هێرۆ گۆران (بە ناوی بنەماڵەی شاعیرەوە) •

(٥) میهرەجانی بیرەوەریی بێکەس لـــە ١٩٧٨/١٢/٢٩دا کە ئـــەم ئەدیبانە بەشداری‌یان تیا کرد : موحەممەدی مەلا کەریم ، عەبدوڵلا عەباس ، حەسیب قەرەداغی ، ئەکرەم قەرەداغی (بە ناوی لقی سلێمانی‌یەوە) ، شێرکۆ بێ‌کەس (بە ناوی بنەماڵەی شاعیرەوە) • ڕەئووف بێ‌گەرد بەشدارانی ئـــەم میهرەجانەی پێشکەش ئەکرد •

(٦) شانۆو شانۆگـــەریی منال ، لەلایـــەن موحەممـــەد حەمەڕەحیم ڕەمەزانەوەو ، کورتە چیرۆکێکی بەیان صەفەدی کە حەمە ڕەشید فەتاح کردبووی بە کوردی لە ١٩٧٩/١/١٩دا • عەبدوڵلا ئاگرین ئەم کۆڕەی پێشکەش کرد •

(٧) سێ چیرۆك و ڕەخنەگرێك لە ١٩٧٩/٢/٩دا • چیرۆك‌نووسەکـــان عەبدوڵلا سەڕاج‌و حەمەکەریم عارف‌و ئەحمـــەد محەمەد ئیســـماعیل بوون • ڕەخنەگرەکەش حەسەن جاف بوو • عەبدوڵلا ئاگرین ئـــەم کۆڕەی پێشکەش کرد •

(٨) هەڵسەنگاندن‌و لێکۆڵینەوەی (جگەر گۆشەکان)ی کاکەی فـــەلاح لەلایەن حەمە ڕەشید فەتاحەوەو ، کورتە باسێ دەربارەی ئەدەبی مناڵان لەلایەن ئازاد عەبدولواحیدەوە لە ١٩٧٩/٢/٢٣دا • حەمە سەعید قەرەداغی ئەم کۆڕەی پێشکەش کرد •

(٩) لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی‌و گیروگرفتی ڕەخنـــەی ئیمڕۆ لەلایـــەن صەباح غالبەوە بە پیاچوونەوەی کەمـــال میراودەلی‌و ، قوتابخانـــەی شی‌کاریی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لەلایەن ئەکرەم قەرەداغی‌یەوە •

(١٠) ئافرەت‌و ڕۆڵی ڕاستەقینەی لە کۆمەڵدا لەلایەن هەڤاڵ کوێستانی‌یەوە بە پێشکەش کردن‌و هەڵسەنگاندنی کەمال میراودەلی‌یەوە لە ١٩٧٩/٣/٩دا •

(١١) میهرەجانی دووەمی شـــیعری کوردی لـــە ٢٩و ١٩٧٩/٣/٣٠دا [بەدرێژی لە لایەکی‌ترا لەم میهرەجانە دواوین] •

وەرزی دووەم :

(١) باسێك دەربارەی ڕێنووسی کوردی لەلایەن ڕەئووف ئالانی‌یـــەوە لە ١٤/٤/١٩٧٩دا •

(٢) وتارێ دەربارەی پەروەردەکردنی منالّ لەلایەن ع•ع• شەونمەوە لە ١٥/٤/١٩٧٩دا کە طاهیر صالّح سەعید پێشکەش‌کەری بوو •

(٣) شەڕو ئاشتی لە شیعری کوردیدا لەلایەن موحەممەدی مەلا کەریمەوە لە ٢٦/٤/١٩٧٩دا کە شێرکۆ بێکەس پێشکەش‌کەری بوو •

(٤) کێ بەرپرسیارە لە کپ‌کردنی دەنگی جەمال نووریی شاعیر ؟ لەلایەن ئەحمەد سەلامەوە لە ٢٩/٤/١٩٧٩دا کە طاهیر صالّح سەعید پێشکەش‌کـەری بوو •

(٥) کرێکار لە چیرۆکی کوردیدا لەلایـــەن ڕەئووف حەسەنەوە لـــە ٣/٥/١٩٧٩دا کە ڕەئووف بێگەرد پێشکەش‌کەری بوو •

(٦) پرۆژەی تێڕوانینێکی نوێ بۆ مۆسیقای شیعری کوردی لەلایـــەن دوکتۆر ئیحسان فوئادەوە ، لـــە ١٠/٥/١٩٧٩دا کـــە کاکـــەی فەلـــلاح پێشکەش‌کەری بوو •

(٧) ڕووناکبیریی وەلی دێوانە لەلایەن موحەممەد ئەمین هەورامانی‌یەوە لە ١٢/٥/١٩٧٩دا ، کە ع•ع• شەونم پێشکەش‌کەری بوو •

(٨) چلەی خوا لێخۆش‌بوو شاعیر أ•ب• هەوری لە ١٧/٥/١٩٧٩دا کە ئەم ئەدیبانە تیا بەشدار بوون : دوکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ (بە نامـــە) ، دوکتۆر مارف خەزنەدار (بە برووسکە) ، مامۆستا شێخ موحەممـــەدی خاڵ ، مامۆستا موحەممەد مستەفا کوردی ، مامۆستا عەبدولقادر قەززاز ، کامیل ژیر ، ع•ح•ب ، حەسیب قەرەداغی (بە ناوی لقی سلێمانی‌یەوە) ، خەلیل موحەممەد

(بە ناوی لقی دهۆکەوە) ، فەرید زامدار (بە ناوی لقی هەولێرەوە) ، حەمە سەعید حەمە کەریم (بە ناوی لیژنەی ڕۆشنبیری بەڕێوە بەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەرەوە) ، شێخ مەجید شێخ جەلال (بە ناوی بنەماڵەی خوا لێخۆش بووەوە)•

وەرزی سێهەم :

(١) یادی پیرەمێردو بیرەوەریی ئەفسەرەکان لەلایەن مستەفا ساڵح کەریمەوەو ، حەسیب قەرەداغیو تاقی کردنەوەی شیعریی لە ١٩/٦/١٩٧٩دا •

(٢) ئیبراهیم خانی دەلۆیی لەلایەن مستەفا نەریمانەوە لە ٣٠/٦/١٩٧٨دا کە کەریم زەند پێشکەش کەری بوو •

(٣) تێڕوانینێکی نوێ بۆ فۆلکلۆری کوردی لەلایەن دوکتۆرە شوکرییە ڕەسووڵەوە لە ٥/٧/١٩٧٩دا کە ئەکرەم قەرەداغی پێشکەش کەری بوو •

(٤) چمکێك لە گەشتەکەی ئەولیا چەلەبی لەلایەن سەعید ناکامەوە لە ١٢/٧/١٩٧٩دا کە صەباح غالب پێشکەش کەری بوو •

(٥) حسەین عارف ڕابەری نوێ خوازییە لە چیرۆکی کوردیدا ، لەلایەن عەبوڵڵا عەباسەوە لە ١٩/٧/١٩٧٩دا کە جیهان عومەر پێشکەش کەری بوو •

(٦) منو شیعری کوردی لەلایەن موحەممەد بەدرییەوە ، لە ٢٦/٧/١٩٧٩دا کە حەسیب قەرەداغی پێشکەش کەری بوو •

چەند کۆڕێکی تریش بەدەستەوەیە کە تا بەستنی کۆنگرەی شەشەم بگیرین • لەمانە دوو کۆڕ بۆ چیرۆك و هەڵسەنگاندنیان ، باسێکی شانۆ ، هێمنو ناڵەی جودایی ، شیعری شاعیرە ئافرەتەکانمانو هەڵسەنگاندنیو چەند کۆڕێکی تری ئەدەبیو ڕۆشنبیری کە لەکاتی خۆیدا هەواڵیان ڕائەگەیەنرێ •

میهرەجانی دووەمی شیعری کوردی

بە چاودێریی پارێزگاری سلێمانی بەڕێز کاك ئەرشەد ئەحمەد موحەممەد لە ڕۆژانی ٢٩ و ١٩٧٩/٣/٣٠دا ، بە بۆنەی جەژنەکانی ئازارو نەورۆزەوە ، یەکێتیی نووسەرانی کورد دووەم میهرەجانی شیعری کوردیی لە شاری سلێمانی سازکرد . سەعات چواری پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە هۆڵی نەقابەی کرێکاران کە بە دروشمی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابووەوە ، جمەی ئەهات لە دانیشتوانا . بەڕێز پارێزگارو نوێنەرانی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو مێوانێکی زۆرو ژمارەیەکی یەکجار زۆرتر ئەدەبدۆست لە لاوو پیرو ژنو پیاو ئامادەبوونو سەدانی تریش لەبەر بێجێگایی لە دەرەوەی هۆڵەکە بەپێوە ڕاوەستابوون بۆ گوێگرتن . دوای ئەوەی بەڕێوەبەرانی ئاهەنگی کردنەوەی میهرەجان کە لە برایان کەمال میراودەلیو ڕەئووف بێگەردو جیهان عومەر پێکهاتبوون ، بەخێرهاتنی میوانەکانیان کرد ، بەڕێز دوکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد وتارێکی بە زمانی کوردی پێشکەش کرد . دوابەدوای ئەو سەرۆکی لقی سلێمانی مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم وتارەکەی دەستەی بەڕێوەبەری بە عەرەبی پێشکەش کرد . ئەمجا شاعیرانی یەکەم ئێوارە دەستیان بە شیعر خوێندنەوە کرد کە ئەم شاعیرانە بوون :

(١) خورشیدە بابان (هەڵەبجە)

(٢) حەمە عەلی مەدهۆش (بەغداد)

(٣) سەبری بۆتانی (دهۆك)

(٤) کەریم شارەزا (هەولێر)

(٥) حەمە ئەمین پێنجوینی (سلێمانی)

(٦) صەلاح شوان (بەغداد)

(٧) طاها مائی (دهۆك)

(٨) جەلال بەرزنجی (هەولێر)

(٩) میرزا موحەممەد ئەمین (سلێمانی)

(١٠) موئەید طەیب (دهۆك)

(١١) حەسیب قەرەداغی (سلێمانی)

بۆ ڕۆژی دووەم لە سەعات دەی سەر لـــە بەیانی دووەم کۆڕێ شیعر خوێندنەوە دەستی پێ کرد کە ئەم شاعیرانە تیا بەشدار بوون :

(١٢) عەلی عەبدوڵلا شەونم (سلێمانی)

(١٣) لەتیف هەڵمەت (کەرکووك)

(١٤) موحسین ئاوارە (هەولێر)

(١٥) جەوهەر کرمانج (هەولێر)

(١٦) ئەژی گۆران (سلێمانی)

(١٧) سەگڤان عەبدولحەکیم (دهۆك)

(١٨) حەمە سەعید قەرەداغی (سلێمانی)

(١٩) هاشم کۆچانی (کەرکووك)

(٢٠) عوثمان شەیدا (سلێمانی)

(٢١) ناصر حەفید (سلێمانی)

(٢٢) داری ساری (بەغداد)

(٢٣) ئەحمەد شوکری (سلێمانی)

سێیەم کۆڕ ، سەعات چواری پاش نیوەڕۆی هەینی ١٩٧٩/٣/٣٠ کرایەوە کە بەڕێز پارێز گاری سلێمانی مامۆستا ئەرشەد ئەحمەد موحەممەدیش تیا بەشدار بوو و ئەم شاعیرانە شیعریان تیا خوێندەوە :

(٢٤) خەلیل موحەممەد (دهۆك)

(٢٥) شێرکۆ بێ کەس (سلێمانی)

(٢٦) نەژاد عەزیز سورمێ (هەولێر)

(٢٧) کاکەی فەللاح (سلێمانی)

(٢٨) حەمەئەمین کاردۆخی (سلێمانی)

(٢٩) سەعدوڵڵا پەرۆش (هەولێر)

(٣٠) عەبدولڕەحمان مزووری (دهۆك)

(٣١) موحەممەد شێخ حوسەین بەرزنجي (سلێمانی)

(٣٢) موحەممەد بەدری (بەغداد)

(٣٣) هەڤاڵ کوێستانی (سلێمانی)

(٣٤) عەبدولکەریم دەشتی (هەولێر)

(٣٥) خەبات عارف (سلێمانی)

(٣٦) موحەممەدی مەلا کەریم (بەغداد)

لەدوای تەواوبوونی میهرەجـــان دوکتۆر عیزەددین مســـتەفا وشـەی ماڵئاوایی‌و سوپاسی پێشـــکەش کرد • ئەمجا هەموو شـاعیرە بەشدارەکـانو دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی لەسەر بانگ‌کردنی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی کە خوانی ئێوارەی بۆ ڕازاندبوونەوە ، بەرەو ئوتێلی ئاشتی ڕۆیشتن •

شایانی وتنە هەر لە دانیشتنی یەکەمی میهرەجانەکەدا مامۆستا موحەممەدی مەلا کەریم بەناوی دەستەی بەڕێوەبەرو دانیشتوانەوە تەلگرافێکی خوێندەوە کە بۆ بەڕێزان سەرکۆمارو جێ‌نشینی ســـەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایـــەتیی شۆڕش نێررابوو •

ئەوەشمان لەیادبێ کەوا دەستەی بەڕێوەبەری لقی یەکێتی لە سلێمانی بـە گیانی لەخۆبوردنەوە بۆ ئامادەکردنی ئەم میهرەجانە هەڵسووڕانو ماندووبوونو میهرەجانەکەیان بەشێوەیەکی پڕ شانو شکۆ بەرپا کرد •

هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری ی ٠٠ ن ٠٠ ك لقـــی ســـلێمانـــی

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/١٥ ، بەپێی نامـــەی ژمارە ٩٨٦٤ی ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/١٠ی پارێزگای سلێمانیو بە ئامادەبوونی حاکم مامۆستا جەمـال شەریف حسێنو سەرۆکی یـەکێتیی نووســەرانی کورد دوکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسووڵو نوێنەری ئاسایشو نوێنەری پارێزگارێتیی سلێمانی ، لـــە بارەگای یەکێتیدا لە سلێمانی ، دەستەی بەڕێوەبەری لق هەڵبژێرران‌و لـــە سەرجەمی ٦٥ ئەندام ٥٧ ئەندام لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون ٠

لەم هەڵبژاردنەدا ئەم برادەرانە خۆیان بۆ ئەندامێتیی دەستەی بەڕێوەبەری لق دیاری‌کرد :

ڕەئووف بێگەرد ، حەسیب قەرەداغی ، مســـتەفا ساڵح کەریم ، عەلی عەبدوڵلا شەونم ، موحەممەد موحەممەد ئەمین قادر (کاکەی فەللاح) ، حەمـــە ڕەشید فەتاح ، فوئاد قەرەداغي ، ساجید ئاوارە ، عەبدوڵلا عەزیز ئاگریـــن ، ئەحمەد سالار ، صەباح غالب ، موحەممەد ئەمـــین کاردۆخـــی ، ئـەحمـەد شوکری ، ئەکرەم قەرەداغی ، طاهیر صاڵح سەعید ، جیهان عومەر ، ســـەلام مەنمی ، ڕەشید هەورامی ، عەبدوڵلا میدیا ، حەمە سەعید حەسەن قەرەداغی ، کەمال ڕەئووف ، موحەممەد حەمە باقی ٠

لەئەنجامی هەڵبژاردن‌و دەنگ‌داندا دەرکەوت دەنگەکان بەمجۆرە دابەش بوون :

حەسیب قەرەداغی (٣٦ دەنگ) ، مستەفا ساڵح کەریم (٣٤ دەنگ) ، صەباح غالب (٣٤ دەنگ) ، ئەکرەم قەرەداغی (٣٢ دەنگ) ، طاهیر صاڵح سەعید (٣٢ دەنگ) ، ڕەئووف بێگەرد (٣١ دەنگ) ، جیهان عومەر (٢٨ دەنـــگ) ، عەبدوڵلا عەزیز ئاگرین (٢٥ دەنگ) ، حەمە ڕەشید فەتاح (٢٥ دەنگ) ، فوئاد قەرەداغی (٢٤ دەنگ) ، کاکەی فەللاح (٢٤ دەنگ) ، عەلی عەبدوڵلا شەونـــم (٢٤ دەنگ) ، ئەحمەد سالار (٢٣ دەنگ) ، ڕەشید هەورامی (٢٣ دەنگ) ، ساجید ئاوارە (٢٢ دەنگ) ، سەلام مەنمی (٢١ دەنگ) ، موحەممەد حەمە باقی (٢١ دەنگ) ، حەمە سەعید قەرەداغی (١٦ دەنگ) ، عەبدوڵلا میدیـــا (١٤ دەنگ) ، ئەحمەد شوکری (٨ دەنگ) ، موحەممەد ئەمین کاردۆخی (٦ دەنگ) ، کەمال ڕەئووف (٦ دەنگ) ٠

پاش خوێندنەوەی ناوەکانو ژماردنی دەنگەکان دەرکەوت مامۆستایـــان حەسیب قەرەداغیو مستەفا سالح کەریمو صەباح غالبو ئەکرەم قەرەداغیو طاهیر صالح سەعیدو رەئووف بێگەردو جیهان عومەرو عەبدوللا ئاگرینو حەمە ڕەشید فەتاح بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبـــەرو ، مامۆستایــــــان کاکەی فەللاحو عەلی عەبدوللا شەونمو فوئاد قەرەداغییش یەکی ٢٤ دەنگیان هێناوە ، جا لەبەرئەوە کە کەسیان خۆی نەکێشایەوە تا ئەو دوانەکەیان ببن بە ئەندامی تەنگانە ، دەویان بۆ کراو لەئەنجامدا کاکەی فەلاحو فوئاد قەرەداغی بوون بە ئەندامی تەنگانە ٠

هەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر کۆبوونەوەو کاریان بەم جۆرە لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد :

١ ــ مستەفا سالح کەریم (سەرۆك) ٠

٢ ــ حەسیب قەرەداغی (جێگری سەرۆك) ٠

٣ ــ ئەکرەم قەرەداغي (سکرتێری بەڕێوەبەرێتی) ٠

٤ ــ حەمە ڕەشید فەتاح (سکرتێری کولتووری) ٠

٥ ــ صەباح غالب (ژمێریار) ٠

٦ ــ ڕەئووف بێگەرد (ئەندام) ٠

٧ ــ طاهیر صالح سەعید (ئەندام) ٠

٨ ــ جیهان عومەر (ئەندام) ٠

(٩)ــ عەبدوللا ئاگرین (ئەندام) ٠

لە ١٩٧٩/٤/٥یشدا بەپێی پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی مامۆستا کاکـەی فەللاح لەجێی مامۆستا حەمە ڕەشید فەتـاح هاتە دەســــتەی بەڕێوەبەرەوەو مامۆستا طاهیر صالح سەعیدیش هەڵبژێررا بە سکرتێری کولتووری ٠

پێرست

لەبارەی پیەسەکانمەوە : ناظم حیکمەت [وەرگێڕ ـ شوکور مستەفا] ٣
خوسرەوی گوڵسورخی : ئەنوەر قادر محەمەد (وەرگێڕان‌و ئامادەکردن) ٣٠
چراوگ : غەسسان کەنەفانی [وەرگێڕ ـ شێرکۆ بێکەس] ٤٦
پێداچوونەوەی هەندێ بیروڕا لە دەوروبەری ڕێنووسی کوردی‌و یەکخستنیەوە : محمدی مەلا کریم ٦٧
تەرزە (شیعر) : ئازاد دڵزار ٧٤
دەستنووسی بەرصیصی عابید : عبدالرقیب یوسف ٧٨
چەند پێناسینەك (شیعر) : عبدالرحمن مزووری ٨٦
بەسەرهاتی سەرە براوەکە : موحەممەد بەرپادەی مەغریبی [وەرگێڕ ـ حسێن عوسمان] ٩٠
چەند واتەو وانەیەکی ورشەدار (شیعر) : مەدحەت بێخەو ٩٨
باران (چیرۆك) : سەلام مەنمی ١٠٠
وردە هۆرە (شیعر) : جەمال نووری ١٠٤
هەڵوێستێك لە سێ وێنەدا (چیرۆك) : محمد نوری توفیق ١٠٦
شیرین بشنەو (شیعر) : محمد بەدری ١١٠
بیرکردنتان هەر ڕێیەکەو نابێ بە دوو (شیعر) : فریاد فازیل ١١٥
دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرەی ی • ن • ك ١١٨
چالاکیی کولتووریی لقی ی • ن • ك لە سلێمانی لە وەرزی ١٩٧٨ ـ ١٩٧٩یدا ١١٩
میهرەجانی دووەمی شیعری کوردی ١٢٣
هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری ی • ن • ك لقی سلێمانی ١٢٦

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٧٩ی دراوەتێ